# ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی

# کوردی ڕەواندز

نووسینی

ئی. ئار. لیچ

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە
عەزیز گەردی



CamScanner

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێران

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب:ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕەواندز
- ناوی نووسەر: ئی. ئار. لیچ
- وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە:عەزیز گەردی
- بابەت: کۆمەڵایەتی
- تایپ: ئیدریس شەیداهۆ
- نەخشەسازی کۆمپیوتەر: نازەنین ساڵح
- نەخشەسازی بەرگ: نازەنین ساڵح
- زنجیرە:٨٩
- تیراژ:١٠٠٠
- ژمارەی( ١١ )ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.
- چاپ: چاپخانەی ڕوون

# ناوەرۆك

بابەت

## بەشی یەکەم:

پێناسەی کێشەکە.......................................

پێشەکی – سەرنجی سەرەتایی لەبارەی ناوی کوردییەوە–
مەیدانی لێکۆڵینەوەکە – ڕێبازی شیکردنەوە–
بەڕێوەبەرایەتی دەرەکی.

## بەشی دووەم:

ڕەوشی کۆمەلایەتی.......................................

پێکهاتەی سیاسی – پێناسەی توخمەکان – میراتگریی
زەویداری – ئاغای بەرەباب – ئاغای هۆز – پێکهاتەی
خزمایەتی – زەماوەندی ڕەشەوەندی خەلك – زەماوەندی ئاغاکان –
بەراوردێك لەگەل تێبینییەکانی (های)– خالەکانی شیکردنەوە
لێکۆلینەوەی زیاتریان بەددەمەودیە – ڕەوشی کۆمەلایەتی:
ناوچەکانی تری جگەلە بالەك – کۆچەر.

## بەشی سێیەم:

ڕەوشی ئابووری.......................................

دیودخانە – خەرجیی ئاغا – هاوسەنگیی ئابووری جڤاتی گوند
–ئەنجامەکانی زیادبوونی تووتن چاندن – پەیوەندییەکانی

ئابووری لەچوارچێوەی دێدا – پیشە – مامڵەتچی – فرۆشتنی تووتن – زەماوەند – مردن – مەلا.

## بەشی چوارەم:

لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەکنیکی کوردی............
پەیوەندی تەکنۆلۆجیا بەلێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیەوە – کەمی زەوی و دروست کردنی خانوو و خزمایەتی – زەوی کێڵان – دەغڵ کوتان – سوود وەرگرتن لەزەوی – برنج – ئاش – جۆلایی.

## بەشی پێنجەم:

هۆکارەکانی بایەخی ئابووری بچووک....................
جەنگ – دوژمنداریی – رەوشی ئایینی – مەلا – مزگەوت

## بەشی شەشەم:

ئەنجام...................................
سنووربەندەکانی بابەتی پێشەوە – بەشداریی چالاکانە
پاشکۆ:....................................................
یەکەم: خشتەی زاراوەی خزمایەتی
دووەم: هێلکاریی تەکنیکی
جۆلایی کوردی – ئاشی کوردی
نەخشەکان:
لیوای هەولێر – ناوچەی رواندز – گوندی ودلاش
وێنە فۆتۆگرافییەکان

# لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی

مەبەست لەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیە بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی مەیدانییە بەجۆرێ کەپسپۆڕەکان سوودی سەرەتایی لێ وەربگرن.

قازانجی من لەم زنجیرەیە دەخرێتە سەر ئەو دەسمایە خولاوەی بۆ یارمەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی تر تەرخان دەکرێ.

زنجیرەکە لەژێر چاوەدێری دەستەیەکی نووسیندایە کەسەر بە(بەشی ئەنترۆپۆلۆجیای قوتابخانەی نابووی لەندەن)ەو پرۆفیسۆر برۆنیسلاڤ مالینۆڤسکی سەرۆکایەتی دەکات.

CamScanner

# بەشی یەکەم

# پێناسەی کێشەکە

## پێشەکی:

ئەم باسەی خوارەوە لەسەر کێومالێکی مەیدانیی پێنج حەفتەیی کراوە کەهاوینی ١٩٣٨ ئەنجام دراوە. نیاز وابوو دوای ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی چڕی دوازدە مانگیی لەبارەی یەک تاکە شوێن بەدوادابێ. وەرچەخانە سیاسییەکانی ئەوروپا بوونە هۆی ئەوە پرۆژەکە ئەوسا کاری کردەنی نەبێ و بۆ ئێستاش جارێ بەرنامەکە خراوەتە لاوە.

بەرامبەر بەو ئاسانکارییەی لەعیراق بۆیان کردم، بەڕاستی قەرزاری ئەمانەم: جەنابی سی. جێی ئەدمۆنزی راوێژکاری حکوومەتی عیراق، کاپتن ڤیڤیان هۆڵتی سکرتێری رۆژهەڵات لەبالیۆزخانەی بەریتانیا لەبەغدا، جەنابی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی موتەسەرڕیفی هەولێر کەئەم لێکۆڵینەوەیە لەلیواکەی ئەم دا جێبەجێکراوە.



CamScanner

بڵاوکردنــــەوەی زانیــــاری مەیلـــەو ڕووکــــەش لـــەم لێکۆڵینەوەیــەدا بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کــەهیچ کەرەســتەی دەقاودەق وەکوو ئەمە لەشوێنێیتردا نەهاتووە. دەشێ شێوەی ڕێکخستنی باری کۆمەڵایەتی کورد، وەکوو لێرەدا باسکراوە، نموونەیەکی پڕ بەپێستی خۆی بێ بۆ ژمارەیەکی زۆری ئەو گەلـــە محەمەدیانـــەی (موســـڵمانانەی .. و) بەناوچـــە شاخاوییەکانی ڕۆژاوای ئاسیادا بڵاوبوونەتەوە. حاڵی حازر کەرەستەیەکی زۆر کەمی ئەتنۆگرافی لەبارەی ئەم جۆرە گەلانە لەبەردەستدایە. هەرچۆنێ بێ، کەدەڵێین شێوەی کۆمەڵی کوردەواری نموونەیەکە، ئەمە تەنیا وەکوو گریمانە پێشکەش دەکەین و دەشێ ئەمە لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەی فراوانتر هەموار بکرێ.

ئـەوەی پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بەمـەوە هـەبێ ئەمەیـە: بێگومـان بەگشـتی پەیوەندییـەکی پتـەو لـەنێوان شـێوە کۆمەڵایەتییـەکانی کـوردو ئەوانـەی عەرەبسـتان هەیـە. ئـەم ڕاستییە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە کورد لەڕووی زمانـەوە لەکۆمەڵـەی (ئـاری)ن، نـەک (سـامی). هەڵبـەت بەرهەمێکی گەلێ زۆر لەبارەی (دابونەریت)ی کۆمەڵە کۆچەرو سامییە جیاجیاکان لەبەردەستدایە. هەندێ لەو بەرهەمانە نرخی زانستییان هەر زۆر بەرزە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا جەخت لەسەر ئەوە کراوە کەتۆمارێکی مێژوویی ئەتنۆگرافی ڕاستەقینە دروست بکەن زیاتر لەوەی کەلەهیچ دەستەو تاقمێکی تایبەتی بکۆڵنەوە وەکوو جڤاتێک کە حاڵی حازر



CS CamScanner

ئەرکی وجوودی خۆی بەجێ بێنێ. هەندێ لەوانەی لەم بارەیەوە نووسیویانە ئەمانەن: جاوسن(١)، موسڵ، لێن، دراوەرو موریێ. بەرهەمەکانی ئەمانە هەرچەندە زۆر دوورو درێژن. بەڵام بەپێی پێوەری نوێ، تارادەیەك وشكو بێگیانن، چونكە هەر تەنیا باسی نموونەی نەریتی ژیاریی (كولتووری) جیاجیا دەكەن بێ ئەوەی وەكوو دەستوورێك، بایەخی كۆمەڵایەتییان دەربخەن، یان تێكچڕژانی بنچینەیی نێوانیان پیشان بدەن. لێكۆڵینەوەكانی پێشووی سۆربەرستن — سمیس و فریزەر ویستەمارك لەرووی خاسیەتەوە بەتەواوی پێكهاتەیین و هیچ وێنەیەكی راستەقینەی ئەرك بەجێهێنانی هیچ تاكە كۆمەڵێكیان تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بەرهەمانە تا ئێستاش لەهاوبەشیی كردنی داڕشتنی بیردۆزەی ئەنترۆپۆلۆجیدا بایەخی سەرەكییان هەیە. هەندێ لێكۆڵینەوەی گرنگ لەبارەی چەند لایەنێكی تایبەتی ژیاریی سامی هەن، بەتایبەتی ئەوەی خاتوو سێلیگمان (٢) لەبارەی خزمایەتی و ئەوەی گرانكفیست لەبارەی زەماوەند. ئەمەی دواوەیان ئەوەندە زانیاری بەڵگەنامەیی فرەی لەبارەی شوێنی ئێستای ئافرەت تێدایە لەكۆمەڵی محەمەدیدا (موسڵمانیدا — و) كە بۆ ئێستا نموونەی وەكو خۆی نییە، بەڵام هێشتا پێویستمان بەلێكۆڵینەوەیەكی رێكوپێكی وا هەیە كەلەبارەی یەك تاكە ناوچەوە كرابێ. لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان كەرەستەی ئەزموونكاری لەبارمان لەبەر دەستدا نییە، ئەم لێكۆڵینەوەیەی ئێستامان بەچاكی ئەو كەلەبەرە پڕ ناكاتەوە، بەڵام ئەوەندە

هەیە بۆ یەکەم جار ئامارەیەك بەدەستەوە دەدا لەبارەی دەستەو تاقمێکی جێوار کە تێکەڵاویی خزمایەتییان نموونەییە کە بۆ خزمایەتی سامی. هیوادارم لایەنی وردەکاریی ئەم لێکۆڵینەوەیەی من بەتوێژینەوەی زیاترو بەدوورو درێژی پڕ بکرێتەوە.

ئەو کەرەستە بەڵگەییانەی ئێستا لەبارەی کوردو کوردستانەوە هەن، تارادەیەك کزو لاوازن. زۆربەیان گەشتانەمەن و گیانی رۆمانتیکیانەیان بەبەردا کراوە، لەوانە، ناونیشانی کتێبەکەی میلینگن: ژیانێکی سەخت لەناو کوردا، ئامارەیەکی باشە بۆ ناوەرۆکەکەی. پەیڕەوکاریی رۆمانتیکی هێشتا بەڕووکەشی هەر ماوە. بۆ نموونە، کتێبەکەی گی. جێی. میولەر: چوونە کوردستانی داخراو، کەسالی ١٩٣٧ بڵاوکراوەتەوە.

بەگشتی، کەرەستەی رەسەنی ئەتنۆگراف کەم لەبارەی ناوچەی باشووری کوردی لەبەردەستدایە، هەرچەندە کتێبەکەی هێلمۆت کریستۆف: کوردو ئەرمەن، کەلەبارەی ناوچەی تورکی لای باکوورە، جۆرە پەیوەندییەکی بەمەوە هەیە. کتێبەکەی: ڤی.ئێف. مینۆرسکی: کورد: سەرنج و تێبینی، کەسالی ١٩١٥ بەرووسی بڵاوکراوەتەوە. لەو باوەڕەدام هەندێ ئامارەی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە کەمان تێدا هەیە، بەلام من ئەمەم دەست نەکەوت.

تەنیا دوو کتێب لەبارەی ناوچەی ڕواندز خۆیەوە هەن کەبەگشتی دەست دەکەون: کتێبەکەی ئی. ئێم. هاملتن:



CamScanner

ڕێگایەك بەكوردستاندا، باسێكی زۆر چاك و بەسوودە لەبارەی دروستكرنی ڕێگای ستراتیجی ئۆتومبێل بۆ ڕواندزو بەولاترەوە تا سەرسنوور، هەروەها كتێبەكەی دەبلیو. ئار. هێی: دوو ساڵ لەكوردستاندا. ئەمەی دواوەیان بەوردی مامەڵە لەگەڵ هەمان ناوچەو هەمان كەسەكانی بابەتی ئەم لێكۆڵینەوەیە دەكات. من لەمەودوا زۆر جار ئاماژەی بۆ دەكەم، چ بەرەخنە لێگرتن بێ و چ بۆ دابینكرنی بەڵگەی پشتگیری بێ. دەتوانین سیمای ناوچەیی زیاتر لەكتێبەكەی دەبلیو . ئێی. ویگرام: لانكی مرۆڤایەتی وەربگرین، كەمامەڵە لەگەڵ ناوچەیەكی درواسێی دەكات نەختێ بەلای باكووری ڕۆژاواوە، مەیلی ئایینی نووسەرەكە بۆ لای جڤاتی ئاشووری (گاوری)، وای كردووە. لەزۆر لەحوكمەكانیدا لایەنگیرییەكی زەقی پێوە دیارە.

من لەم لێكۆڵینەوەیەمدا دووبارەی دەكەمەوە كەبێگومان لێكۆڵینەوەی زیاتر، لەزۆر وردەكاری، بۆچوونەكانی من ڕاست دەكاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕوام وایە پەیوەندیی تێكچڕژاوی گشتیی ڕەگەزەكانی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی شتێكی دروستەو لەهەمان كاتدا دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ كارلێكردنی پتەوی هۆكارەكانی خزمایەتی و سیاسی و ئابوری ڕابكێشم لەو دەستەو تاقمانەی لێكۆڵینەكە دەیانگرێتەوە.

## سەرنجی سەرەتایی لەبارەی ناوی کوردییەوە:

کوردی ئاسایی یەك ناوی هەیە، ئەویش لەگەڵ لەدایکبوونی لێی دەنرێ. ئەمانەی خوارەوە نموونەی هەندێ ناون: جەلال، عەلی، مستەفا، حەمەد (محەمەد)، ئەمین، کەریم. ئەگەر پێویست بەوە بکا وردتر بێ، ناوی گوندەکەی خۆیشی دەدا. دەبینین ئەو کوردە رۆشنبیرانەی پەیوەندی هۆزایەتیان نەماوە، بەزۆری ناوی گوندەکەیان دەکەن بەنازناو. دیلماجەکەی من بەخۆی دەگوت: کەریم باخانی ـ باخانی زێدی خۆی بوو. ئەم جۆرە بەکاربردنەی ناوی گوند لەناو هۆزەکانا شتێکی پێویست نییە.

پاشان بەدرێژی گفتوگۆ لەسەر نازناوی (ئاغا) دەکەین ـ وشەکە بەئاسایی بەوشەی (سەرۆك) تەرجوومە دەکرێو بەزەویدارەکانی گوندەکان و خزمە نیزینە نزیکەکانیان دەگوترێ. وشەی ئاغا وەکوو نازناو لەدوای ناوەوە دێ، بەم شێوەیە: عەلی ئاغا (عەلیاغا)، حەمەدەمین ئاغا (حەمەدەميناغا). بۆئەوەی وردتریش بێ، ناوی گوندەکەی دەخرێتە بان، بەم شێوەیە: حەدەميناغای ناو پردان.

نازناوی (بەگ)یش هەروەکوو ئەمە وایە. راستیی ئەمە نازناوێکی تورکییە، بەڵام هەندێ کورد بەکاری دێنن. خەڵکە سۆرانییەکەی دەرگەڵە بەخۆیان یێژن: بەگزادە. سەبارەت بەوەی سەرۆکەکانیان خۆیان بەنەوەی میرەکانی پێشووی

رواندز دادەنێن، کە لەسەدەی ۱۷ /۱۸ دا (۳) میرنشینێکی سەربەخۆیان دامەزراند. وا دیارە بەکارهێنانی وشەی (بەگ) لەناو سۆرانان وەکوو (ئاغا) وایە لەشوێنی تر. جا بۆ ئەوەی تووشی ئاڵۆسکان نەبین، من بەوشەی (ئاغا) ئاماژە بۆ میر حەمەدەمینی سەرۆکی دەرگەڵە دەکەم، نەك بە(میران)، یان (بەگ) وەکوو بەئاسایی وای پێ دەگوترێ.

(میر)یش هەر بەو جۆرە نازناوێکی تورکییە، بەهەندێ کەسی خانەدان دەگوترێ. بۆ نموونە،

ئاغای روست میر سەدیقاغایەو زۆرجار نازناوەکەی بۆ نەوەکانی سەرانی وەلاش بەکاردێ.

نازناوی (شێخ) لێرە وەکوو عەرەبستان بەکار نایە. لێرە سەرۆکی هۆز ناگەیەنێ، بەئاسایی تەنیا بۆ پێشەواکانی ئایینی بەکاردێ. بۆنموونە، شێخ عەلائەدینی خەلان، کەپێشەوای رێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندییە. ناوەکە زۆرجاریش هەروەکوو ناوێکی ئاسایی بەکاردێ. شێخ محەمەداغای وەلاش خۆی پێشەوای ئایینی نییە، کەلەدایك بووە ناوی لێنراوە شێخ محەمەدو بەناوی خزمێکی خۆی کراوە کەکاتی خۆی شێخێکی راستەقینە بووە.

(مەلا) پیاوی ئایینی گوندە. پاشان باسی ئەرکە وردەکانی دەکەین. وشەکە وەکوو نازناو لەپێش ناوەوە دێ: بەم جۆرە: مەلا محەمەد.

(حاجی) نازناوێکی محەمەدییە (ئیسلامییە – و) بۆ ئەوانەی زیارەتی مەککەیان کردووە. لەبەرئەوەی کەم کورد ئەم

سەفەرەیان بەنسیب دەبێ ، ئەوەی ئەم نازناوەی هەبێ پێی خۆشە هەر بەوەوە بانگی بکەن. نازناوی تەواوی عەلیاغای ڕایات بەم جۆرەیە: حاجی عەلیاغاو هەندێ جار هەر تەنیا بەحاجی ناودەبرێو بەس. برازای حەمەدەمینی ناوپردانیش حەجی کردبوو و من هەرگیز گوێم لێ نەبوو لەحاجی بەولاوە بەهیچ شتێ بانگی بکەن.

نازناوی (سەیید) بۆ نەوەی پێغەمبەر بەکاردێ. ئەوەی ئەم نازناوەی هەبێ هەقی هەیە چەفتەیەکی سەوز ببەستێ، بەڵام لەوانەیە لەزۆر حاڵەتدا نەسەبەکە شتێکی خەیاڵی بێ. بەهەرحاڵ، ئەو سەیدانەی من دیمن هەموو دیمانەیەکی کوردانەی پەتییان پێوە دیاربوو. لەناوچەی باڵەکایەتی، تاکە کەسانێك کە ئەم شەرەفە بەخۆیان ڕەوا دەبینن دوو شێخەکەی خەلان و زینوێن – عەلاوەدین و عوبێدولای مامی.

(ئەفەندی) زاراوەیەکی تورکییە، بەزۆری بۆ خانەدانەکانی شار بەکاردێ کەبەندیواریی هۆزەکییان نییەو ناشێ وشەی (ئاغا)یان بۆ بەکاربێ. بەم جۆرە: مستەفا فەندی خانەدانی هەرە گەورەی ڕواندز. ئەم نازناوە، هەر بەم جۆرە، بۆ ڕۆشنبیرانیش بەکاردێ. دیلماجەکەی من لەهەموو شوێنێ بەکەریمەفەندی ناسرابوو.

(حەکیم)، کە (دکتۆری عەرەبییە)، تەنیا بۆ بێگانان بەکاردێ. من خۆم دوای ئەوەی بەتوندی ڕەتم کردەوە (لۆرد) یان (مێجەر)م پێ بڵێن، ئەم نازناوەم وەرگرت.



CamScanner

# مەیدانیی لێکۆڵینەوەکە:

مەیدانیی لێکۆڵینەوەکە لەسەر دوو نەخشەکەی کۆتایی ئەم کتێبە پیشان دراوە. ئەستەم بوو، بەهێلی یەکرەنگی، بتوانین سنوورەکانی ناوچەکە زۆر بەدروستی پێشان بدەین، بەرزاییەکانیش تەنیا بەژمارە پێشان دراون. ناوچەکە کەوتۆتە کەرتی (I 38) و (J38) ی نەخشەی نێونەتەوەیی جیهانی (ڕێژەی، ١: ١٠٠٠٠٠٠) کەچی ناوچەی ڕواندز لەسەر کەرتی (ID) دەردەکەوێ بەچوار میل بۆ یەك گرێ لەنەخشەی نووسینگەی جەنگیی عیراق و ئیران و تورکیا لەئاسیا.

نەخشەی (١)، کەسەراپای لیوای هەولێری کوردستانی عیراق پێشان دەدا، دابەشی سێ ناوچە دەبێ: (A)، (B)، (C). ئەمانە بایەخی ئەتنۆگرافی و جوگرافی خۆیان هەیە.

## (A) ڕواندز:

ئەم ناوچەیە مەیدانی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەیە و لەسەرنەخشەی ژمارە (٢) دا بەگەورەکراوی پێشان دراوە.

پێش دروستکردنی ڕێگای ئۆتۆمبێل، واتە دەوری دە ساڵێك لەمەوبەر، ئەم ناوچەیە بەتەواوی دوورە دەست بوو. لەڕاستیدا، ناوچەکە یەك تاکە ڕێگای بۆ دەچوو، ئەویش ڕێگای کاروانی ئیستران بوو و هەمیشە لەبەر پەلاماری جەردەو ڕێگراندا بوو. ڕێگاکە بەلێواری گەلیی هەڵدێری

ڕواندزدا(٤) دەڕۆیشت. ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی تەواو شاخاوییە. ڕواندز خۆی دەوری (٣٠٠٠) پێ لەسەرەوەی ئاستی دەریایەو لووتکەکانی سەر سنووری ئێران بەرزاییان لە(١٢٠٠٠) پێ زیاترە. ئەم ناوچەیە فێنك و پڕ ئاوە، تەواو پێچەوانەی دەشتە ڕووتەکانی ناوزێیانە (میزۆپۆتامیا)یە. بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بەشێکی کەمی زەوییەکەی بەکەڵکی کشتوکاڵ دێت و لەبەر ڕکیی تەلانەکان ڕێبازی تازەی کشتوکاڵ کردنی لێ بەکار نایە. گوندەکان، وەکوو لەنەخشەی ژمارە (٢) دا دەردەکەوێ، بەزۆری کەوتوونەتە ناو دۆڵان.

سەراپای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گوندی دەرگەڵە بەدرێژایی زستان بەفر داپۆشیوە، هەرچەندە ناوچەکە پێش جەنگ (جەنگی یەکەمی جیهانی – و) بەناو لەژێر دەسەڵاتی تورکییدا بوو. بەڵام سەرکردە کوردەکانی ناوچەکە سەربەخۆیی خۆیان هەبوو. دوای جەنگ، ناوچەکە خرایە سەر ناوچەی ئینتیدابی عیراق. ئەو سیاسەتەی بەڕێوەبەرایەتی بەریتانیا پەیڕەوی دەکردو ئەنجامە سیاسییە ڕاستەوخۆکانی لەلایەن (های)ەوە باس کراوە. زۆر بەکورتی دەتوانین بڵێین دوای چەند هەڵەیەکی بچووك کەبەداخەوە حکوومەت (پشتی پیاوە خراپەکە)ی گرت، ئاخیری بەڕێوەبەرایەتی ئارامییەکی ڕێژەیی بەوە مسۆگەر کرد

کە مووچەیەکی زۆری بۆ سەرکردە گەورەکان بڕییەوە بەو مەرجەی خۆیان چاك بکەن. پاشان باسی ئەنجامە ئابوورییەکانی ئەم کارە دەکەین. دوای نەمانی ئینتیداب، یان ڕەنگە زووتریش، دەسەڵاتدارانی بەغدا بڕیاریان دا سیاسەتێکی چالاکتری (ئارام کردنەوە) پەیڕەو بکەن. ڕێگایەکی ستراتیجی (٥) بەناو شاخان دروست کرا. لەهەولێرەوە بۆ ڕواندزو لەوێوەش بەردەوام بوو تا سەر سنووری ئێران. ئۆردوویەکی سەربازیی گەورە لە ڕواندز کرایەوە لەگەڵ بنکەی وردیلەی پۆلیس لەرایات و گەلاڵە. ئەنجامە سیاسی و ئابوورییەکانی دروست کردنی ئەم ڕێگایە زۆر گەورەن و پاشان زیاتر بەدووروودرێژی لێیان دەدوێین.

**بەکورتی: سیما جیاکەرەوەکانی ناوچەی (A) ئەمانەن:**

کەمیی سەرچاوەی سروشتیی، سەختیی و تووشیی زستان. تا بەم دواییەش، ئەوپەڕی ئاستەنگی هات‌وچۆی نێوان دۆڵەکان. ئەو ڕاستییەش هەیە کەئەم جۆرە (لێك هەڵوەشانەوە هۆزەکییە)ی ئەمڕۆ لەئارادایە، بنچینەیەکی زۆر تازەی هەیەو بەشی هەرەزۆری بۆ دروست کرانی ڕێگاکەو دامەزراندنی دەسەڵاتی بەردەوامی پۆلیس دەگەڕێتەوە لەدۆڵی رایات.



CamScanner

## (B) ناوچەی گردۆلکەکان:

ئەم ناوچەیە نزیکەی لەگەڵ ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی شەقڵاوە یەك دەگرێتەوەو بەزنجیرە شاخێك لەناوچەی (A) دادەبڕێ‌و پێدا تێپەڕینی نزیکەی کارێکی ئەستەمە. لەلایەکی‌تریشەوە، لەباشوورەوە وردە وردە خۆی لەگەڵ ناوچەی پێدەشتی (C) لێك دەدا. کەواتە، لایەنی جوگرافی هۆی سەرەکییە کەدانیشتوانی ناوچەی (B)، هەرچەندە رەنگە بنچینەی ژیارییان وەکوو ئەوانەی ناوچەی (C) بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندەها ساڵە پەیوەندییان بەجیهانی عەرەبی‌و کاریگەریی بەرزی رۆژئاواییەوە بەگشتی نزیکترە. حاڵی حازر، هۆزەکانی ئەم ناوچەیە ئیتر ئەرکی قەوارەیەکی سیاسی نابینن. سەرپای ناوچەکەش. بەمانای راستەقینە، پۆلیس بەڕێوەی دەبا. لەباسەکەی (هـای) (١٩٢٠)دا، وادەردەکەوێ کەتەنانەت لەسەردەمی ئەمیشا، بارودۆخەکان لەیەك دەچوون. ئەگەرچی بێگومان کردەوەی لێك هەڵوەشانەکە لەم بەینەدا خەستتر بووە. بۆی هەیە سەرچاوە نابوورییە متەکانی ئەم قەزایە زۆر لەهی ناوچەی (A) زیاتر بێ. ئەویش سەبارەت بەوەی کەئاوو هەوای فێنکەو پارچە زەویی کشتوکاڵی زیاترە. کۆچ‌و ڕەوو وەرچەرخانی دانیشتوانی ئاسووری (گاور) لەبەر قڕان‌و چەوسانەوەی ئایینی جۆراوجۆر کەهەر

لەسەردەمی جەنگەوە (جەنگی یەکەمی جیهانی – و) ڕوویان داوە، کاری گەورەیان کردۆتە سەر ئابووری ناوچەکە. کاتی خۆی دەستەو تاقمی ئاسوورییەکان بەسەر گوندەکان دابەش کرابوون. بەزۆریش لەهەرێمی باکووری رۆژئاوای ناوچەی (A) دابوون. لەوەدەکا، سەرەڕای بەرگریی (ویگرام)و هی‌تر، کاتی خۆی جگە لەجیاوازی ئایینی، نەختێ جیاوازیی ژیاریو ڕەگەزیش (ئیتنی) لەنێوان ئاسووری و کوردا هەبووبێ. جیاوازییەکە لەهەل‌ومەرجی ئێستادا زۆر زەقترە.

چەوساندنەوەی ئایینی‌و چاودێریی ئەوپەڕی سۆزداریی گاورە ئەوروپییەکان کاریگەرییەکی دووچەندانی هەبووە کەئەو ئاسووریانەی ئێستا لەناوچەکەدا ماون، لەلایەکەوە لەئاوایی داخراودا خڕبوونەتەوەو لەلایەکی‌تریشەوە بەخێراییی پەیڕەوی رۆشنبیری هەرە باڵای رۆژئاوایی‌و دەستکەوتە تەکنیکییەکانی دەکەن. ئاواییەکی ئاوا لەباتاس هەیەو دیارە سەبارەت بەپێشکەوتنی زانستی تووتن چاندن لەخۆشگوزەرانییەکی باشدان. بۆی هەیە ئەم پێشکەوتنەی ئەمان ئەنجامی چاکی بۆ دەستەوتاقمە کوردەکانی دراوسێیان هەبێ.

کەواتە نیمە ناوچەی (B) بە ئاووهەوای فێنکو پیتو بەرەکەتی ڕێژەیی‌و هەڵوەشانەوەی پێکهاتەی هۆزەکی وەکوو ئێستا هەیە. دەناسینەوە.



CS CamScanner

## (C) ناوچەی پیدەشت:

ئـەم ناوچـەیە لـەرووی جوگرافییـەوە بەتـەواوی لـەدوو ناوچەکەی دی جیایە. بەزۆری تەختو راستانە، تەواو بێدارو درەختە، کەمترین ڕادەی بارانی لـیٚ دەبارێ، هەموو ساڵێ بۆ ماوەی چوار پێنج مانگ وشکاییەکی گەرمی سووتێنەرە. ئێرە جێگـای مرۆڤـی ناوچـەی گردۆلکـەکان نییـە بـەڵام خۆڵەکـەی لەخۆڵـە هـەرە بەپیتـەکانی دنیایـە. ئێـرە بەشـێکە لـە(هیلالـی بـەپیت)ی گـەورەو مێژوونووسـە شـوێنەوار ناسـەکان ئێرەییـان بـەلاوە زۆر گرنگـە. ئـەوە هـەزاران سـاڵە ئێـرە گـەنمو جۆیـەکی سالانەی زۆری لێ بەرهـەم دێ. لـەرووی مێژووییـەوە، ناوچـەکە بەشـێك بـووە لەئیمپراتۆریـەتی گـەورەی ئاشـووریو هیتـیو ژمارەی پاشماوەی ئەرکیولۆجییەکان بەڵگـەی تێرن بـۆ ئـەوەی کەئـەم ناوچـەیە لـەزەمانی کۆنـدا بایـەخی سیاسـیو ئـابووری خۆی هەبووە. ئەمڕۆ خەڵکەکە لەدوو دەستەی ژیاریی جیاواز پێك دێـن. عـەرەبی کۆچـەرو نیمچە جێـوار لەباشـووردوە خـۆی تـێدەخزێنو کـوردی هەمیشـە ئـاکنجیش لەگـەڵ هەنـدێ دەسـتەوتاقمی تـوركو ئەرمـەنی جیـاواز لەشـارەکاندا دەژیـن. بەگوێرەی قسەی (های) (ل:٧٧) دا کشانی کورد بەرەو باشوور بۆ دەشتی هەولێر ڕووداوێکی مێژوویی مەیلەو نوێیـە. تـەولای وایە ناوچەکە جاران عەرەبی کۆچەری لێبووەو هـۆزی دزەیـی لەبڵاوبوونەوەی ئەم دواییە یان دا ووددەریان ناون. بـەلام بـەلای

منەوە بەڵگەی ئەم جۆرە بۆچوونە جێگای گومانە. بەهەرحاڵ، راستەقینەی مێژوویی هەرچی هەبێت، ئێستا تەکنیك و رەوشی ئـابووری کـوردی پێدەشـت ئەوەنـدە لەدەسـتەوتاقمەکانی گردۆلکەکان جیان کەدەبێ لەزۆر لاوە وەکوو دەستەوتاقمێکی ژیاریی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. لەڕووی سیاسیشەوە، لەوەدا لەکوردی گردۆلکەکان جیا دەبنەوە کەسەرۆکی ئێستای دێ (ئاغا) بـەزۆری لـەرێ‌و رەچـەڵەکدا لەگـەڵ کرمانجـەکانی جیایـە، بۆیـە پێکهاتەکـە زیـاتر بـەلای دەرەبەگایەتییـدا دەشکێتەوە تا هۆزەکی.

من یەکەم جار وای بۆ دەچووم کە ئەمە دەبێ گۆڕانێکی زۆر تـازە بێ، بەڵام پاشـان دیـم (هـای) لەنووسینەکانیدا (١٩٢٠) باسی ئەم جۆرە هەلومەرجەی کردووە.

## کۆچەر:

سـەرەڕای دانیشـتوانی جێـواری هەمیشـەیی ئـەم سـێ ناوچـەیەی لێـرەدا بـاس کـراون، هەندێ تـاقمی کۆچـەر هـەن، بـەپێی وەرز، لەناوچـەیەکەوە دەچـنە ناوچـەیەکیترو تەنانـەت لەسـنووری هـەموو ناوچـەکانیش دەچـنە دەرەوە. ئـەم کۆچـەرانەش، لـەزۆر لاوە دەسـتەوتاقمی ژیـاریی جیـاوازن. ئابوورییان بەتەواوی لەسەر شوانکارییە، بەپێچەوانەوە خەڵکە جێوارەکە لەسەر شوانکارەیی و کشتوکاڵ دەژین. گەورەترین

هـۆزی کۆچـەر هـەرکین. ئەمانـە جێگـای ئاسـاییان لەئێرانـە، لـەنزیك لێـواری هـەرە باشـووری گـۆلی ورمـێ. ئـەم چیا بڵندانـە لەوەڕی پێویستیی سەراپای ساڵیان تێدا نییە بۆ پـەزەکانیان، بۆیـە کـەپایز پیربـوو، زۆربـەی هـەرە زۆری هۆزەکـە بـەدەم رووبـاری ڕوانـدزدا بـەرەو باشـوور کـۆچ دەکـەن و بـەناو گردۆلکـەکان (ناوچـەی B) و لێـواری باکووری پێدەشتدا بڵاو دەبنەوە. کەبەهار پیر بوو و بەفر حەلییا دووبارە دەگەڕێنەوە ئێـران. من هیچ بەڵگـەی تازەم لـەبارەی ئـەم خەڵکەوە لا نییەو دیـارە بەڵگـەی کـۆنیش هـەمووی خـورافی و ناکۆکـە. ئێمـە وای دەبیـنین کەئەمانـە، حـاڵی حـازر، ڕێکخسـتنی هۆزەکییـان زۆر لەهی دەستەوتاقمە جێوارەکان چالاکترە. ڕەنگـە ئەمـەش هـۆی ئەوەبێ حکوومـەت کـەمتر دەست لـەکاروباریان وەردەدا. ئـەوان مـافی تایبـەتی پـەز لەوەڕانـدنیان لەناوچـەی دیـاریکراو هەیـە، تەنانەت لەو ناوچانەش کەبەناو لەژێر دەسەڵاتی دەستەوتاقمە جێوارەکاندایـە(٦)، ئەگەرچی لەناوچـەکانیتر جـۆرە کرێیـەك بەرامبەر بەلەوەڕاندنی پەزەکانیان دەدەن. ئەمانـە لەگـەڵ کـۆچ و ڕەوەکـە چالاکی بازرگـانیی گـرنگ ئـەنجام دەدەن. لەئێرانـەوە خـوێ لەگـەڵ خۆیـان دێـنن بـۆ عێـراق و لەعێراقـەوە گـەنم و جـۆ دەبەنـەوە بـۆ ئێران. خـوری و ژمارەیـەکی زۆر مـاڵاتیان لـەبازاڕی

هـەولێر دەفرۆشـن. بێگومـان خـوێ هێنـان بـەبێ بـاج تـەواو ناياسـاييە، بـەڵام دەسـەڵاتداران چـاوی لێ دەپۆشـن. هـاوينی ١٩٣٨ خەبـەر هـات کەدەسـەڵاتدارانی ئێـران نيازيـان وايـە هەرکييـەکان ناچار بکـەن نيشتەجێ ببن. بـەم جـۆرە لـەوە ناکا هەرگيز بشێ بەگشتی بڕيار لەسـەر شوێنی ئـەم دەستەوتاقمە بدەين لەپێکهاتەی ئابووریو سياسی ناوچەی کورديدا.

من لـەکاری مەيـدانيما، نزيکـەی هـەر هـەموو وەختەکـە لـەو گوندانە مامەوە کەئەندامانی هۆزی باڵەكو سۆرانيان تێدا بوو (بڕوانــە نەخشــەی -٢ ) کەواتــە ئــەم باســەی خــوارەوە بەشێوەيەکی سەرەکی لەگەڵ ناوچەی (A) دا يـەك دەگرێتـەوە کەلەپێشەوە باس کراوە. پێش کرانەوەی ڕێگاکە، دەکرا وەکوو يـەك تاکـە ناوچـەی ژيـاريی مامڵـە لەگـەڵ ئـەم قەزايـە بکـرێ کەبەکـەتوار سـەربەخۆ بـوو. لـەبارودۆخی ئێسـتادا، هـۆی ئابووریو دەسەڵاتی سياسيی دەرەوە، هەر سێ ناوچەی (A)و (B)و (C) تونـد بەيەکـەوە دەبەسـتنەوە. هـەوڵ دەدەم، لەکارەکـەما ئـەوە ڕوون بکەمـەوە ئـاخۆ ئـەو شـتە گشـتييانەی بەشـێوەيەکی سـەرەکی لەلێکۆڵينـەوەی هۆزەکـانی باڵـەكو دەرگەڵە هەڵێنجراون، تاچ ڕادەيەك دەشێ بەگشتی لەسەراپای هەرێمەکەدا پيادە بکرێ. من بەباسێکی نەختێ درێژتری ئەو

دەستەوتاقمە کۆتایی بەم بەشە دێنم کەلەناوچەی (A).
نەخشەی -٢ ) دا ئاکنجین.

دەستەوتاقمەکەی سۆران، کەناوی هۆزەکی تەواویان بەگزادەی سۆرانە (واتە نەوەی بەگەکانی سۆران) ژمارەیان کەمە. دەستەوتاقمەکە یەك (تایفە)ن. سەرۆکە هەرە گەورەکەیان میر حەمەدەمین بەگی ئاغای دەرگەڵەیە. هۆزی باڵەك دەستەوتاقمێکی زۆر گەورەترەو دابەشی سێ کۆمەڵەی بچووکتر دەبێ، پێیان دەگوترێ: مەلا شەرەفی و شەڤدینی و سوکری. لەمانە مەلا شەرەڤ لەهەموویان گەورەترە. دەستەوتاقمەکەی شەرەڤدینی، کەلەدەوروبەری رایاتن، پلەی یەککرتنیان زۆر بەرزەو عەلیاغای رایاتیان بەسەرۆکی هەرە گەورەی خۆیان قبوولە. لەلایەکیتریشەوە، مەلا شەرەڤ هەرچەندە بەناو سەر بەشێخ محەمەداغای وەلاشن، بەڵام دیارە بەکەتوار دەبن بەسێ دەستەو لەوەلاش و روست و گەلاڵەن.

(سوکری) دەستەیەکی بچووکن من هیچیان لەبارەوە نازانم.

شێخ محەمەداغا لەسایەی ئەو پایەی وەکو سەرۆکی گەوردترین کۆمەڵە هەیەتی، حکوومەت بەئاغای هەرە گەورەی هەموو باڵەکی دادەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا لەدەرەوەی ناوچەی کاریگەریی راستەوخۆی گوندی وەلاشی خۆیا، هەر بەناو دەسەلاتی هەیە.

هەردوو گوندی خەلان و زینوێ شێخ پێویستیان بەباسی تایبەتی هەیە (بڕوانە های) (ل٢٠٧،٢٠٥ - لەوێ خەلان ناوی بە(دارولئەمان هاتووە). سەرۆکەکانی ئەم دوو گوندە: شێخ عەلائەدین و شێخ عوبێدوڵلا(٧) پێشەوای ڕێبازی سۆفیگەری نەقشەبەندین، کە بۆ بوخارا دەگەڕێتەوە. لەڕاستیدا گوندەکان خانەقای سەر بەم ڕێبازەن. جگە لەمریدەکانی ئەو جڤاتە ئایینییە، خەڵکەکە زۆر تێکەڵاون و لەهەمووی زیاتر بازرگانن. خۆشگوزەرانیی سەرنجکێشی جڤاتەکە، تێگەیشتنی شتێکی زەحمەت نییە. هەر تەنیا ئەو سێ ڕۆژەی من لەوێ بووم، بەلانی کەمەوە دوو کاروانی چەکداری گەورەی قاچاخچیان لەسنوور پەڕینەوە. تەنانەت عەرزیشیان کردم لەگەڵ خۆیان بمبەن، بەڵام بەداخەوە من لەبەر تەقیەو پارێزگاریی قبووڵم نەکرد.

جگە لەم دوو گوندە ناهۆزەکییە، هەموو دەستەوتاقمەکانی ناوچەی باڵەك و دەرگەڵە بەلانی کەمەوە ٩٥٪یان کوردی پاك و ڕەسەنن. ئەوانەی غەوارەن بریتین لە کەمێ جوولەکەو گاوری ئاسووریی کە وەکو دەستوور خەریکی هەندێ پیشەی تایبەتی وەکو جۆلایی و دارتاشین و بەم جۆرە وەکو ئەندامی سوودبەخشی جڤاتەکە جێگای خۆیان کردۆتەوە.

## ڕێبازی شیکردنەوە:

هەروەکو لەو باسەی تائێستا کردوومانە روون و ئاشکرایە.
ڕێکخستنی هۆزەکی کۆمەڵ و دەستە جیاجیاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان، کەم وزۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی پەیوەندیی و دەستێوەردانی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی دەرەوە.
ئەگەر ئەوەندە دوور بچین، وادابنێین لەسەردەمێکا شێوە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی هەبووبێ کەبشێ بکرێ بەپێوانەی نموونەیی بۆ هەموو هۆزەکانی بەشی گردۆلکەی ئەم ناوچەیە.
ئەوا مسۆگەرە ئێستا ئەم جۆرە پێوانەیە لەهیچ شوێنێتردا دەست ناکەوێ کەئەرکی خۆی بەتەواوی جێبەجێ بکا.
کۆمەڵی ئەمڕۆی کوردی، کۆمەڵێکە بەگۆڕانی کۆمەڵایەتی زۆر خێراو هەندێ جاریش توندوتیژدا تێدەپەڕێ. هەروەکو لەمەودوا دەبینین بۆی هەیە هێزی بەوەج و بەرگە نەگیراوی وا لەکاردابێ کەزۆر لانەکا بەلای هەموارکردندا، ئەوەندەی کەلادەکا بەلای تێکچوونی گشتیی و لەبەریەك ترازانی ئەو جۆرە ڕێکخستنە هۆزەکیانەی ئێستا لەئارادان. لەهەل ومەرجی وادا، بۆئەوەی باسەکە بەروون و ڕەوانی دەربکەوێ، دیارە وەکو شتێکی بنەڕەتی پێویستمان بەچەردەیەك نموونەکاری دەبێ.
بۆیە من بەزۆری هەوڵ دەدەم بەجۆرێ باسی کۆمەڵی کوردەواری بکەم وەکوو ئەوەی لەناو کردەوەیەکی گشتیدا بێ و ئینجا ئەو بارودۆخەی کەهەیە وەکوو حاڵەتێکی پێوانە

نموونەییە کەپێش کەش دەکەم. دەزانم ئەم جۆرە ڕێبازە وادەکا ئەنجامی باسەکە تارادەیەک خودی بێ، و لەهەمان کاتدا، لەزۆر لاوە من کەرەستەی ئەزموونکاری پێویستم لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی پێوانە گریمانەکەی پێ تاقیبکەمەوەو بزانم داخۆ دروست و ڕەوایە، یان نا؟ لەگەڵ ئەمەشدا، هەلومەرجەکە وای دەردەخا کەئەمە پەسەندترین کارێکە کە بشێ پەیڕەوبکرێ.

## بەڕێوەبەرایەتی دەرەکی:

وردەکاریی بەڕێوەبەرایەتیی دەرەکی کاریگەریی ڕاستەوخۆی زۆری لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی کوردی نییە وەکوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس کراوە، بەڵام لەزۆر شوێنی جیاجیای گەنگەشەکەدا بەتایبەتی لەو بەشەی مامەڵە لەگەڵ گیروگرفتی ئابووری دەکا، دەبێ ئاماژە بۆ ڕەگەزەکانی پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی بکرێ: بۆیە واچاکە یەکەم جار کورتە باسێکی ئەرک و پەیوەندییەکانی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی ئەم پێکهاتە دەرەکییە پێشکەش بکەین.

سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی عێراق لەسیستەمی ئیمپراتۆریەتی کۆنی عوسمانییەوە وەرگیراوەو گەشەی پێدراوە. زاراوەکان لەزۆر لاوە، بەبێ دەسکاری، وەکوو خۆیان ماونەتەوە. ئەو ناوچە کوردییەی لێرە بۆتە بابەتی لێکۆڵینەوە سەراپای دەکەوێتە ناو (لیوا)ی هەولێر. سەرۆکی شارستانیی

لیوا كه **موتەسەریفه** (٨) ڕاستەوخۆ لێپرسراوە لەبەڕێوەبردنی پـــۆلیس و دادوەری و ناڕاســـتەوخۆش لەخزمـــەتگوزاری كۆمەڵایـــەتی وەكـــو: تەندروســـتی و پـــەروەردەو فێركـــردن و چـاككردنی كشـــت وكاڵ و.. هتـــد. وەرگرتنـــی بـــاج و خـــەراج پەیوەنـــدی تونـــدی بەپۆلیســـەوە هەیـــەو لەهـــەمان كاتیشـــدا دەكەوێتـــە ژێـــر بەڕێوەبەرایـــەتی موتەســـەریف خۆیـــەوە، بـــەڵام سوپاو دادگا لەدەسەڵاتی موتەسەریف دا نین.

لەچوارچـێوەی مەیـدانیی باسـەكەمان دا، خزمـەتگوزاری كۆمەڵایـەتیی حكوومـەت زۆر بەرتەسـكە. ئەگەرچی سیستەمی پـەروەردەو فێركـردن لایـەنێكی سەرنجكێشـە. قوتابخانـەی سـەرەتایی و سـانەوی لەهـەولێر هـەن. قوتابخانەیـەكی سـەرەتاییش لەڕوانـدز هەیـە. تـا ماوەیـەك قوتابخانەیـەكی سانەویش لەڕوانـدز هـەبوو، بـەڵام ئەمـەیان لەئـەنجامی مـان گرتنی نەتەوایەتی قوتابییان داخرا، كەداوایان دەكرد لـەباتی زمانی عـەرەبی، بـەزمانی كـوردی بخـوێنن. ئـەم قوتابخانانـە، سەبارەت بەهۆی ئابووری سوودیان تـەنیا بۆ توێـژێكی كـەمی كۆمـەڵ هەیـە كـەكوڕی ئاغا گـەورەكان و بازرگانـەكانی شـارن. جگـە لەمـە، هەنـدێ مـیرە دێ مامۆسـتای مووچـەخۆری حكوومەتیان تێدایە. ئەمە هەرچەندە وەكوو نیەتباشی شتێكی چاكە، بـەڵام بـەكردەوە شـتێكی ئـەوتۆ نییـە. مووچـەكەو

ئاسانکاریی چوونە پێشی ئەوەندە کەمە، تەنیا خوێندەواری تەمبەڵی زۆر دەستکورت بەم جۆرە کارە رازی دەبێ، هەرچۆن بێ، ئەزموونی پەروەردەو فێرکردنی حکوومەت تا ئێستا لەناوچەی باڵەك سوودی نەبووە.

بەگشتی واباوە دەڵێن هەموو فەرمانبەرانی پەروەردەو فێرکردنی حکوومەت لەرەوشتبەرزی لایان داوە. دوو نموونە هەن، بنچینەی ئەم جۆرە بۆچوونە دەردەخەن. لەماوەی سەردانەکەی من، تەنیا یەك تاکە مامۆستا لەناوچەی باڵەکایەتی هەبوو. ئەویش لەگوندی رایات بوو. پێشتر لەگوندی رۆست بوو. لەوێ کچێکی ئاغاکەی هێنا بوو بەڵام ئێستا تەڵاقی دابوو، ئاغای رۆست لەدوو بوو لەدادگا نەفەقەی لێ بسەنێ. هەر ئەمەیان لەرایات کچی مەلای لەخشتە بردبوو جا بۆئەوەی رسوا نەبێ ئێستاکە هێنابووی. ئەمە خۆی لەخۆیەوە کارێکی ئابروو بەرەیە چونکە مەلاو مامۆستای قوتابخانە هەر بەسروشت مێملۆ دوژمنی یەکترن (ئاخر لەروانگەی دێرینەوە، پەروەردەو فێرکردن تەنیا ئەرکی سەرەکی مەلایە).

حاڵەتێکی تریش هەبوو، پاشان بەدووروودرێژی باسی دەکەین، ئەویش ئەوەبوو سەرپەرشتیاری کشتوکاڵیی وەڵاش

کوژرابوو، لەوانەیە ئەمە بەفیتی ئاغا بووبێ، چونکە کابرا ئەو تاوانەی لەمل راکرابوو کەرەوشتی گەنجان تێك دەدا.

لێکۆڵینەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی ماندوومان ناکا. چونکە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان هیچ دختۆری نیشتەجێی لەدەرەوەی شاری هەولێر نەبوو.

حکوومەت چەند ئەزموونێکی جیاجیای لەبواری چاککردنی کشتوکاڵدا ئەنجام داوە. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی بەنیازی پەرەپێدانی بەخێوکردنی مالاتو هەندێ جۆرە بەرهەمی گرانبەهای وەکوو توتن کراوە. بایەخدانی حکوومەت بەپەرەپێدانی بەرهەمی توتن پەیوەندی تایبەتی بەناوچەی باسەکەمانەوە هەیە. پاشان بەدووردرێژی لێی دەدوێین، بەلام دەشێ بڵێین ئەم جۆرە هاوکارییەی حکوومەت کارێکی خێرخوازیی نییە، چونکە ئەو باجە قورسەی دەخرێتە سەر سەرجەمی توتنی فرۆتەنی زۆر لەتێچوونی خۆی زیاترە.

دادوەریی سەربەخۆ، لەناو دادگای خۆیا لەهەولێر نیشەکانی رادەپەرێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەکردەوە وەکوو دادگای سکالا وایە. چونکە کێشەکان یەکەم جار دەخرێنە بەردەم مودیر (مودیر ناحیە — و) ئەوسا قایمقامو ئینجا حەوالەی دادگا دەکرێن. من لام روون نییە ئاخۆ ئەم جۆرە سکالایە بەپێی چ یاسایەك یەکلادەکرێتەوە. ئەوەش نازانم



CS CamScanner

داخۆ سنووری حوکم دەرکردنی دادگای دادوەریی تاکوێ دەڕوا. ئەوەندەی من بزانم تەنیا کێشەی گەورەی وەکوو پیاوکوشتن، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەچێتە بەردەم دادگای هەولێر.

لەکاتی ئاشتیدا، سوپا تەنیا لەهەولێر و ڕواندز هەیە. بەگشتی وا باوە دەڵێن ناکۆکیو دڕدۆنگی لەنێوان دەسەڵاتدارانی شارستانیو سەربازیدا هەیە. لەم ناوچەیەدا، کارگێڕانی خزمەتگوزاری شارستانی بەشێوەیەکی سەرەکی کوردو تورکنو بەگشتی سەنگەکە بەلای کورددایە. لەلایەکیتریشەوە، سەربازانی سوپا بەشێوەیەکی گشتی عەرەبی عێراقنو رقو ترسیان بەرامبەر بە(کوردی بەربەر) هیچ جێی گومان نییە.

(لیوا) دابەشی سەر چەند (قەزا) یەك دەکرێو هەر قەزایەك قایمقامێك بەڕێوەی دەبا. ناوچەی (A)، نەخشەی(١)، کە ئەم لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوێ دەگرێتەوە، هەر هەمووی دەکەوێتە بەر قەزای ڕواندز. چۆن موتەسەریف لێپرسراوی لیوای خۆیەتی، هەر بەوجۆرەش قایمقام لێپرسراوی قەزای خۆیەتی.

قەزاش بەدەوری خۆیەوە دابەشی سەر چەند ناحییەیەك دەکرێو هەر ناحییەیەك مودیرێك بەڕێوەی دەبا. هۆزی باڵەك

هەمووی لەناحییەی باڵەك نیشتەجێن. لەم حاڵەتەدا، ناوچەی بەڕێوەبەرایەتیو ناوچەی هۆزەکی یەك دەگرنەوە. لەلایەکیتریشەوە، ئەوە هەیە کەدەرگەڵە لەڕواندزەوە بەڕێوەبەرایەتیی دەکرێ.

مودیر ژمارەیەك پۆلیسی ڕاستەوخۆی لەژێر دەسەڵاتدایە کەئەلقەی ڕاستەوخۆن لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی دەرەکیو هۆزەکەدا. بەرتیل خواردنی ئەم فەرمانبەرە گەورانە خراپترین سیمای سیستەمەکەیە کەبۆتە مایەی ڕاستەوخۆی ناشەعبییەتی حکوومەت لەناو هۆزەکاندا. (های) بەم جۆرە باسی جەندرمەی سەردەمی خۆی دەکا: " کەسانی هۆقیی ڕەقی بێمەشق و بێویژدان بوون، دەسەڵاتی خۆیان بۆ پچراندنەوەی بێپەیو سنووری خەڵکەکە بەکار دەهێنا." لەوەناکا بارودۆخەکە ئەمڕۆ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەرداهاتبێ.

لەخوار مودیرەوە [٩]، هەر گوندەو دەبێ **موختارێکی** هەبێ. ئەرکی سەرەکیی موختار وەکووئەرکی ناونووسی منداڵی تازە لەدایك بوو و وەکو ئەرکی باجگر وایە. لەناو کوردی ناوچەی گردۆلکەکان، موختار هەمیشە ئاغای گوندەکە خۆیەتیو نازناوی موختاری زۆر کەم بۆ بەکاردێ.

ئەمەیە پوختەی ئەرکی ئاسایی ڕەگەزە جۆر بەجۆرەکانی حکوومەت لەچوارچێوەی ناوچەی لێکۆڵینەوەکەماندا. لەخوارەوە باسی بۆچوونێکی چالاکتری کارلێککردنی نێوان حکوومەتو هۆزەکان دەکەین.

# بەشی دووەم

# ڕەوشی کۆمەڵایەتی

# پێکهاتەی سیاسی

## پێناسەی توخمەکان:

ئەو زاراوە کوردییەی لەلاپەڕەکانی پێشەوە بۆ وشەی (tribe) بەکارم هێناوە، وشەی (عەشیرەت – هۆز)ە. وشەی (عەشیرەت – هۆز)[١٠] بۆ خەڵکەکەو بۆ ناوچەی نیشتەجێی خەڵکەکەش بەکاردێ. بەم جۆرە شتێکی بەجێیە وەکوو ناوچەیەکی سەر نەخشە قسە لەبارەی ناوچەی (باڵەک)ەوە بکەین، لەهەمان کاتدا کەسانی سەر بەو هۆزەش هەر بەخۆیان دەڵێن (باڵەك).

لەوانەیە هەر هۆزێك لەیەك بەرەباب یان زیاتر پێك هاتبێ کەپێی دەگوترێ (تایفە). جیاوازی ریشەیی ئەم دوانە ئەوەیە کەهۆز لەبنچینەدا کۆمەڵەیەکی سیاسی دەگەیەنێ، کەچی تایفە (بەرەباب) کۆمەڵەیەکی خزمایەتی دەگەیەنێ. ناوچەی



CamScanner

باڵەك سێ بەرەبابی تێدایە: بەمەلاشەرەف و شەڤدینی - یان شوێنزووری - و سوكری ناسراون. لەلایەكی تریشەوە.
لەسۆران تەنیا یەك بەرەبابی بەگزادەی سۆرانی هەیە. نازناوی دوانەی شەڤدینی بەپێی مەبەستی ئامارەكە دەگۆڕێ. شەڤدین ناوی ئەو باوە گەورەیەیە كەتایفەكەی دامەزراندووەو هەموو ئەوانەی سەر بەبەرەبابی شەڤدینین، بەناو خۆیان بەنەوەی ئەو دادەنێن. لەلایەكی تریشەوە، (شویزوور) ناوی ئەو ناوچەیەیە كەشەڤدین خەڵكی ئەوێ بووەو لەوێوە هاتووە. هەر بەو جۆرەش هەموو مەلا شەرەف لایان وایە كەلە مەلا شەریف ناوێك بەپاشكەوتوون كەگوایە لەهۆزی گەلاڵی ناوچەی سلێمانی بووە. دیارە، بەشێوەیەكی گشتی لەوەدەكا ناوی هەر دەستەو تاقمێك زیاتر لەبابە گەورەوە بێ تا لەشوێنی نیشتەجێ. عەلیاغای ڕایات كەباسی ڕەچەڵەكی خۆی بۆ دەكردم دەیگوت شەڤدین هەژدە پشت بەر لەئێستا ژیاوەو ئەو كاتە خێزانەكەی لەهۆزی سوورچی ڕۆژئاوای زێی گەورە بوونەو لەوێوە بەدوای زەوی‌وزاری چاكتردا بەرەو ڕۆژهەڵات كۆچ و ڕەویان كردووە (١١). جێی بایەخە، عەلیاغا پێی خۆش نەبوو دان پێدا بنێ بەرەبابەكەی بەشێكن لەهۆزی باڵەك.
لەگەڵ خاوبوونەوەی ئەو پەیوەندییە سیاسییەی سێ بەرەبابی هۆزەكە بەیەكەوە گرێ دەدا، ئەو هەر زوو ئومێدی

پەیدا کرد کەبیچەسپێنێ شەقدینی بەھەقی خۆیان ھۆزێکی سەربەخۆن.

بەرەباب (تایفە)یش بەدەوری خۆی، بەزۆری دابەشی سەرچەند بەشێك دەکرێ، ھەر یەکە پێی دەگوترێ (تیرە). بەلام وادیارە زۆرجار ئەم دوو زاراوەیە لەبری یەکتر بەکاردێن. بۆ نموونە، بەرەبابی مەلا شەرەق، کەپێشتر ناویان ھات، دابەشی سەر سێ تیرە دەبێ و ھەر تیرەیەکیان دەلێن ئێمە لەکوڕێکی مەلا شەریف کەوتووینەتەوە. دەبێ ئەم کوڕانە (ناوەکانم دەست نەکەوت) لەمەرگەو گەلالەو روست دانیشتبن و ئەم گوندانە تا رۆژی ئەمرۆ ھەر بەبنکەی تیرەکانی خۆیان ماونەتەوە. بەم جۆرە، ئاغای روست، لەسای ئەوەی کەسەرۆکی تیرەکەی خۆیانە، گەورەی بالادەستیی چەند گوندێکە. ھەروەھا بەرەبابی شەقدینیش دابەشی سەر سێ تیرە دەبێ، ناوەکانیان بەم جۆرە دا بەمن : قادراغاو کاکە حەسەنی و حەمەدی بابەکراغا. دیارە ئەمانە ناوی بابە گەورەی دامەزرێنەری تیرەکانن. لەلایەکی تریشەوە، ھەندێ کەس لەوە نەدەچوو بەچاکی ئاگاداری ئەم دابەشبوونەی دواوە بن، بۆیە کەپرسیاری ناوی تیرەکەیان لێ بکرایە، لەوەلامدا دەیانگوت ئێمە (شەقدینی)ن. سەرەڕای ئەمەش، یەکێ لەزانیاریدەرەکانم دڵنیای کردم کەبەرەباب و تیرە ھیچ جیاوازییان نییە، ھەر

ئەوەندەیە یەکێ لەوەی دی گەورەترە. من ئەمەم بەلاوە وەسفێکی وردە. تیرە (١٢) جۆرە کۆمەڵەیەکی خزمایەتییەو زۆر جار دەبێ بەکەرەستەی مرۆڤناسەکان. ئەمە بەزۆری هەر زاراوەی رەچەڵەکی بۆ بەکاردێ، بەلام (فیرث) زۆر وریاتر بەوشەی (ramage) باسی کردووە. ئەمە تەنیا لەبارەی قەبارەو یەکگرتنی سیاسییەوە لەکۆمەڵەی خزمایەتییەوە جیا دەبێتەوە. لەگەڵ خاوبوونەوەی پەیوەندیی سیاسی، جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە دەستەوتاقمە بەرەو نەمان دەچێ.

بۆنموونە، ئاغای روست پێی وابوو کە(سەرۆکی بەرەبابی خۆیەتیو پایەی بەقەد پایەی شێخ محەمەدئاغای وەلاشە).

بێگومان شێخ محەمەد ئەمەی بۆ نەدەسەلماند، بەڵکو ئەم سووربوو کەمیر سەدیقاغای روست سەر بەمیانە.

لەم باسو نموونانەی سەرەوەدا، ئاشکرایە کەزاراوەی هۆز (عەشیرەت)و بەرەباب (تایفە) و تیرە دەکەونە سەر پۆلین کردنی ئاسایی ئەنترۆپۆلۆجی هۆزو بەرەبابو رەچەڵەک (ramage) لەگەڵ یەک تاکە شتی نائاسایی ئەویش ئەوەیە کەلەم حاڵەتەدا بەرەبابەکان ژنو ژنخوازییان بەتەواوی، یان تارادەیەک، لەناو خۆدایە.

ئاواییەکان بەزۆری بریتین لە(گوند)ی بچووک بچووک و بەناو دۆڵەکاندا بڵاوبوونەتەوە. لەڕاستیدا، زاراوەی گوند دوو شت دەگرێتەوە: ماڵەکان و زەوی و زاری دەوروبەریان و بۆی هەیە هەندێ جار تێکەڵییەك لەم بارەیەوە بێتە ئاراوە. بۆنموونە گوندی ئاوپردان تەنیا دوو ماڵە، کەچی گوندی دەرگەڵە سەد ماڵ زیاترە. هەر گوندەو موڵکی (ئاغا)یەکە. ئەگەر ئاغا تەنیا یەك گوندی هەبێ، وەکوو حەمەدەمیناغای ئاوپردان، ئەوە خۆی لەگوندەکەدا دەژی، بەلام ئەگەر چەند گوندێکی هەبێ، وەکوو شێخ محەمەداغای وەلاش، یان حەمەدەمین بەگی دەرگەڵە، ئەوکاتە خۆی لەیەکێ لەگوندەکاندا دەژی و بەوەکالەتی خۆی (کوێخا) لەسەرگوندەکانی دی دادەنێ. وەکوو تیووریی، ئاغا خاوەنی هەموو لەهەمووی سەراپای زەوی و زاری گوندەو گوندییەکان [١٣] بەسیفەتی کرێگرتە (کرمانج) لەسەر زەوییەکە دەژین و دەناوی دێنن. وەکوو تیووریی، (٥٠٪) ی بەروبوومی زەوییەکە بەئاغا دەدەن بەلام ئەمە لەگۆڕاندایە. دیسان هەر بەتیووریی، ئاغا هەقی تەواوی هەیە هەر کرمانجێکی دڵی نەگرێ، دەری بکا، بەهەمان شێوەش کرمانج سەربەستە هەرکاتێ بیەوێ دەتوانێ بار بکاو بڕوا. ئەوەی موڵکی هەقیانەی کرمانج بێ تەنیا ئەم شتانەیە:

کەل‌وپەلی ئاسایی ناوماڵ، شەقرەو کاریتەکانی بانی خانووەکەی، ماڵات و ئاژەڵی خۆی. بۆشی هەیە مەسەلەکە بەکردەوە زۆر لەمەسەلەی تیووری جیابێ. بەهەرحاڵ، ئەوەندەی من بتوانم لەبارەی ناوچەی باڵەکەوە حوکم بدەم، بەلانی کەمەوە (٩٠٪) ی خەڵکی هەر گوندێك، نەك هەر تەنیا لەهۆزی باڵەك بوون و بەس، بگرە لەبەرەبابی ئاغاش بوون، زۆریشیان هەر خزمی نزیکی ئاغابوون. بۆیە دیارە ماف دەرکردنی کرمانج لەلایەن ئاغاوە ، ئەگەر لەئەنجامی ئەوپەڕی وروژاندن نەبێ، هەر بە تیووری دەمێنێتەوە. بەکردەوە، ماف دەناوهێنانی زەوی‌وزار بەمیراتە. ئەم خاڵەی دواوە شێخ محەمەداغای وەلاش زۆر جەختی لەسەر دەکرد. ئەو بەم جۆرە باسی دەکرد دەیگوت: کەکرمانجێك دەمرێ، ئاغا دەتوانێ چۆنی بوێ وا لەزەوی بەردەستی کرمانجەکە بکا، بەلام (وەکوو دەستوور) زەوییەکە هەر دەداتەوە کوڕ، یان برای کابرای رەحمەتی، جا هەرکامەیان شیاوتر بێ. دەشێ ئەوەش تێبینی بکەین کەئەم جۆرە کارە رێنادا زەوی، بەهۆی میراتەوە، ببێ بەچەند پارچەیەکی بچووك بچووك. لەهەمان کاتیشدا، پەیوەندی ئابووری لەنێوان ئەندامانی دەستەو تاقمە بچووکەکانی خێزانە پەلهاویشتووەکە دابین دەکا.

هەروەکوو لەیەکەم سەرنجدا دەردەکەوێ، لێرەدا دەستووری هۆزەکی لەگەڵ شەریعەتی محەمەدی (ئیسلامی-

و) جیاوازنین. بەپێی شەریعەتی قورئان ماف وەسیەتکردنی پیاو سنووری خۆی هەیە و زۆربەی (مولك)ەکەی بەرێژەی دیاریکراو بەهەندێ خزمی تایبەتی خۆی دەدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا زەوی لەزۆر حاڵەتدا لەزاراوەی مولك بەدەرە. رەوشی یاسایی ئێستا کەلەعیراق دەرهەق بەکرمانج (دەناوهێنەری زەوی) پەیرەو دەکرێ، تارادەیەك لەکتێبەکەی سێر. ئی. داوسن: لێکۆڵینەوەیەك لەزەویداریی و کێشە پەیوەستەکانەوە، حکوومەتی عیراق ١٩٣٢)هاتووەو خوێنەری بەپەرۆش دەتوانێ یەکسەر بگەڕێتەوە سەریا.

ئەمەی خوارەوە پوختەی رەوشەکەیە:

رەوشی یاسایی لەبارەی میراتگریی دەناوهێنانی زەویوزار لەیاسای زەویوزاری عوسمانی ساڵی ١٨٥٨و هەندێ دەستووری لاوەکی ئیمپراتۆریەتی کۆنی عوسمانی دیاریکراوە. ئەمە پێنج جۆرە زەویداریی دەستنیشان کردووە: مولك، میری، وەقف، مترووکە، مەوات. ئەم زاراوانە لەهەلومەرجی ئەمڕۆی عیراقدا بەوردی بەکارنایەن، بەتایبەتی زاراوەی میری بەکردەوە مانایەکی جیا دەگەیەنێ لەوەی کەلەیاسای زەویوزاردا هاتووە، بەڵام جۆرە راستەقینەکانی زەویوزار ژمارەیان سێیە:

١ـ مولك: موڵکایەتییەکی بەردەوامە. شەریعەتی پیرۆزی قورئان ماف و میراتی خاوەنەکانی دیاریکردووە.

٢ـ تاپۆ: زەوی دەوڵەتە. موڵکایەتیی یاسایی لەتۆماری زەویداریی لەکتێبی ژمارە (١)ی یاسای زەویو زاردا، هاتووە. میراتی ئەم زەوییە بۆ ئەوە ڕاستەوخۆکانی خاوەنی ڕاستەقینەی خۆیەتی، هەرچەندە خاوەنێتی ڕاستەقینەی هەر بۆ دەوڵەت دەمێنێتەوە.

٣ـ میری: زەویی دەوڵەتە، خاوەنێتی یاسایی تەواوی بۆ دەوڵەتەو دەشێ یەکێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەناوی بێنێ کەماف دەناوهێنانی پێ درابێ. لەڕاستیدا، زەوی میری ئەو هەموو زەویوزارەی وڵات دەگرێتەوە کەبەر زەویداریی موڵكو تاپۆ ناکەون.

بەش بەحاڵی ناوچەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، زەوییەکی زۆر کەمی کشتوکاڵی بەر زەویداریی موڵك دەکەوێ، ئەویش ئەگەر هەبێ. وابزانم ئەم جۆرە تەنیا موڵکیەتی شار دەگرێتەوە. زۆربەی ناوچەی (C)و هەندێ ناوچەی (B) تاپۆن. ناوچەی (A) هەر هەمووی زەوی میرییەو بەپێی یاسا، هۆزەکان لێرە کرمانجی دەوڵەتن.

کوردی هۆزەکی زۆر بەچاکی لەم جیاوازییە وردە ناگاو وەکوو لەلێکۆڵینەوەکەی (داوسن)دا دەردەکەوێ ڕەوشەکە تێکەڵ و پێکەڵییەکی تێدایەو دەرفەتێکی فراوان بۆ گەندەڵیی دەڕەخسێنێ. دیار بوو جووڵانەوەیەك لەناوچەی باڵەك هەبوو

کەزەوی هۆزەکان لەسەر سەرکردەی بەرەبابەکان تاپۆ بکەن.

بۆنموونە، عەلیاغای رایات بەپەرۆشەوە بوو، زەوی شەڤدینی بەناوی خۆیەوە (تۆمار بکا)و دیار بوو بڕوای وابوو کە مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی دەم چەورکردنی کەسانی خۆیەتی. شێخ محەمەداغای وەلاش زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەم جۆرە تەقەلایەی دەدایەوە، چونکە زەویداریی بەناوی ئەم ، لەسەر هەموو ناوچەی بالەك کەم دەکاتەوە.

بەش بەحاڵی مەسەلەی میراتگریش، ڕەوشەکە لەڕووی یاساییەوە روونە. هیچ زەوییەکی کوردی موڵك نییەو بەمەوەش هیچی ناکەوێتە بەر دەستوورو مەرجی قورئانەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئاغاکان بۆچوونیان زۆر ئاشکرا نییە. بۆنموونە، شێخ محەمەداغا زۆر سووربوو کەسەراپای زەوی باڵەك موڵکی شەخسی خۆیەتی، ئەمە تارادەیەك ناکۆك و نەشیاو بوو، چونکە بێگومان ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو داوا بکا پاش مەرگی خۆی ناوچەکە بەسەر خزمەکانیدا دابەش بکرێ.

لەڕاستیدا، زۆر ئاشکرایە کەداواکاریی جۆراوجۆریی (خاوەنێتی) زەویزار لەگەڵ بنەماکانی میراتی قورئاندا ناگونجێ.

## ئاغای بەرەباب

ئێستا پەیوەندی ئاغای گوند بەکرمانجەکانییەوە دیاریکراوە. کرمانجیش بەدەوری خۆیانەوە فەرمانبەرداری ئاغای بەرەبابەکەن. بۆی هەیە ئەم ئاغایە بەسەرەڕۆیی داوا بکا کەهەموو ئەو گوندانەی دەستی بەسەر رادەگا، هی ئەون. بەڵام خاوەنێتی‌یەکەی لەچاو خاوەنێتی ئاغای گوند زۆر زیاتر هەر بەناوە. ئاغای بەرەباب هیچ باج و هەستەیەکی دیاریکراو بەسەر ژێردەستەکانی خۆیدا ناسەپێنێ، زیاتر ئەوەیە کەبەپێی بەرژەوەندی خۆی دیارییان لێ وەردەگرێ. بەم جۆرە حەمەدەمیناغای ناوپردان، هەرچەندە لەتیرەی شێخ محەمەداغای وەلاشی سەرۆکی مەلاشەرەفی و بەناو گەورەی هەموو باڵەک بوو، بەڵام دانی‌پێدا نەدەنا کەشێخ محەمەداغای وەلاش، بەهیچ مانایەکی فراوانەوە، گەورەی ئەوبێ، ئەگەرچی شێخ محەمەدیش بەلای خۆیەوە وای دادەنا کەحەمەدەمین سەر بەئەمە.

وابزانم ئەم ناکۆکییە بەشێکی بۆ خاوبوونەوەی ئەم دواییەی پەیوەندییە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە. بەگشتی، لەوە دەکا پێش هاتنی بەڕێوەبەرایەتی دەرەکی، ئەرکی ئاغای بەرەباب تارادەیەک وەکوئەرکی ناوبژیکارو دادگای سکاڵا وابووبێ. زیاتر لەوەی وەکوو ئەرکی ئاغای هەرە گەورەی دەسەڵاتدار وابێ. دیارە بۆ ناوبژیکردنی دوژمنداریی بچووک و

چارەسەرکردنی کێشەی گوندە دراوسێکان لەسەر ماف لەوەڕو ئاو و پێکهێنانی کێشەی تەڵاق و شتی وا دەگەڕێنەوە لای ئاغاو لایەنەکانی کێشەکەش بەدیاری شیاو تۆڵەی ئەو خزمەتە بۆ ئاغا دەکەنەوە.

بێگومان ئەم سیستەمەی دادپەروەریی، بەپێی پێوەری ئەورووپی، تابڵێی گەندەڵە، بەڵام وا وێدەچێ ئەوان خۆیان پێیان زۆر چاك بێ. دیار نییە داخۆ، لەحاڵەتی وادا چ جۆرە ڕەزامەندییەك بۆ جێبەجێکردنی بریاری دادگا وەردەگیرێ. ئەمڕۆ ڕۆڵەی هۆز هان دەدەن بۆ ئەوەی میکانیزمی دێرینی دادگای ئاغا کەم بکاتەوەو سکاڵای دادپەروەریی یەکسەر بباتە لای پۆلیس. ئێستا هەردوو سیستەمەکە تارادەیەك شان بەشانی یەکتری دەڕۆن . بەڵام لەگەڵ کەمبوونەوەی بەردەوامی دەسەڵاتی ئاغا. چوونە دادگا تا دێ زیاترو زیاتر دەبێ بەمەسەلەی بەڕێوەبەرایەتی دەرەکی. من خۆم هەوڵم دا چەند بیرو بۆچوونێك لەبارەی کاریگەریی ڕێژەیی سیستەمی کۆن و نوێ بەدەست بێنم. ئەنجامی باشم دەستکەوت. ئەوان دانیان پێ دادەنا کە کاتی خۆی بڕیاری ئاغا تارادەیەك سەرەڕۆ بوو، چونکە زیاتر پشتی بە مەسەلەی سامان و لایەنگری خزمایەتی دەبەست، تا ماف ئەخلاقی، بەڵام بەلانی کەمەوە ئەوە هەبوو کەبڕیارەکە زوو بەزوو دەدرا. لەلایەکی تریشەوە، پەیڕەوکردنی شێوازی نوێ، هەرچەندە نیازباشیشی لەگەڵدایە بەڵام بەکردەوە زۆر بەشێنەیی دەڕواو پارەشی زۆر تێدەچێ. بۆیە



CamScanner

ئەو ناحەزەی دەوڵەمەندتر بێ، ئەگەر بڕیاری یەکەمی لەدژ دەربچێ، دەتوانێ سکاڵا بباتە بەر دادگایەکی بەرزتر.

(دادپەروەریی) هەروەکوو جاران تەك لاییە. سەرەڕای ئەمەش باسیان دەکرد کەپۆلیسیش دەق وەکوو ئاغا تووشی گەندەڵیی هاتوون، بگرە لەویش خراپترن، چونکە جاران، ئاغا بەهۆی پەیوەندی خزمایەتییەوە بڕیارەکانی تارادەیەك سنووردار بوو، کەچی پۆلیس هەر هیچ ئامانجی نییە ئەوە نەبێ دادپەروەریی بەبەرزترین نرخ هەڕاج بکا. ئەگەرچی بێگومان ئەمە زێدەڕۆیی لەبارەی مەسەلەکەوە تێدایە، بەڵام ئاشکرایە پۆلیسی عێراق تا بڵێی گەندەڵن. لەڕاستیدا ئەوەش هەبوو قایمقامە نوێکەی ڕواندز، کەسەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی قەزایە، بەگشتی هەموو لایەك لێی ڕازی بوون و دەیانگوت نموونەیەکی تاك و بێ وێنەی بەڕێوەبەری دڵسۆزو دەستپاکە؟

بۆی هەیە گەندەڵیی ئەفسەرە زلەکانی پۆلیس کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕەوشی ئابووری هەبێ. جا لێرەدا دەورو کاریگەریی ئاغاکان دەردەکەوێ.

حەمەدەمیناغای دەرگەڵە بەم جۆرە باسی ڕەوشەکەی بۆ کردم، گوتی : " کاتی خۆی هەموو کرمانجەکانم دیارییان بۆ دەهێنام، ئەم زەمانەی شتی وا بەکەم کەس دەکرێ، ئەوان دەبێ پۆلیس ڕازی بکەن ئیدی هیچیان بۆ من نامێنێتەوە".

لەسەردەمی زوودا، بۆی هەیە ئەرکی ئاغای بەرەباب ئەوەبووبێ، هەندێ کاروباری بچووکی سەربازیی ڕێك بخا: تەنانەت ئەمڕۆش دیارە شتی وا هەر هەیە. بۆنموونە، بۆیان

باس کردم کەساڵی ١٩٣٦، عەلیاغای رایاتی سەرۆکی شەقدینی سەرکردایەتی پیاوەکانی خۆی کردووە، پەلاماری ئەو دیو سنووری داوەو لەوێ بنکەیەکی پۆلیسی تاڵان کردووە. لەتۆڵەی ئەوەی کە بنکەکە پێشتر هەندێ پەزو مەڕو ماڵاتی پیاوەکانی هۆزەکەی ئەمیان گل دابووەوە. بێگومان دەسەلاتداران ئەم جۆرە رووداوە زۆر بەتوندی رەت دەکەنەوە.

## ئاغای هۆز(١٤):

هەروەکوو بینیمان، بەش بەحاڵی باڵەك، ئاغای گەورەترین بەرەباب کەمەلا شەرەفییە، ئاغای هەرە گەورەی هەموو هۆزەکەشە. بێگومان ئەمە دەستوورێکی ئاساییە، بەڵام هیچ لەوە ناکا وەکوو ئاغای هۆز ئەرکی ئەوەندە زۆر بڕوا تەنیا لەکاتی شەڕدا نەبێ. لەو کاتەشدا ئاغا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێ بەسەرکردەی سەراپای کۆمەڵەکەو بەهۆی ئەمەوەش قازانجی ئابووری پێ دەگا. کەچی لەکاتی ئاشتیدا، تەنیا هەندێ شتی رەمزی کەمی وەکوو دیاری میوەو شتی وای لەکرمانجە دوورەکانەوە بۆ دێ. ئەو بەڵگانەی لەبارەی هەڵوێستی راستەقینەی باڵەك لەسەردەمی پشێویی نێوان ٩١٤ – ٩٢٠ بەدەستەوەن، ناکۆکن. شێخ محەمەد پێ دادەگرێ کەخۆی سەرکردایەتی خەڵکەکەی کردووە بۆ قڕکردنی سوپای داگیرکەری رووس. کەچی حەمەدەمینی ناوپردان دەڵێ شێخ محەمەد هەڵاتووەو ئەم خۆی، واتە حەمەدەمین، بوو

کەپاشماوەی باڵەکاتی لەفەوتان رزگار کردو ئینجا رووسەکانی بەزاند. راستییەکەی هەرچی بووبێ، ئاشکرایە دەبێ شێخ محەمەد، وەکوو سەرۆکی مەلا شەرەف، لەم شەڕەدا سەرکردایەتی باڵەکی کردبێ، جا بەواقیع کردوویەتی یان نا، ئەمە شتێکیترە.

مسۆگەر یەکەم کاریگەریی پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دەرەوە، زیادکردنی دەسەڵاتی ئاغای هۆز بووە لەسەر حیسابی هاوڕێکانی (های) (ل٦٧) بەئاشکرا دەڵێ:

"سەرۆکی هۆز زۆر ئەرکی بەرامبەر بەکرمانجەکان و رۆڵەکانی هۆزەکەی لەسەرە. لەهەموویان گرنگتر ئەوەیە لەهەرچی کێشەیەکی پەیوەندی بەحکوومەتەوە هەبێ، دەبێ بەدەمڕاستیان". سەرەڕای ئەمەش بەڕێوەبەرایەتی بریتانیش ئۆینی تورکەکانی بەکارهێنا. بەوەی مووچەی ساڵانەی بۆ ئاغای هۆزەکان بڕییەوە بەو مەرجەی ئەوانیش هۆزەکەیان بەرزەفت بکەن. بێگومان ئەم کارە کاریگەرییەکی هەمە لایەنیی ئابووریی جیاوازو ناجۆری بەئاغای هۆز بەخشیوەو کاردانەوەی جیاجیای لێکەوتۆتەوە کەلەبەشی دادێ زیاتر دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.

ئەو مووچەی دەدرایە شێخ محەمەدی وەلاش، چەند ساڵ بوو راگیرابوو، هەروەکوو چاوەڕێش دەکرا، وەکوو سەرکردەی هۆز دەسەڵاتی بەخێرایی لەدابەزین دابوو.

لەقسەی ناحەزانەی ئاغاکانی رایاتو روست، کە لەسەرەوە باس کراوە، ئاشکرایە باڵەك بەدەگمەن، ئەگەر نا ئێستا یەککگرتنی راپەراندنی ئەرکەکانی وەکوو هۆزێك تێدا نەماوە.
هەرچەندە شێخ محەمەد بەو چەکە زۆرەی لەبەردەستی دایە، ئێستاش داوا دەکا دەلێ گوایە هەموو زەویوزارەکە هی ئەوەو بەرەبابی شەقدینیو سوکری تەنیا هەروا بواریان دراوە بۆخۆیان لەوێ بن. لەوانەیە ئێستا (١٩٣٨) پایەو دەسەڵاتی لەهەڵکشاندا بێ، چونکە بەم دواییە بە(ئەندامی پەرلەمان) دامەزراوەو بەرێکو پێکی لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان ئامادە دەبێ لەبەغدا. هەرچەندە ئەم دامەزرانەی مووچەیەکی کەمی تێدایە، بەڵام بایەخی راستەقینەی بۆهۆزەکان لەوەدایە کەئەمە وا پێشان دەدا خاوەنی پایەیەکەو لایەنگری موتەسەرریفەو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا دایە.

## پێکهاتەی خزمایەتی:

من کەلێرە پێکهاتەی رووکەشی سیاسی جڤاتەکەم کێشاوە، دیارە سروشتیی راستەقینەی پەیوەندی نێوان ئاغا جۆربەجۆرەکانو کرمانجەکانیان تەنیا بەزاراوەی خزمایەتی دەرکی پێ دەکرێ. بەرێوەبەرانی بریتانی بەئاڵۆزوبلۆزی لەسروشتی تایبەتی و بنچینەیی دەسەڵاتی ئاغاکان گەیشتوون. بۆنموونە (های) (ل٦٧) تێبینی کردووە کە: "ئاغاکان کرمانجەکانیان زۆر دەچەوسێننەوە، بەتایبەتیش لەو

شـوێنانەی حکوومـەت نزیکـەو دەتوانـن دەسـەڵاتی خـۆی بسەپێنن. لەناوچە شاخاوییەکاندا، ڕۆڵەی هۆزەکان تا بڵێی هـەژارن، ترسـیان لەحکوومـەت کەمـەو سەرۆکەکەشـیان بەزەحمەت دەتوانن ملیان پـێ کـەچ بکاو ئەگەر شتی وا بکا ڕەنگـە هـەر زوو سـەرۆکێکی ناحـەزی بـۆ پەیـدا ببـێ". ئـەم بۆچـوونە راسـتییەك دێنێتـە پێشـەوە، کـە لەنموونـەی لێکۆڵینـەوەی مەیـدانیی ئەفریقیـدا زۆر بـاوە، ئـەویش ئەوەیـە: پشـتگیری حکوومـەت بـۆ (سـەرۆکەکە) بـەزۆری دەسـەڵاتێکی زۆردارانەی پێ دەبەخشێ کەتـەواو لەگەڵ سیستـەمی هـۆزەکی حکوومەتـدا بیانییـە، بـەڵام پەیوەنـدی ئاسـایی ئاغـا بەکرمانجەکانییەوە روون ناکاتەوە.

## زەماوەندی ڕەشەوەندی خەڵک:

هـەروەکوو تـا ئێسـتا دیومانـە، بـەرەباب بەشـێوەیەکی سەرەکی خزمایەتییەکی لەپشتێیە. سەرەڕای ئەمەش لەسایەی سیسـتـەمی زەماوەنـدی ئـامۆزای ڕاسـتەقینە، کەلەزۆربـەی کۆمەڵـە محەمەدییـەکان (موسـڵمانەکان – و) بـاوە، بـەرەباب بەزۆری پەیرەوی زەماوەندی ناوەکی دەکەن، ئەگەر بچینە سەر خشـتەی زاراوە سـازی خزمایـەتی کـە لـەکۆتایی ئـەم کتێبـەدا هـاتووە، بۆمـان دەردەکـەوێ کـەئامۆزاو پـوورزای جیاجیا بـەم زاراوانەی خوارەوە ناسراون:

- منداڵەکانی برای باوك – ئامۆزا

- منداڵەکانی خوشکی باوک – پوورزا
- منداڵەکانی برای دایک – خاڵۆزا
- منداڵەکانی خوشکی دایک – پوورزا

من بای ئەوەندە زمانی کوردیم نەدەزانی کەبەکارهێنانی دەقاودەقی زاراوەکان ساغ بکەمەوە، زانیاریدەرەکانیشم تارادەیەك ناکۆك بوون. لەگەڵ ئەمەشدا، دیارە هەندێ لەم زاراوانە ، بەلانی کەمەوە بەش بەحاڵی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی (خود)ەکە خۆی، شیاوی پۆلین کردنن. هەر بۆنموونە، حەمەدەمینی ناوپردان خۆی بەئامۆزای شێخ محەمەدی وەلاش دادەنێ. راستییەکەی حەمەدەمین نەوەی نەوەی نەوەی میر محەمەد ئاغایەو شێخ محەمەد نەوەی نەوەی هەر ئەو پیاوەیە. لەبارەی هۆزی (دزەیی)یش، کەکۆمەڵێکن بەفراوانی لەناوچەی (C) دا بڵاوبوونەتەوە، بۆیان باس کردم کە(ئەمانە هەموو بەیەکتر دەڵێن ئامۆزا). ئەمە وا دەگەیەنێ هەموویان لەیەك تیرەوە هاتوون.

بەلای زانیاریدەرەکانم، ریزی زەماوەند (ژن هێنانی) پەسەند بەم جۆرەیە:

یەکەم : ئامۆزا،

دووەم: پوورزا (خوشکی باوك)

سێیەم: خاڵۆزا

چوارەم: پوورزا (کچی خوشکی باوك)



CS CamScanner

دیاره ئەم باسە لەگەڵ ئەو ڕەوشانە یەك دەگرنەوە کەلەناوچە محەمەدییەکانی تر (ئیسلامییەکانی تر – و) تۆمار کراون (بڕوانە: سێلیگمان، ل٢٦٨) ، بەڵام من بۆم نەکرا ڕادەی جۆرە تایبەتییەکانی زەماوەند ساغ بکەمەوە. دەبێ ئاگامان لەوەبێ کەزۆرجار لەوانەیە کچی برای باوك (دۆتمام)و کچی خوشکی باوك (پوورزا) هەمان کەس بن. هەر بەم جۆرەش لەوانەیە کچی برای دایك (خاڵۆزا)و کچی خوشکی دایك (پوورزا) یەك شت بن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئامۆزاو خاڵۆزا ئەو کاتە یەك بگرنەوە کەهەردووکیان بەمانای پۆلێنکاری بەکاربێن. من بەواقیع تووشی هیچ بەکارهێنانێکی پۆلێنکاری زاراوەی خاڵۆزا نەبووم. ئەمە لەوانەیە تەنیا منداڵە ڕاستەوخۆکانی برای دایك (خاڵۆ) بگرێتەوە. دیارە تا زۆر بەم دواییەش ، زەماوەندکردن لەگەڵ ئامۆزا هەر تەنیا نەریتێکی پەسند نەبووەو بەس، بەڵکو مافێکی ڕەواش بووە. (های) (ل٧١) کوژرانی دڕندانەی کچێکی تۆمار کردووە کەڕازی نەبووە پەیڕەوی ئەم دەستوورە بکا . هەرچەندە ئەمڕۆ کۆتەکانی زەماوەند تارادەیەك خاوبوونەتەوە، بەڵام لەوانەیە زۆربەی هەرە زۆری ڕەشەوەندی خەڵك ئێستاش هەر ژن لەخزمو کەس‌وکاری پشتێی خۆیان بێنن. بەڵام لەڕاستییدا، مەسەلەکە زۆر بەئارەزووەوە نییە.

لەناوچەی باڵەك، ڕێژەی (بیانیان) ، بۆ نموونە جوولەکەو ئاسووریو دیانو بازرگانو کوردی هۆزەکانی ترو .. هتد زۆر کەمە. لەم کۆمەڵەیەدا، نزیکەی هەریەکەو سەر بەیەکێ لەسێ

بەرەبابەکەیە. ئەم بەرەبابانە خۆشیان هەریەکەیان، کەمو زۆر، سەربەخۆن. لەهەر گوندێکدا نزیکەی هەر هەموو خەڵکەکە لەگەڵ ئاغا لەیەك بەرەبابن.

خێزانی کورد، کەزەماوەندی ئامۆزای راستەقینەی تێدایەو پێویست ناکات ژن لەکاتی زەماوەنددا بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی‌تر. ئەمە دەبێ بەمایەی هاتنە کایەوەی ئەو دیاردەیەی زاراوەی کۆمەڵەی (برا جێیی) بۆ بەکاردێ. لەو حاڵەتەدا براکان، دراوسێی زۆر نزیکن‌و وا دەبێ هەموویان لەیەك حەوشەدا دەژین. ئەم جۆرە برایانە بەزۆری ئیش‌وکاری دەناوهێنانی زەوی‌وزارەکەیان بەهاوبەشیی دەکەن‌و تەنانەت هاوکاری لەگەڵ ئامۆزاکانیشیان دەکەن. ئاشکرایە، زەماوەندی ئامۆزای راستەقینە یاریدەی ئاسانکردن‌و بەردەوام بوونی ئەم جۆرە هاوکارییە دەدا. جگە لەمە، لەو حاڵەتەدا، نەختی بووك، بەناو هەرچەندی هەبێ. بەکردەوە هەر تەنیا تۆمارکردنی ناو کتێب‌و گواستنەوەی کەل‌وپەلەکەیە لەدەستی راستەوە بۆ دەستی چەپ. کورد بەئارەزووەوە مەرایی بۆ ژنەکانیان دەکەن بەوەی جەخت دەکەن کە نەختێکی خەیاڵییان بەژنەکانیان داوە.

بگرە لەو شوێنەش کە زەماوەند لەگەڵ کچی برای باوك رێك نەکەوێ، هێشتا پیاو ئارەزوویەکی زۆری هەیە کەکچێکی گوندەکەی خۆی بێنێ. واتە ئامۆزایەکی پۆلینکاری بێنێ. ئەگەر جگە لەمە هیچ هۆی تریش نەبێ، ئاغا دەبێ هەموو



CamScanner

زەماوەندێك بسەلمێنێ و قازانجێكی ئاشكرای ئاغا لەوەدایە كەئەمە بەپێی توانا یەكێتی كۆمەڵەكە دەپارێزێ. جگە لەوەش، پیاوی سەر بەچینی رەشەوەندی خەڵك بە شێوەی ئاسایی دەرفەتی كەمە بۆ ئەوەی كچی گوندێكی‌تر بێنێ، یان چاوی لەهێنانی‌بێ. خۆ بۆ كچی بەرەبابێكی تر، یان هۆزێكی‌تر دەرفەتەكە هەر زۆر كەمتریشە.

## زەماوەندی ئاغاكان:

ئەوەی لەسەرەوە باسمان كرد تەنیا پێكهێنانی زەماوەندی خێزانە كرمانجەكانە، رێورەسمی زەماوەندی كورە ئاغا تەواو لەمە جیایە. یاسای محەمەدی (ئیسلامی —و) رێ بەپیاو دەدا، لەیەك كاتدا چوار ژنی هەبێ و پیاو دەتوانێ هەر تەنیا بەسێ‌جار دەربڕینی وشەی (تەڵاق) دەست لەژنەكەی بەربدا. بەكردەوە، زۆر بەدەگمەن وادەبێ كرمانجێكی ناوچەی باڵەك دەستی بڕوا ژنێك زیاتر بێنێ و فرەژنی تارادەیەك ئیمتیازێكی تایبەتە بەئاغاكان. زەماوەندكردن لەگەڵ كچی برای باوك دەبێ بەهۆی ئاسانكاری‌و چڕبوونەوەی میراتی پەزو كەل‌وپەل و ئامێری تری (سەرمایە) لەچوارچێوەی یەكێتی ئابووری دەستەوتاقمی خێزانەكەوە. لەهەمان كاتیشدا، رێگە نادا ناكۆكی لەسەر ماف دەناوهێنانی زەوی‌وزار رووبدات. بەلام ئاغا، بەهۆی هەل‌ومەرجی میراتەوە خۆی ناسەپێنێ چونكە

بەو مانا تایبەتییەی باسمان کرد، هەرچی زەوی هەیە هەمووی هی ئەوەو دوای مردنیشی هیچ کێشەیەکی پارچەپارچەبوونی زەویوزارەکە نایەتە گۆڕێ. ئاغا زیاتر مەبەستی ئەوەیە بەهەیبەتو شکۆداربێو بەئاشتی لەگەڵ دراوسێکانیدا بژی. بۆیە دەبینین زەماوەندی ئاغاکان دەکەوێتە قالبی پەیمانی سیاسیو زیاتر لەشێوازی زەماوەندی شاهانەی ئەورووپای سەدەکانی ناوەراست دەکات. بۆنموونە، شێخ محەمەداغای وەلاش لەماوەی تەمەنی درێژی خۆیا (٩) ژنی هێناوەو (١٥) منداڵی لێ ماون. دیارە بەهۆی ژنهێنانی خۆیەوە، یان ژنهێنانی کورەکانیەوە، لەناو چوارچێوەی بازنەیەکی نیوەتیرەی (٥٠) میلیدا، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ هەموو سەرۆكو مرۆی هۆزو پیاوە ئایینیو شارستانییە گەورەکان هەیە. ئاغا بچووکەکان بەیەك دوو هاوپەیمانێتی لەگەڵ دراوسێ دیارەکانیان بەس دەکەن، کەچی ئەوەکانی تریان زەماوەند لەگەڵ جقاتی خۆیان دەکەن، بەمەوە خزمایەتی نێوان ئاغاو کرمانجەکانی بەهێزو پتەو دەبێ. جێی خۆیەتی لیرە بەدووروردرێژی لەکاریگەریی ئەم دیاردەیە ورد ببینەوە.

شێخ محەمەدی وەلاش یەکێ بوو لەو نۆ برایەی کەلەژیاندا مابوون. ئەو خۆیشی نۆ ژنی هێنابوو، شەش کورو چەند کچێکی لێ مابوون.

میر محەمەدەمینی دەرگەڵە شەش ژنی هێنابوو و (٢٤) منالی لێ ببوون، لەوانە (٩) کوڕو (٦) کچ مابوون.

ئەگەر تەنیا سەرجەلەی نێرینەکان وەربگرین، دەردەکەوێ کەرێژەی منداڵبوونی ئاغای (میرانی) بەرادەی مانەوەی هەشت کوڕە. ئەگەر وا دابنێین سەرجەمی دانیشتوانی گوندەکان بەوردی هەر وەکوو خۆی دەمێنێتەوە، بەو ئەنجامە دەگەین کەرێژەی لەدایکبوونی چالاك تارادەیەکی زۆر سەنگی بەلای ئاغاکاندا دەشکێتەوە. دیارە کاریگەریی ئەمەش ئەوە دەبێ کەلەزۆر گوندی بچووك، ئاغا نەك هەر وەکوو هەموو خەڵکەکە لەهەمان بەرەبابە، بەڵکو پەیوەندی زۆر نزیکی بەنزیکەی نیوەی خەڵکەکەشەوە هەیە. من بۆم رێك نەکەوت هیچ ئامارێکی ورد لەبارەی هیچ گوندێکەوە ئەنجام بدەم، بەڵام وابزانم سەرنجەکانم لەبارەی وەلاشەوە [١٥] تارادەیەك زۆر وردن و جەخت لەسەر ئەم بۆچوونانە دەکەن.

گوندەکە دوازدە ماڵی جیاو سەربەخۆ بوو. لەمانە چواریان لەسەر حسابی کۆشك و سەرای ئاغاو دەزگای کوڕی بەماڵ و ژنی سێیەم و چوارەم و هی برایەکی بەڕێوە دەچوون (دوو کوڕەکەی گەورەتریّ بەهەقی خۆیان ببوون بەئاغای گوند دراوسێکان). بەتەخمینی خۆم ژمارەی خەڵکەکە بریتی بوو لە(٩٠) کەس: (٢٥) پیاوو (٣٠) ژن و (٣٥) منداڵ. ماڵی ئاغا دەوری (٢٠) کەس دەبوون بەمنداڵە گەورەکان و نۆکەرەکانی



CamScanner

ناو مالیشەوە، کەچی مالی دوو کوڕە ژندارەکەو براکەی هەریەکە دەوری هەشت کەس بوو. کەواتە، لەم حالەتەدا، نیوەی تەواوی خەلکی گوند پەیوەندی راستەوخۆی خزمایەتی، یان ئابوورییان لەگەل ئاغادا هەبوو. بۆی هەیە ئەم حالەتە ریزپەڕبێ بەلام لەهەمان کاتدا دەبێ بەلێکدانەوەیەکی ئەو دیاردەی ئاخۆ بۆچی کرێی (٥٠٪) ی بەروبوومی زەوی بەراستی لەو گرانییە نییە.

## بەراوردێک لەگەل تێبینییەکانی (های):

(ئەم باسەی سەرەوە تێکچڕژان و بەناویەکداچوونی رەوشی خزمایەتی و سیاسی نێو کوردی بالەك پێشان دەدا، وەکوو شیکردنەوەیەکی کۆمەلناسی، جێی خۆیەتی تێبینی ئەوە بکەین کەئەگەر بەبێ هەلسەنگاندنی شیاوی بایەخی کۆمەلناسی خزمایەتی، هەمان راستەقینەی ئەزموونکاری رەچاو بکرێ، داخۆ ئەنجام چ دەبێ. ئەم وەرگرتنانەی خوارەوە پایەی ئاغا بەپێی تێگەیشتنی (های) روون دەکەنەوە).

## یەکەمیان زۆر لەگوینە:

(ل٦٥): (هۆز جڤاتێکە، یان هاوپەیمانێتی چەند جڤاتێکە بۆ پاراستنی ئەندامەکانی لەدژی دەستدرێژی دەرەکی و بۆ پاراستنی دابی ڕەگەزی کۆن و پێوەرەکانی ژیان لەئارادایە. هەندێ هۆز هیچ سەرۆکی دان پێنراویان نییەو هەندێکی تر زۆریان هەیە."

## دووەمیان زیاتر گریمانەییە:

(ل، ٦٥/٦٦): (( پایەی ئاغا، تارادەیەکی زۆر لەهۆزێکەوە بۆ هۆزێکیتر دەگۆڕێ. لەشاخە دوورەکان، ئاغا، هەرچەندە خەڵکەکە بەبێ نارەزایی گوێڕایەڵی دەکەن، بەڵام خۆی یەکێکە لەمرۆیەکانی هۆزەکە. رۆڵەی سەرەکی خێزانێکە کەبەهۆی ئازایەتی جەنگەوە سەرۆکایەتی بەدەست هێناوە.

لەخوارترەوە، ئاغا بەزۆری سەر بەچینێکی تەواو جیایەو رێو رەچەڵەکی لەگەڵ پیاوەکانی هۆزەکە جیایە. هۆزی گەورە دابەشی سەر چەند پارچەیەك دەبێ‌و لەهۆزی جۆراوجۆرەوە زۆر پارچە دەبینین ناویان وەکوو یەك وایە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کەسەرۆکەکانی ئێستا سەر بەماڵباتی دەسەڵاتدارن کەناوچەکەیان داگیر کردووەو زەوییەکانیان زەوت کردووە. ئەمە بەزەقی لەلای دزەییەکان وایە کەنزیکەی هەر هەموو زەوییەکە هی یەك ماڵباتی دەسەلاتدارو زەبر بەدەستە کەهەندێ سەرۆك‌و ئاغای ئەو هۆزە دێرینە ئێستاش لەدژی ئەوان لەخەباتێکی نابەرابەر دان. لێرەدا، سەرۆکەکە خاوەنی زەوییەو سیستەمە باوەکە دەرەبەگایەتییە، زیاتر لەوەی هۆزەکی بێت)).

ئەو بۆچوونەی دەڵێ لەناوچەی گردۆلکەو پێدەشت، ئاغاکان بەزۆری رەچەڵەکیان لەهی گوندەکانیان جیایە بۆچوونێکی دروستەو لەبەشی یەکەمدا باسی کراوە. ئەو

رایـەی دەڵـێ بـەرەباب (نمایـنـدەی خـاوەنی ئەسـڵی زەویـن)، کەچی ئاغا هـەرە گـەورەکانی هـۆز خـاوەن زەویـی داگیر کـەرن، تـەنیا خەیاڵـەو بـەس. بـەش بـەحاڵی دزەییـان لـەوە دەکـا مەسـەلەکە بـەم جۆرەبـێ کەهۆزەکـە خـۆی (هـەمووی یـەك بنەماڵەیـە) (بـەرەباب) کەچـی زەوییەکـە بـەزۆری لەبەردەستی زەویدارە شارنشینەکاندایە کەقەت هیچ پەیوەندی خزمایەتیان لەگـەڵ دزەییـان نییـە. وایـە جیاکردنـەوەی ڕەچـەڵەکی ئاغـاو کرمـانج لەناوچـەی پێدەشـت شـتێکی دروسـتە، بـەڵام لـەناو هۆزەکانـدا وانییـە. بـۆ نموونـە، ئەمـەی خـوارەوە تـەواو بـێ بنەمایە:

(های ل ٤٢) : (( لەهۆزە گەورەکانا، ئاغاکان چەند پشتێکە بەخاووخێزانـەوە تـەواو لـەکاری دەسـتی دوورکەوتوونەتـەوە، بۆیـە زۆر لـەوەرزێرەکان ناسـکترن)) لەوانەیـە ئـەم گشـتاندنە هەندێ ئەنجامی کۆمەڵناسیی سەرسوڕهێنەری لێ بکەوێتەوە.

(ل، ٢٢١) : "ئـەم گونـدە – مەرگـە، نەخشـەی ٢ – یەکسـەر دەکەوێتـە خـوار (وەڵاش)ی نشـینگەی شـێخ محەمـەداغای باڵـەك و خەڵکەکـەی، کەپـەنجا خێزانێـك دەبـن، نزیکـەی هـەر هـەموویان خزمـی خـۆین، لەبەرئـەوەی پسـاغەن بەلایانـەوە شەرمو فهێتە زەوی بکێڵن، بۆیـە گوزەرانیان تـەنیا لەسـەر دوو شتە : یان لەسەر حیسابی شێخ محەمەداغا دەژین کەزۆربەی مووچـەکەی خۆیـان پـێ دەدا بۆئـەوەی دایانکاسـێنێ، یـان



CS CamScanner

ڕاوڕووت دەکەن و باج و هەستە لەکاروانەکانی سەر ڕێگای ئێران دەسەنن))

من ئەم بڕگەیەم بەلاوە زۆر دروست و ڕوونکارییە چونکە لەسەر بنچینەی ئەو بەڵگەیە هاتووە کەسیاسەتی (هێورکردنەوەی سەربازی)ی بریتانی لەسەر هەموو سنوورە دوورەکانی ئیمپراتۆریەت پیادە دەکرا. دیارە مرۆی هۆزەکانی ئەودیو سنوور هەمیشە (جەردەو ڕێگری سەرکەشن)، خەریکی تالان و بڕۆی وەرزێرە بێگوناهەکانی ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بریتانین.

هەڵبەت (های) بەنەقەست قسەی واناکا. ئەو تەنیا لەدوورەوە مەرگەی دیوەو بارودۆخەکەی تەنیا بەو جۆرە نووسیوە کەشێخ محەمەد بۆی باس کردووە. ئاشکرایە شێخ محەمەد، کەئەو باسەی بۆ کردووە، ویستوویەتی، لەپێناوی پارەی زیاتر، بەڕێوەبەرایەتی بریتانی چاوترسێن بکاو بۆی هەیە ئەو تالان و بڕۆیەی گازندەی لەدەست دەکرا هەر لەبن سەری خۆیدا بووبێ. ئەمڕۆ مەرگە، لەسەراپای ناوچەکە چڕو پڕترین و بەفەڕترین زەوی و کێڵگەی تێدایەو بەگوندێکی خۆشگوزەران دادەنرێ. هیچ هۆمان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوە بچین کەسالی ١٩٢٠، هەلوێستەکە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبووبێ، ئەگەرچی ئەوەش هەیە کەکاولکاریی شەڕ، ناوبەناو

بۆتە هۆی هەڵوەشانەوەی کاروباری کشت و کاڵیی سەراپای ناوچەکە.

ئەمە بەرگرییەکی تایبەتی نییە بەناوی گوندییەکانی مەرگە، یان کورد بەشێوەیەکی گشتی. ئێستا وەختی ئەوەیە چالاکییە نگریس و خراپەکان بەقەبارەی خۆیان بخرێنە بەرچاو. پێویستە دان پێدابنێین کەپێش دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی دەرەکی ، زۆربەی هۆزە کوردەکان، هەرکاتێ دەرفەتیان بۆ رەخسابێ، خەریکی تالان و بڕۆ بوون. ئەمە لایەنێکی چەسپیوی کۆمەڵایەتی ژیانی ناوەوەی هۆز بووە. کورد خۆیشیان لەچیرۆکی میللی و داب ونەریتی کۆندا زۆر جەختی لەسەر دەکەن. بەڵام هەر ئەم جەخت کردنەشە بۆتە هۆی ئەوپەڕی شێواندنی هەموو لایەنێکی ژیانی کوردەواری، چ ساکارو چ رەسمی.

بۆ خوێندنەوەی هەرچی لەم بارەیەوە نووسراوە، دەبێ گریمانە بکەین کەزەمانی خۆی زۆربەی جڤاتی کورد تەنیا لەسەر تالان و بڕۆ ژیاون و ئێستاش کەحکوومەت لەسیاسی تەپەسەرو سەرکوت کردنی ژیاریی خۆی بەردەوامە ئاشکرایە ئەم جۆرە هەلانە دەبن بەشتی باو. بەڵام چاوەدێری بێلایەن ناتوانێ خۆی لەو ئەنجامگیرییە لابدا کەزۆربەی کارە رێگرییە هەرە سەرکێشەکانی کورد، بریتین لەبەرهەمی خەیاڵی کورد خۆی. ئەگەر ئەم چالاکییە شەرەنگێزانە بەپێوەری دروستی

بۆتە هۆی هەڵوەشانەوەی کاروباری کشت و کاڵیی سەراپای ناوچەکە.

ئەمە بەرگرییەکی تایبەتی نییە بەناوی گوندییەکانی مەرگە، یان کورد بەشێوەیەکی گشتی. ئێستا وەختی ئەوەیە چالاکییە نگریس و خراپەکان بەقەبارەی خۆیان بخرێنە بەرچاو. پێویستە دان پێدابنێین کەپێش دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی دەرەکی ، زۆربەی هۆزە کوردەکان، هەرکاتێ دەرفەتیان بۆ رەخسابێ، خەریکی تالآن و بڕۆ بوون. ئەمە لایەنێکی چەسپیوی کۆمەڵایەتی ژیانی ناوەوەی هۆز بووە. کورد خۆیشیان لەچیرۆکی میللی و داب ونەریتی کۆندا زۆر جەختی لەسەر دەکەن. بەڵام هەر ئەم جەخت کردنەشە بۆتە هۆی ئەوپەڕی شێواندنی هەموو لایەنێکی ژیانی کوردەواری، چ ساکارو چ رەسمی.

بۆ خوێندنەوەی هەرچی لەم بارەیەوە نووسراوە، دەبێ گریمانە بکەین کەزەمانی خۆی زۆربەی جڤاتی کورد تەنیا لەسەر تالآن و بڕۆ ژیاون و ئێستاش کەحکوومەت لەسیاسی تەپەسەرو سەرکوت کردنی ژیاریی خۆی بەردەوامە ئاشکرایە ئەم جۆرە هەلانە دەبن بەشتی باو. بەڵام چاوەدێری بێلایەن ناتوانێ خۆی لەو ئەنجامگیرییە لابدا کەزۆربەی کارە رێگرییە هەرە سەرکێشەکانی کورد، بریتین لەبەرهەمی خەیاڵی کورد خۆی. ئەگەر ئەم چالاکییە شەرەنگێزانە بەپێوەری دروستی

خۆیــان تەماشــا بکــرێن، دەردەکــەوێ کــە ئەمانــە هــەرگیز لەتەعلیقێکی خۆش زیاتر نەبوون لەسەر بازنەی هاوسەنگیی ئاسایی ئابووریی کشتو کاڵی.

## خاڵەکانی شیکردنەوە لێکۆڵینەوەی زیاتریان بەدەمەوەیە:

شــیکردنەوەی ســەرەوە ئــەو ڕاســتییەی جــەخت کــردەوە کــەئاغا لەگــەڵ زۆربــەی کرمانجــەکانی لەیــەك کۆمەڵــەی خزمایەتینو زۆر لەنزیکەوەش پەیوەندی لەگەڵ زۆربەیان هەیە. شــایەنی تێبینییــە کــەمیر حەمــەدەمینی دەرگەڵــە لــەکاتی قســەکردندا جیــاوازی لــەنێوان (خزمــی خۆمانــە)و (کرمانجــە) دەکرد، بەڵام من گومانم هەیە کەهێڵێکی دابڕانی ورد لەنێوان ئەم دووپۆلینەدا هەبێ تێبینیم دەکرد، بەلانی کەمەوە، هەندێ بنعــامی خــۆی دەخســتە ژێــر زاراوەکــەی پێشــەوە. دیــاربوو. بــەکردەوە جیاوازییەکــە ئەمــەبوو: خزمــەکانی هــەقیان هــەبوو کەلەدیوەخانەکەی دابنیشــن، کەچی کرمانجــەکان تــەنیا ئەگــەر بەتایبــەتی بانگێشــت کرابــان ئەوســا دەیــانتوانی لەدیوەخانــە دابنیشــن. لــەڕووی زمانەوانییــەوە تێکەڵییــەك لــەنێوان زاراوەی (کرمــانج) و (مســـکین)دا هـــەبوو. هـــەردووکیان بەوشـــەی (فلاحــین)ی عــەرەبی بــۆمن تەرجەمــە کــرد. هــەروەها لــەم ناوچەیەدا، بەناویەکداچوونێکی زۆر لەنێوان هەردوو زاراوەی

کوردی : (کرمانجی)و (کوردی) دا هەیەو دوور نییە ئاڵۆزییەکە بەهۆی نەشارەزایی زمانەوانیەوە بێ.

خاڵێکی‌تر کەپێویستی بە لێ وردبوونەوەی پترە، بریتییە لەمیراتگری وردیی نازناوی ئاغا. ئێمە دیمان کەلەبواری رێکخستنی سیاسییەوە، هەر گوندەو لەیەک کاتدا تەنیا یەک تاکە ئاغای هەیە بەمانای خاوەن زەوی. جێگرتنەوە مەرج نییە بەپێی دەستووری نۆبەرەیی بێ. بۆ نموونە، شێخ محەمەداغای وەلاش و عەلیاغای ڕایات هەردووکیان برای لەخۆیان گەورەتریان هەبوو، لەهەمان گونددا لەگەڵیاندا دەژیان. شێخ محەمەداغای وەلاش برا گەورەکەی تەقاویتەو هیچ بەشداری لەئیش‌وکاری دیدا ناکا. عەلیاغای ڕایاتیش عەبدوللای برای بەدرێژایی زستان لەماڵی عەلیاغا دەژی لەڕایات و کەهاوین دادێ لەگەڵ کەمێ گوندینی مەڕو بزن دەباو دەچێتە کوێستانان لەوێ هۆبەی خۆی هەڵدەدا. هەرچەندە عەبدوللاغا براگەورەیە. هیچ قسەی لەسەر نییە کەتەنیا عالیاغاو بەس سەرۆکی کۆمەڵەکەیە.

لەلایەکی‌تریشەوە، هەرچەندە ئاغای ڕایات هەر تەنیا عەلیاغایەو بەس، بەڵام نازناوی ئاغا بەشێوەیەکی زۆر فراوان بۆ ناوهێنان بڵاوبۆتەوە.

بەم جۆرە لەڕایات، عەلی سەرۆکی بەساڵاچوو و براکەی‌و دوو برازاکەی: کەریم و عەلی و کوڕە گەورەکەشی (کەلەکاتی

سەردانی من لەوێ نەبوو) هەموو لەکاتی دواندنی ئاسایی‌دا نازناوی ئاغایان بۆ بەکاردێ. لەوە دەکا ئەم بەکاربردنەی نازناوی ئاغا دیاردەیەکی ئاسایی بێ. بەهەمان شێوە. براکەی حەمەدەمینی ناوپردان بەرەسولاغا ناسراوە، هەرچەندە خۆی ئەرکی خاوەن زەوی نابینێ. چوار کوڕە گەورەکەی شێخ محەمەداغاش هەموویان ئەو نازناوەیان هەیە. بەڵام ئەوە روون نییە ئاخۆ نازناوەکە چۆن پشتاوپشت دێتە خوارێ. بۆ نموونە. ئایا کوڕەکانی کەریم. کەلەسەردەمی خۆیاندا دەبن بەبنعامی ئاغای فەرمانڕەوای رایات: ئاخۆ ئەوانیش نازناوەکە وەردەگرن؟ لەوانەیە هیچ دەستوورێکی ورد لەم بارەیەوە نەبێ.

لێرە بەدواوە، لەم کتێبەدا، کەئاماژە بۆ ئاغا، یان ئاغاکانی دەستەوتاقمێکی تایبەتی دەکەم، وشەکە تەنیا بۆ ئەو کەسانە بەکاردێنم کەئەرکی کۆمەڵناسیی ئاغا دەگێڕن. نەک بۆ هەر کوڕێکی، یان هەر خزمێکی، کەئەو نازناوەی بۆ بەکاربێ.

دەکرێ ئەرکی کۆمەڵناسیی ئاغای گوند زۆر بەڕوونی دیاری بکەین. ئاغا خاوەنی زەوییە – لەسای ئەم نازناوەوە کرێی زەوییەکان وەردەگرێ و دیوەخانەی گوند بەڕێوە دەبا. هەروەکوو دواتر دەیبینین ئەم دوو ئەرکە زۆر بەپتەوی بەناویەکدا دەچن

## ڕەوشی کۆمەڵایەتی ناوچەکانی تری جگە لەباڵەک:

هەروەکوو لەپێشەوە ڕوونمان کردەوە، دەبێ بەپارێزەوە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکانی من بکرێ لەبارەی دەستەوتاقمەکانی تری جگە لەباڵەك. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆی هەیە ئەم سەرنجانەی خوارەوە نرخی خۆیان هەبێ بۆ ئەوانەی دەیانەوێ زیاتر لەناوچەکە بکۆڵنەوە.

## ناوچەی (B):

لەوە دەکا هۆزەکانی ئەم ناوچەیە وەکوو سوورچی و خۆشناو، لەبنەڕەتدا لەسەر ئەو ڕێورەسمە ڕێکخرابن کەلەسەرەوە باس کراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ماوەیەکی مەیلەو زۆرە پەیوەندییان بەبەڕێوەبەرایەتی دەرەکییەوە هەیە، ئێستا ڕەوشی کۆمەڵایەتیان ئالۆسکاوە. دیارە مەیلی گشتی لادەکا بەلای ئەوەدا کەزەوی ببێ بەموڵکی ئەو زەویدارە لاوەکییانەی کەهیچ پەیوەندی خزمایەتییان لەگەڵ کرمانجەکان دا نییە. سەرەڕای ئەمەش گوندەکان ئەو تەبایی و هەماهەنگییە هۆزەکییەیان نییە کەلەناو باڵەکایەتی بەرچاو دەکەوێ.

## ناوچەی (C):

پێشتر باسی هۆزە سەرەکییە نیشتەجێکانی ئەم ناوچەیەمان کرد کەدزەیی و گەردین. لای دزەییان، وەکوو (هـای) نووسیویەتی، ڕێکخستنەکە دەرەبەگایەتییە زیاتر لەوەی خێڵەکی بێت، چونکە ئاغای گوند خزمایەتی لەگەڵ



CamScanner

کرمانجەکان نییە. بۆیان باس کردم کە : (( دزەییەکان هەموو بەیەکتر دەڵێن: ئامۆزا)) . ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، مانای وایە هۆزەکە هەمووی لەیەك بەرەباب پێك دێ. کەچی لای گەردییەکان، لەوە دەکا مەسەلەکە تارادەیەك جیاواز بێ. جەمیلاغای سەرۆکی هەرە گەورەیان خۆی گەردییە بەڵام بەرەوشت و هەڵس وکەوت شارستانییەو زۆر رووناداتە کرمانجەکانی.

ژیاری پێدەشت لەرووی تەکنۆلۆجییەوە؛ زۆر بەزەقی لەهی ناوچەی گردۆلکەکان جیایە، بەتایبەتی لەبارەی خانوو دروست کردن و کەرەستەی کشت وکاڵی. جیاوازییەکی گرنگی کۆمەڵناسی ئەوەیە کەبەهۆی کەم ئاوییەوە. شوێنی گوندەکان بەپێی شوێنی بیرو سەروچاوەی ئاوەوە دیاری دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ. بۆیە گوندەکانی پێدەشت لەوانەی ناوچەی گردۆلکەکان گەورەترن و لەگۆڕستانی دەوروبەرو لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسییەوە دیارە هەندێ لەو شوێنانە (بۆنموونە وەکوو بەحرکە) چەند هەزار ساڵە ژیانیان تێدا بەردەوامە.

## کۆچەر:

هەرچەندە من خۆم زانیاریم لەم بابەتەوە زۆر کەمە، بەڵام بەڵگەو نیشانەی وا بەدەستەوەن کەدەری دەخەن رەوش و رێکخستنی کۆمەڵایەتی هۆزێکی وەکوو هەرکی لەزۆر لاوە لەهۆزە بنەجێکان جیایە. لەزاراوەسازیدا، دیارە زاراوەی قەبیلە بەرامبەر بەعەشیرەت دێ و خێڵ بەرامبەر بەتایفە، بەڵام لەوانەیە لێکچوونەکە دەقاو دەق نەبێ. زاراوەی هۆبە بەرامبەر بەگوند دەوەستێ و بریتییە لەچەند رەشماڵێکی کەم لەیەک شوێندا. ئەم زاراوەی دواوە لەلایەن خەڵکی بنەجێش بەکاردێ. لەناو شەڤدینییەکانی باڵەك، خەڵکەکە لەماوەی مانگە گەرمەکانی هاوین گوندی خۆیان جێ دێڵن و دەچن لەناو رەشماڵان دەژین. کەمن چوومە سەردانی عەلیاغای رایات، رەوشەکە بەم جۆرە بوو. بەم بۆنەیەوە رایات دابەشی سەر دوو هۆبەی جیاو سەربەخۆ کرابوو: یەکێکیان لەژێر سەرپەرشتی عەلیاغا خۆی دابوو، ئەوەیتر لەژێر سەرپەرشتی براکەی دابوو. هەردووکیان دەوری میلێك، شتێکی وا، لەگوندە چۆلکراوەکەیانەوە دووربوون. بۆیان باس کردم کەلەناو کۆچەرایەتیدا، هۆبە قەبارەکەی بچووکە، هەر دەستەوتاقمێك تەنیا لەیەك خێزانی گەشەکردوو پێك دێ (بۆنموونە، باوك و براو کوڕو ئەوانەی ئەمانە بەخێویان دەکەن). هەرچەندە هەرکی لەکۆچ و باری ساڵانەیاندا بەسەر ناوچەیەکی فراواندا

# بەشی سێیەم

# ڕەوشی ئابووری

دیوەخانە:

ئێمە تا ئێستا بەگشتی بایەخمان بەباسکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی جیاجیا داوە کەجڤاتی هۆزەکی کورد پێ دێنن.. پێویستە لەئاستی دەزگاییدا لەهەمان ئەو پەیوەندییانە بکۆڵینەوەو بەجۆرێکی قووڵتر لەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە وردبینەوە کەپەیوەندییەکان دەوری خۆیان تێدا دەگێڕن.

من خۆم پایەی ئاغای گوندم لەڕووی ئەرکەوە بەم جۆرە دەست نیشان کردووە:

ا ـ ئاغا ئەو کەسەیە کەزەوی (هەیە) و سەبارەت بەو نازناوەوە کرێی زەوییەکە وەردەگرێ.

ب ـ ئاغا ئەو کەسەیە کەدیوەخانە بەڕێوە دەبا.

ئێستا دەبێ بەشێوەیەکی زۆرقووڵتر لەم پێناسەیە بکۆڵینەوە.

خەسیەتێکی سەرەکی رەوشتی کورد ئەوەیە کە مرۆڤی لایدە، پایەو شوێنی هەرچی هەبێ، لەسەر حیسابی ئاغا خواردن و ئەنوای پێشکەش دەکرێ[١٦] ئاغا تا میوانداریەکەی چەورترو بەهەیت و هووتر بێ لەبەرچاوی هاوڕێکانی گەورەتر دەبێ، ئەمەش دەگاتە رادەیەك ئەو هەیت و هووتەی مرۆڤ لەسایەی میوانداریی باش و سەخی دەستی دەکەوێ، بۆی هەیە لەرووی ناوبانگەوە، ئەو کەم و کورتیانەی لەگەڵ لەدایکبوونەوە پێیەوە لکاون پڕ بکاتەوە. بۆنموونە، حەمەدەمیناغای ناوپردان هەرچەندە تەنیا پیاوێکی دەستکورت و خزمێکی مەیلەو دووری سەرۆکی فەرمانڕەوای هۆزەکەیەتی، لەگەڵ ئەمەشدا هەر تەنیا سەبارەت بەمیوانپەروەریی، ناوبانگێکی گەورەی لەسەرابای ناوچەکەدا هەیەو لەهەموو لایەکەوە چەسپاوە کەئەم لەشێخ محەمەداغای وەلاشی ئاغای بەناو، زۆر پیاوترە (پیاو: زاراوە کوردییەکە وەکوو ئەوەی لای خۆمان وایە). ئەگەر حەمەدەمین ئەوەندە سەخی نەبایە، بۆی هەیە ئەویش دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار بوایە. شێخ محەمەد رەزیل و پیرەژن بوو[١٧]. پێویستە دان بەوەشدا بنێین کەلەوانەیە ناوبانگی سەخاوەت، بەتەنیا، هیچ پاداشتی ماددی تایبەتی وەکوو قازانجی ئابووری، یان دەسەڵاتی کردەنی بەدەمەوە نەبێ، بەڵام شێوەی کۆمەڵەکە بەجۆرێکی وایە ئەم جۆرە ناوبانگە نرخی لەسەرووی هەموو

ئەوانی تـرەوە بـۆ دادەنـرێو دەبـێ هـەر لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم کۆمەڵە بەهایەش لەدەزگای دیوەخانە بکۆڵینەوە (١٨).

لەناو دەستەو تاقمی نیمچە کۆچەرەکانی وەکوو شەڤدینی، کـەهاوین لـەناو ڕەشمـاڵ بەسـەردەبەن، بەشـێکی ڕەشماڵەکـەی ئاغا دەکـرێ بەدیوەخانـەو بەتایبـەتی بـۆ ئـەم مەبەسـتە جیـا دەکرێتـەوە. ئەمـە لەگـەڵ دیوەخانـەی کۆچـەری عـەرەبی یـەك دەگرێتەوە.

ئاغـا زۆربـەی وەختـی خـۆی بـەرۆژ لـەناو دیوەخانـە، یـان لەدەوروبەری، بەسەر دەباو ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی جەمەکان دەکاو وا دەکا جەمەکە لەگەڵ پایـەو شـکۆمەندیی میوانەکـەی بگونجـێ. ئامـادەکردنی ڕاسـتەقینەی جەمـەکان لەبەردەسـتی ژناندایـە، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ژنـان هـەرگیز خۆیـان نایەنـە دیوەخانە. ئەگەر میوانەکە پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی هەبێ، ئـەو حەلـە ئاغـا، یـان خـۆی لەدیوەخانـە دەخـەوێ، یـان یـەکێ لـەکوڕەکانی لـەباتی خـۆی دەنێـرێ بـۆ ئـەوەی بـۆ پاراسـتنی میوانەکە لەوێ بخەوێ.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بێ، وەسفی دیوەخانە نییە وەکوو چۆنە ئاوا، بەڵکو باس کردنی بایـەخی ئابووریو کۆمەڵایـەتی دیوەخانەیە.

ئـەو میوانداریيـەی پێشـکەش دەکـرێ خۆڕاییـەو لـەرووی تیۆرییـەوە سنووری بۆ نییـە، بـەڵام بـەکردەوە ئەگـەر کەسـێکی

ریزی خوارەوەی کۆمەڵ زیاد لەپێویست بمێنیتەوە، هەر زوو وای لێ دەکەن هەست بەم راستییە بکات، کەچی ئەوەی پایە بەرز بێ، رەوشت وایە، دوای یەکتر ناسین، میوانەکە یەکسەر دیارییەکی چاک پێشکەش بەخانە خوێیەکەی دەکات. من نازانم داخۆ رادەی ئەم چەشنە دیارییە، بەش بەحاڵی کوردی ئاسایی چەندە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم، لەبەر ئەوەی بەپەرۆشەوە بووم ناوێکی باش لای هەموو پەیوەندیدارەکانەوە بۆخۆم پەیدا بکەم، لەوانەیە دیارییەکەی من و میوانداریيەکەی ئەوانیش، هەردووکیان، زیدەڕۆییان تێدا بووبێ. بۆ جۆرو ئەندازەی ئەو کەل و پەلانەی ویستم پێشکەشیان بکەم، ناچار بووم پشت بەڕاوێژی دیلماجەکەم ببەستم. کەلو پەلەکان ئەمانە بوون: شەکر، چا، قاوە، قوماش، شەمچە، سابوون و پەڕاویی جگەرە. شەکرەکە لەهەموویان گرنگتر بوو. ئەندازەی دیارییەکە بەگوێرەی ئەو ماوەی بەتەما بووم لەوێ بمێنمەوەو بەگوێرەی شکۆمەندیی خانەخوێکەم دەگۆڕا. بەم جۆرە بەشێوەی رەواو شیاو دیارییەکی زیاترم پێشکەش شێخ محەمەدی وەلاش کرد لەحەمەدەمینی ناوبردان کەبەناو کرمانجی ئەمە. وەکوو رادەی ناوەند. خۆراک و نەنوای من و دیلماجەکەم بەسەریەکەوە حەفتەی یەک فەردە شەکر (٣٦ کیلۆ) ی تێ دەچوو.

## خەرجیی ئاغا:

لێــرە ئــەو پرســیارە دێتــە پێشــەوە: ئایــا بــەڕێوەبردنی دیوەخانــە قــازانجی هەیــە، یــان نــا؟ لەروانگــەی کــوردەوە، دیوەخانە خەرجییەکی زۆری لەداهاتی ئاغا دەوێ، بەڵام دەبێ ئەوەش رەچاو بکەین کەئاغا تا زیاتر قەناعەت بەدراوسێکانی بێنێ کەبەهۆی سەخاوەتی میوانداریییەوە ماڵی لەبن هاتووە، ناوبانگی گەورەتر دەبێ. بۆنموونە، شێخ محەمەداغای وەلاش زۆر بەتایبەتی جەختی دەکرد کە دیوەخانەکەی خەریکە ماڵی کاول دەکاو من لەنزیکەوە لەبارەی ئەم مەسەلەیە پرسیارم لێ کرد، هەستم کرد شتی جۆراوجۆری تەواو شەخسیی خۆی دەخستە سەر خەرجیی دیوەخانەو کەحیسابی داهاتی خۆی دەکرد هیچ حیسابی بۆ ئەو دیارییانە نەدەکرد کەبۆی دەهات. بۆنموونە، گازاندەی دەکرد کەبەڕێوەبردنی دیوەخانە وای لێ دەوێ خواردنی (٣٠) سی کەس بداتو رۆژێ بەلایەنی کەمەوە کارژۆڵەیك سەرببڕێ.

کەهەوڵم دا پێبکەوم ئەم ژمارە (٣٠) سی کەسەی لەکوێ هێناوە، بۆم دەرکەوت سی کەسەکە ئەمانەی خوارەوە بوون:

- ئاغا خۆی (١)
- ژن (١)
- کوڕ (٣)
- کچ (٤)
- کارەکەر (٧)

زۆربەیان جۆرە خزمێکی ئاغان.

- نۆکەر (٤)

- مەلا (١)

- برا (١)

- میوان (٥)

- بۆ زێدەڕۆیی (٣)

کۆی گشتی ٣٠

بەڕاستی باش دەرکەوت کەئەو هەموو خەرجیی ماڵەوەی. بەسەریەکەوە لەسەر (حیسابی دیوەخانە) کۆدەکردەوە. ئەگەرچی ئەوەی لەمیوانانی خەرج دەکرد بەشێکی کەم بوو لەسەرجەمی خەرجییەکەی.

جگە لەمەش، شتی هەرە گرانبەهای بەڕێوەبردنی دیوەخانە ئەوە نییە ڕۆژێ کارژۆڵەیەك سەر ببڕێ. بەڵکو تێچوونی شەکرو چاو قاوەیە، بەتایبەتیش شەکر. پەنجا ساڵێك، شتێکی وا دەبێ شێوازی چا خواردنەوەی ڕووسی بەسەراپای کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. چای زۆر خەست لەسەر سەماوەر دەم دەکرێ و لەگەڵ کلۆ شەکری زۆر پێشکەش دەکرێ. هەر هێندە میوان بگاتە جێ، یەکسەر سەماوەر جۆش دەدرێ و تا میوانەکە دەڕوا هەر ناوە ناوە چا پێشکەش دەکرێ. شەکر لەبەر گومرگی زۆرو تێچوونی گواستنەوەی، فەردەی (٣٦ کیلۆ) دەوری (٤٥)؟ ی تێ دەچێ. بۆیان باس

کـردم کەفـەردە شـەکرێك لەدیوەخانەیـەکی وەکـوو ئـەوەی دەرگەڵـە بەشـی دەوری مانگێك دەکـا بەمـەرجێ هـیچ بۆنـەی تایبەتێ وەکوو زەماوەندوپرسە نەیەتە پێشەوە. ئەگەر بێت و ئەم ژمارەیە لەهیچ شوێنێکا لەڕاستییەوە نزیك بێ، ئەمە وا دەگەیەنێ کە تـەنیا شـەکر سالانە (٢٧) پاوەنـدی تێدەچـێ. لەبەرئـەوەی پارە بەزەحمـەت پەیـدا دەکـرێ، ئـەم بـڕە پارەیـە پارەیـەکی زۆر زۆر دەکـا .لەراسـتیدا، وەکـوو لەپێشـەوە تێبینیمان کرد، دەبێ ڕەوشەکە لەبنەڕەتەوە ئەو ڕاستیەی تێدا دەربکەوێ کەمیوان دیاری پێشکەشی خانەخوێکەی دەکات. دەبـێ ئـەوەش چاوەڕێ بکـرێ کەئـەو دیارییانـەی لەهـەموویان پەسـندترن و بـەزۆریش پێشـکەش دەکـرێن هـاوردەی خۆشـگوزەرانی (کمالیـات)ن کەپێشـتر ئامـاژەمـان پێـدان – شەکرو چاو قاوە.

کەواتە من ناتوانم دڵنیابم لەوەی کەئاغا میوانی زۆری بێ، ئایا جگە لەهەیبەت و شکۆمەندی، ئەمە لەرووی ئابوورییەوە، سـوودی بـۆ ئـەم تێدایـە یـان زیـان؟ تەنانـەت پرسـەش کـە (سـەردانی کۆمەلایـەتی) ڕیزگرتنـەو ماوەیـەکی زۆر دەبـاو مانگێك زیاتر دەخایەنێ و ئاغا برنج و گۆشتێکی زۆری تێدا خەرج دەکا، لەوە دەکا ئەمەش بۆ مەودای دوور قازانجی خۆی تێدا بێ.

لەلایەکی تریشەوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان دیوەخانەو داهاتی ساق ئاغا هەرچی هەبێ. نابێ دەوروبایەخی خەرجیی دیوەخانە بەگشتی. لەئابووری ئەو دەستەوتاقمەیەدا بەکەم وەربگیرێ. سەرف کردنی شەکرو چاو قاوە، تارادەیەکی زۆر، تایبەتە بەدیوەخانە. پێویستە ئەوەش بزانین کەئەمانە تاکە بابەتی سەرەکی خەرجیی ئاساییِن کەبەپارەی هیشکە دەکرێن. لەبارەی خۆراکی سادەو ساکاری وەکوو گەنمو برنجو گۆشتو میوەو [19].. هتد هەر جڤاتێکی بچووک دەتوانێ تارادەیەکی زۆر خۆژیێن بێ. تەنیا خواردنی خۆشگوزەرانی پەیوەست بەدیوەخانە. پارەی هیشکەی پێ دەدرێ. ئێستاش کاریگەریی ئەم مەسەلەیە لەسەر ڕەوشی ئابووری بەگشتی، ڕوون دەکەینەوە.

لەهەمان کاتدا پێویستە ئەوە تێبینی بکەین کەبەڕێوەبردنی دیوەخانەو بەڕێوەبردنی ماڵی ئاغا بەگشتی لەڕوانگەی کوردەوە زۆر توند بەیەکەوە بەسراون. ئەم بۆچوونەش ئەوەندە ناکۆکو ناجۆر نییە وەکوو یەکەم جار دەکەوێتە بەرچاو. هەرچەندە ژن قەت ناچنە دیوەخانە. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو کاروبارێکی دیوەخانە ئەوان دەیکەن. هەر ژنن بزنان دەدۆشن و ماست هەوێن دەکەن. هەر ژنن نان دەپێژن و هەموو کابانەتی و چێشت لێنان لەملی ئەوانە - ئەم هەموو ئیشەش چەند ژنێکی دەوێ. لەماڵی ڕەشەوەندی خەڵک تەنیا یەک ژن دەتوانێ

هەرچی ئیش‌وكاری ماڵەوەی لەسەرە، هەمووی بەڕێك‌و پێكی ڕایی بكا، بەڵام میوانداریی ئاغا لەدیوەخانە پێویستی بەئیشی چەند ژنێكەو ئەمەش لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا یەك دەگرێتەوە كە بەشێوەی ئاسایی تەنیا ماڵی ئاغا لەو جڤاتەدا، دیاردەی فرەژنی تێدایە. خاڵێكی تریش هەیە دەبێ لەم بارەیەوە تێبینی بكرێ ئەویش ئەمەیە: ماڵی ئاغا وەنەبێ هەر ڕێژەیەكی نائاسایی ژنی تێدابێ، بەڵكو بەخێوكردنی ئەو ژنانە لەڕادەی مام ناوەنجی ئەركی ماددی زۆر گرانترە. لەناوچەی باڵەك، نزیكەی هەر هەموو نێرینەكان جل‌و بەرگیان لەكری دەسچنی ناوچەیی دروست دەكەن. تەنانەت ئاغاو كوڕەكانیشی هەرچەندە قوماشی یاشتر بەكار دێنن لەكرمانجەكان، بەڵام بەشێوەیەكی سەرەكی پێ لەسەر قوماشی كوردی دادەگرن‌و خۆیان لەو جل‌وبەرگە نایابە بەدوور دەگرن كەشاری‌و ئاغای پێدەشت لەبەری دەكەن. لەوە دەكا ئەمە سەبارەت بەزەوقی پاكی توندڕۆیی بێ، نەك پێویستی ئابووری. برازایەكی ئاغای ڕایات دەستە بەرگێكی دەستووری ئاسایی كوردی لەبەر بوو، بەڵام لەقوماشێكی هاوردەی گرانبەهای ڕەنگ زرقی دروست كرابوو ئەمە زۆر پەسند بوو. لەهەمان كاتدا، بازرگانێكی ڕواندز جلێكی لەبەر بوو لەقوماشێكی یابانی زرقی خەت بوو، لەو جۆرەی كەلەبازاڕەكانی ڕۆژهەڵاتی نزیك باوە. ئەمە ببوو بەمایەی پێكەنین گوایە كابرایەكی بێزەوقە. بەهەرحاڵ،

بەپێی ڕێوڕەسمی ئێستا، نە کرمانج و نەئاغا پارەیەکی هیشکەی زۆر لەجل وبەرگیان خەرج ناکەن، بەڵام دەرهەق بەژنان مەسەلەکە جیایە. لەزەمانی خۆی ئەوانیش بەو جلە ساکارانە رازی بوون کەبەجۆلاّیی خۆیان دەکرا، بەڵام ئێستا ئەوانیش تا دێ زیاتر مەراقیان دەکەوێتە سەر کش وفشی باق و بریقی، جلی ڕەنگاو ڕەنگی یابانی بۆ ژنە کرمانجەکان و ئارمووشی هیندی بۆ ئاغە ژنەکان، ئەمە تارادەیەك ئەنجامی ئاسانکاری زیاتری پەیوەندی بازرگانییە، کەبەهۆی (سیاسەتی هێورکردنەوە)و دروست کردنی ڕێگاو بان هاتۆتە کایەوە. ئەوەش هەیە بێگومان سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتی دوای جەنگ ئارەزووەکەی خێراتر کردووە.

جاران، جڤاتی گوندان، لەچوارچێوەی ئاستێکی مەیلەو نزمی ژیان، بەکردەوە خۆژێێن بوون. بازرگانیو خولانەوەی پارە هەردووکیان لەوپەڕی کەمی دابوون. سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتی بریتانی کەبریتی بوو لە مسۆگەرکردنی گوێڕایەڵیی سەرۆکە هۆزەکان بەمووچەیەکی هیشکە(٢٠)، بوو بەمایەی زۆربوونی پارە لەناو ئەو جڤاتەدا. پارەکە هیچ ڕێگای دەرچوونی ڕاستەوخۆی نەبوو، تەنیا بەکڕینی بابەتی خۆشگوزەرانی (کمالیات) نەبێ. سەرەڕای ئەمەش ئەو پارەیە بەرێك و پێکی و دادپەروەری لەناو جڤاتەکە دابەش نەکرابوو، هەمووی لەناو دەستی چەند ئاغایەکی سەرەکیی کەم

خرپبووەوە. ئەنجامەکە زۆر لەو دیاردەیە دەکا کەلەئەفریقیا دەکەوێتە بەرچاو. خەرجیی سەرەتایی زەوقێکی کت و پڕ بۆ کەمالیات لەناو بەشێکی کەمی جڤاتەکە پەیدا دەکا. ئەم خواستە نوێیانە لەسەر هەردوو ئاستی مەوداو چڕیدا بەرێژەیەکی وا گەشە دەکەن کەلەتوانای جڤاتەکەدا نییە جێبەجێیان بکا. لەگەڵ ئەنجامی حەتمی دیاردەکە، کەتێچوونی هاوسەنگیی ئابووری جڤاتەکەیە، دەستەوتاقمی ساماندارى بنەڕەتی، بەهۆی پەرەپێدانی زەوقی گرانبەهاوە، ئاخیری دەبن بەبەتاڵکەرەوەیەکی ئابووری بۆ جڤاتەکە. لەڕاستییدا، دەشێ بەو زاراوە ئابوورییە گشتیانەی لەرێورەسمی کۆمەڵی ئێمە مانان دا بەکاردێن، گوزارشت لەو کردەوەیە بکەین.

خەرجیی حکوومەت لەوانەیە بۆ ماوەیەك داخوازییەکی تازەی جموجوڵی زۆر دروست بکا، بەڵام کە ئەو خەرجییە دەبڕێ و داهاتی جڤاتەکە دادەبەزێ داخوازییە تازەکان بەبێ جێبەجێبوون دەمێننەوە. لێرەدا هەڵوێستەکە گەڕانەوە نییە بۆ هەڵوێستی ئەسڵی، بەڵکو گونجاندنێکی هەڵوێستەکەیە کە داهاتی بەردەست بۆ ئامانجی تازە تەرخان دەکرێ، ئەمەش هەوڵێکە بۆ جێبەجێکردنی بەشێکی داخوازییە تازەکان.

هیچ گومانی تێدا نییە، لەولاتی باڵەکاتی، زەوق و ناو ماڵی ئاغا هەرە گەورەکان، لەژێر کاریگەریی دەستگرۆیی

حکوومەتەوە بەرەو پلەی بەرزی گرانبەهایی پەرەی سەندووە بەبێ ئەوەی هیچ گەشەکردنێکی بەرهەمهێنانی جڤاتەکەی بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵدابێ. کەدەسەڵاتی کاریگەریی پۆلیس لەدۆڵی ڕواندز دامەزرا، دەستگرۆیی حکوومەت بۆ سەرەك هۆزەکان ڕاگیرا، چونکە ئیتر پێویستی پێ نەبوون. ئەنجامەکانیش شتی حەتمی بوون - جلوبەرگی بیانیو ناومال، کەجاران تەنیا شتی کەمالی بوون، ئەو کاتە بوون بەپێویستییەکی بنەڕەتی. ئەمرۆ ئاغا هەرە دەست بلاوەکانی وەکوو شێخ محەمەدی وەلاشو حەمەدەمینی دەرگەلە زۆر بەسەختی هەست بەتەنگژەکە دەکەن. ئەوان بۆت باس دەکەن دەڵێن رۆژگار سەختەو چیتر ئەو مەسرەفەیان پێ ناکرێ بۆ ئەوەی لەو ئاستەدا بمێننەوە کەلەسەردەمی گەنجێتیدا لێی ڕاهاتبوون. بەلام وێ دەچێ مەسەلەکە زیاتر ئەوە بێ کەئەمانە بێهوودە هەوڵ دەدەن پارێزگاری ئاستێکی زۆر (بەرزتر) بکەن لەوەی لەسەردەمی کۆن بەبیراندا دەهاتو ئابووری گوندیش بەرگەی ئەم گرژیو تەنگژەیە ناگرێ.

ئەوەش هەیە، عەلیاغای ڕایات (سەرۆکی شەقدینی کەبەناو سەر بەشێخ محەمەد بوو، هیچ یارمەتی لەحکوومەت وەرنەدەگرت. ئەو وەکوو هەر کابرایەکی سادەی هۆزەکی وابوو. حەزی لەژیانی بەتەنتەنە نەبوو. جگە لەمەش، بێ لاواندنەوەی سیستەمی نوێ، دیار بوو رۆژگاری ئێستای

بەلاوە تەواو خۆشگوزەرانی بوو و بەپەرۆشەوە داوای لەحکوومەت دەکرد کەزەوی شەقدینی بەناوی ئەودوە تۆمار بکرێ بۆ ئەوەی خواستی خەڵکەکەی بێتە دی کەبەهەقی خۆیان بن بە عەشیرەت لەجیاتی ئەوەی کە هەر تەنیا بەرەبابێکی باڵەك بن. گرنگ ئەوەیە شەقدینییەکان، کەتەنیا ئەوان بوون هەرگیز ناچار نەبوون بکەونە ژێر زەبری ئابووریی دەستگرۆیی کەژوەری حکوومەتەوە، لەوە دەکا ئەمڕۆ یەکگرتووترین دەستەو تاقم بن بەمانای کۆمەڵناسی.

ئەم شیکردنەوەیە گشتاندنێکی تری تیا سەرهەڵدەدا. پێشتر باسمان کرد لەو خواردنەی لەگوند دەخورێ، تەنیا ئەمانە بەپارەی هیشکە دەکڕێن: شەکرو چاو قاوەو هەندێ جاریش برنج. زیاد لەوەش ئێمە باسمان کرد کە ئاغا هەموو ئەو خەرجییە دەدا کەبۆ بەرێوەبردنی دیوەخانەو ماڵی خۆی پێویستە. ئێستاش لەلێکۆڵینەوەکەماندا دەربارەی جۆرەکانی تری خەرج کردنی پارەی هیشکە، دەبینین ئەمانەش نزیکەی هەر هەموویان دەکەونە سەر ئاغا، نەك کرمانج. بەم جۆرە خەرجیی ئاغا لەهی کرمانج جیایە، نەك تەنیا لەقەبارەو ئەندازە، بەڵکو تارادەیەکی زۆر لەجۆری خەرجییەکەش. ئەمەش ئەنجامی گرنگی بەدەمەوەیە بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی زیاترمان.

## هاوسەنگیی ئابووریی جڤاتی گوند:

لەدەستەوتاقمە جیاجیاکانی گوندەکانی ئەو ناوچەیەی لێرەدا باس کراون، زەحمەتە بتوانین هیچ تاقە جڤاتێك وەکوو نموونە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی دەستنیشان بکەین. هەموو دەستەو تاقمەکان نزیکەی بایەخ بەهەمان بەروبووم دەدەن، بەلاّم ئەوەی دەشێ پێی بڵێین (جەختی بەرهەم هێنان) تارادەیەکی زۆر جیاوازی هەیە. بۆی هەیە گوندێك پسپۆریی لە چاندنی میوە هەبێ و یەکێکی تر لەگەنم و یەکێکی تر لەتووتن و ئیدی بەم جۆرە. بەشێکی ئەم جیاوازییە لەهۆکاری جوگرافییەوە پەیدا دەبێ، وەکوو بەرزایی، مەسەلەی ئاو، بەپیتی زەوی و بەشێکیشی لەئارەزووی پارێزکارانەی ئاغاکانەوە پەیدا دەبێ سەبارەت بەپەیوەندی بازرگانی گەشەکردووەوە کەلەوەتی رێگاوبان کراوەتەوە سەری هەڵداوە. هەروەها لەپێویستیی جێبەجێکردنی داخوازیی گەشەکردووی تازە بۆ کەل‌وپەلی خۆشگوزەرانی (کمالیات)ی هاوردە. سەراپای رەوشی ئابووری ئەم خەڵکەی گردۆلکەکان کەوتۆتە بەر گونجاندن و گۆڕانێکی زۆر خێرا. حاڵی حازر، جیاوازیی تاکە کەسەکان، وەکوو ئەوەی نێوان گوندە جۆراوجۆرەکان، پشت بەپلەی گونجاندنی هەل‌ومەرجی گۆڕاوی دەرەکی دەبەستێ. کەواتە دەبێ لەباسکردنی گونجانی

ئەم گۆڕانە لەلایەڕەکانی دادێ، ئەوەمان لەمێشکدابێ ئەگەرچی پیادەکردنی لەسەراپای ناوچەکە بەگشتی دروست و ڕەواش بێ، بەلاّم مەرج نییە لەهیچ تاکە جڤاتی گوندێکا بەتەواوی شایەنی پیادە کردن بێ.

خواردنی بنەڕەتیی ئاسایی کوردی بریتییە لە (نان)و (ماست). نانەکە هەڵنەهاتووەو بەپانیو تەنکی دەپێژرێ، جگە لەدروست کردنی (ساوەر) کەکردەوەیەکی مەیلەو دووورودرێژەو بریتییە لەوەی گەنمەکە بەساخی دەکوڵێننو پاشان دەیکوتنو لێی دەکەن. ئەمە لاساکردنەوەی برنجەو وەکوو پلاّوی ئاسایی لەگەڵ شلەی سەوزەو گۆشتی مەڕ دەخورێ. بەم جۆرە سەرچاوەی سەرەکی خۆراك گەنمو بزنە. بەشی هەرە زۆری کشتوکال دەکرێتە گەنم. ئەم جۆرە زەوییە بەئاسایی. سیستەمی سال نا سالّی تێدا پەیڕەو دەکرێ. سالّێ دەغلّەو سالّێ وەردە. ئەم هێشتنەوەو ئیسراحات دانە زەوییە وادەکا زەوییەکە پیتو فەری بێتەوە بەر. ئەو پارچە زەوییەی بۆ سەوزەی وەکوو : کوولەکەو تەماتەو ئاروو و باینجان و نیسك و هتد تەرخان دەکرێ [٢١]، نزیکەی شەشێکی ئەو زەویە دەبێ کەدەکرێتە گەنم. ئەو زەوییەی دەکرێتە سەوزە بەزۆری پێویستی بەئاودێرییە.

هەرچەندە گەنم زۆرترین زەوی دادەگرێ. بەلاّم لەهەموو شوێنێ برنج دانەوێلّەی هەرە پەسندە. ئەگەر بکرێ زۆری لێ

دەچینری. ئەگەر رووبەری زەویی برنج و گەنم بەقەدەر یەك بێ،
بەرهەمی برنجەکە نزیکەی (٢٠) هێندەی گەنمەکە دەبێ و کورد
زۆر چاك دەزانن ئەگەر زەوی برنج لەسەر حیسابی زەوی گەنم
زیاد بکەن قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوێ. کورد ئەگەر
بۆیان بکرێ زۆر بەتاسووقەوە لەباتی ساوەر پلاوبرنج لێ
دەنێن. ئەختێ بەدووروودرێژی لەگەڵ شێخ محەمەدی ودلاش
لەسەر ئەم بابەتە دوام. ئاشکرا دیار بوو شێخ محەمەد
بەتوندی کەوتبووە ژێر ئەو بۆچوونە کەئەو زەوییەی لەوەلاش
بۆ برنج تەرخان کراوە، رادەی هەرە زۆرە کەسیستەمی
ئاودێری دەرەقەتی بێت. لەوانەیە مەسەلەکە هەرواش بێ.
ئەگەرچی ئاودێرییەکە زۆر بەنازیرەکی تاوتووکرابوو. سێیەم
دانەوێڵە کەئەندازەیەکی کەمی لێ دەچێنرێ نیسکە.

بەو جۆرەی کەهەیە، بەرهەمی دەغڵ و دان بەدەگمەن بایی
پێویستییەکانی جڤاتی ناوچەکە دەکات. بێگومان بایی ئەوە
هەر نابێ کەرەوانەی دەرەوە بکرێ، راستی، زۆربەی ئاغاکان
برنجی تریش لەدەرەوە دەکڕن بۆ ئەوەی بتوانن لەباتی ساوەر
هەمیشە برنج پێشکەشی میوانەکان بکەن.

زدمانی خۆی کەبەرووبوومی سەرەتایی زۆر کەم بەشی
خۆیانی دەکرد، ئەمە هیچ بارگرانییەکی گەورەی نەدەخستە
سەر ئابووری جڤاتەکە. کەم شت و مەك و کەل وپەل لەدەرەوە
دەهێنرا. جارێ جل وبەرگ نزیکەی هەر هەمووی خۆکردبوو د

پێویستی مامەڵەو بازرگانی بریتی بوو لەهەندێ کەل‌وپەلی ئاسنجاوو هەندێ مادەی خۆشگوزەرانی وەکوو شەکرو چا.

بەڵام وەکوو لەبەشی پێشەوە باس کرا، ڕووداوەکانی ئەم (٣٠) سی ساڵەی دوایی ببوو بە هۆی هاتنە کایەی پێویستی هەمیشە ڕوو لەزیادی رادەیەك شتی هاوردەی وا کەئەگەر جاران بەکەمالیات دابنرایە، ئێستا کورد بەپێویستی بنەڕەتی دادەنێن. سروشتی مامەڵەی بەقەرز یان بەپارەی هیشکە کڕینی ئەم جۆرە کەل‌وپەلانە هەرچی هەبێ، ئاخیری پارەکە هەر دەبێ بەگشتی لە(نێردە)ی جڤاتەکە دابین بکرێ. لێرەدا ئەو گیروگرفتە سەرهەڵدەدا ئاخۆ ئەمە چۆن لەجڤاتێکا جێبەجێ دەکرێ کە بەرامبەر بەم شتە هاوردانە تەنیا توانای بەرهەم هێنانی شتی سەرەتایی وای هەیە کەتەنیا بای خۆی دەکا، ئەویش بەکەمی؟ خشتەی خوارەوە جۆری ئەو کەل‌وپەلانە (بەنزیکەیی) پێشان دەدا کە(هاوسەنگیی بازرگانی) هۆزەکانی ناوچەی باڵەکاتی رادەگرێ.

**هاوردە:**

برنجی سەدری بۆ ئاغاکان (بەزۆری لەئێرانەوە دێ)، شەکر، چا، قاوە، شەمچە، هێرباری ئاسن، جل‌وبەرگ، نەوت، رەنگ. لەمانە لەهەموویان گرنگتر ئەمانەن: برنج و شەکرو چاو جل‌وبەرگ.

### نێردە:

تووتن، نیسك، گوێز، مازوو، هەنگوین. میوە: قەیسی، سێو، کرۆسك، ترێ، مێوژ، بادام. خوریو پێستەی بزن.

لەمانە لەهەموویان گرنگتر بەزۆری تووتنە.

سەرەڕای ئەمە، هەندێ جۆرە مامەڵەی پارەی هیشکە هەیە دەبێ حیسابیان بۆ بکرێ. ئەمانە شتی سەربەخۆنو ناکەونە قالبی بازرگانییەوە. هەندێ شت هەن وەکوو باجو خەراجی یاسایی کەئەوەی لەسەریەتی دەبێ بەپارەی هیشکە بیدا بەحکوومەت. باجێکی تایبەتیش لەسەر تووتن هەیە. ئەمەیان بەناو تەنیا لەو تووتنە وەردەگیرێ کەبازرگانی ڕاستەقینەی پێ دەکرێ. بەڵام بەکردەوە دیارە دەخرێتە سەر داهاتی تایبەتیو کەسێتی تووتنچێنەکە خۆیشی. ئاغا هەندێ پارەی هیشکەش لەپەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانی خەرج دەکاو خەرجییەکی زۆریش دەدا بۆ (کڕینی) ژنەکانی خۆیو هی کورەکانی، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو ژن هێنانە لەچوارچێوەی دەستەوتاقمەکەی خۆیانە، مەرج نییە ئەو مامڵەتە کار بکاتە سەر ئابووری جڤاتەکە بەگشتی. بەش بەحاڵی قەرزاریشەوە، دیارە ژمارەیەکی کەمی مرۆی هۆزەکی، لەڕواندز یان لەپێدەشتی خوارێ بەکرێ ئیش دەکەنو وادەبێ ئەم جۆرە کەسانە بەشێکی ئەو کرێیەی وەری دەگرن وەکوو پارەی هیشکە بۆ ماڵەوە دەهێنێرنەوە.



CamScanner

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەیەکی گشتی شتێکی زۆر دروستە بڵێین ئەو کەلوپەلانەی دەستەوتاقمەکانی ناوچەی باڵەکاتی وەکوو هاوردە دەیهێنن، ئاخیری هەر دەبێ پارەکەی لەداهاتی زیادەی میوەو توتن بدەن. بەرهەم هێنانی میوە بەرادەیەکی زۆر تایبەتە بەگوندەکانی دەوروبەری روست. بۆیە من گیروگرفتەکە لەوەدا دەبینم کەئەمە کار لەبەرهەم هێنانی توتن دەکا و ئەم بەرهەمەش پەیوەندی زۆر گشتیو فراوانتری هەیە.

## ئەنجامەکانی زیادبوونی توتن چاندن:

کورد خوویان بەجگەرە خواردنەوە گرتووەو چەند سەدەیەکە هەندێ جۆرە توتنی خۆیان دەچێنن.

ئەم جۆرە توتنە تایبەتییانە هەرچەندە ئێستاش لای کورد خۆیانەوە پەسندن، بەڵام لەبەرئەوەی توتنەکە گەڵای پووکاوەیە بەهای بازرگانی کەمە، یان هەر هیچ بەهای بازرگانی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەك کارگەی جگەرەی نوێ لەناو شاری بەغداو لەدەوروبەری دامەزراون. ئەمانە بازارێکی بەهەرمێن بۆ گەڵای توتنی باشتر دروست دەکەن. بەشێوەیەکی سەرەکی، ناوچە هەرە سەرنجکێشەکانی کورد، وەکوو سلێمانی، پێویستی ئەم بازارە دابین دەکەنو هۆزەکییەکانی ناوچەی رواندزیش وا وردە وردە خەریکن بەرهەمەکەیان لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا

دەگونجێنن. حکوومەت و خاوەن کارگەکان لەم رووەوە هانیان دەدەن و تۆو رێنمایی بۆ ئەوانە دەستەبەر دەکەن کەپێویستییان پێیەتی. بێگومان ئەم خزمەتگوزارییەی حکوومەت لەسەرجەمی ئەو باجە زیاترە کەلەسەر بەرهەمەکە وەری دەگرێ.

لەم هەلومەرجەدا، گەڵای توونتی پوختەکراو زۆر لەگەنم و برنج زیاتر پارە دەکا. لەبارەی ئابووری پارەشەوە. واچاکە رووبەری ئەو پارچە زەوییانەی بۆ توونتن چاندن تەرخان کراون لەسەر حیسابی پارچە زەوی گەنم و برنج زیاد بکرێ.

سەرەرای ئەمەش، ئەگەر هەموو شتەکانی تر وەکوو یەك وابن، رووبەری ئەو زەوییەی دەکرێتە توونتن، لەبەر پێویستیی دابینکردنی ئاوی ئاودێری، دیسان هەر کەمە. کاری ژیرانە ئەوەیە کە واز لەهەموو چاندنی برنج بێنن و زەوی برنجەکەو زۆربەی زەوی گەنمەکەش بکەن بەتوونتن (توونتن ئاوی لەبرنج کەمتر دەوێ). ئەم جۆرە گۆرانکارییە هەر بەراستی لەهەندێ گوندی ئەورایی خوارێ هاتۆتە دی، بەتایبەتیش لەناو جڤاتی ئاشوورییەکانی دەوروبەری باتاس. قازانجە داراییەکەشی زۆر سەرنجکێش بووە. بەلام لەناوچەی باڵەکاتی دیارە زیادکردنی رووبەری زەوی چاندنی توونتن تا ئێستا زۆر کەمە. لەگوندە هەرە هەورازەکانی وەکوو خەلان و رایات لەوانەیە جۆری ئاوو

هەواکە ئەوەندە لەبار نەبێ، بەڵام لەلای خوارەوە، لەدۆڵەکانی دەوروبەری مەرگەو دەرگەڵە، کەئێستا تووتن و برنج شان بەشانی یەکتر دەچێنرێن، لەوەدەکا هیچ هۆی راستەوخۆی هونەرکاریی نەبێ کە ئاخۆ بۆچی نابێ چاندنی تووتن زیاد بکەن. بێگومان هەندێ گیروگرفتی تایبەتی لەبارەی رێکخستنەوەی دابەشکردنی ئاو هەن، گیروگرفتی مەشقی پسپۆریش لەبارەی چاندنی تووتنەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لەوە دەکا ئەو گیروگرفتانە کۆمەڵایەتی بن زیاتر لەوەی هونەرکاری بن. ئەگەر هەر کەسێکی کەزەوی لەبەردەست دایە بۆی بلوایە بەیەکسانی لەگەڵ ئەوانیتر تووتن بچێنێ، لەوانەیە گۆڕانەکە بەرەو ئابووری تازەی پارە پەیدا کردن کارێکی سادە بێ. بەڵام بەکردەوە، ماف دەناوهێنانی زەوی وەکوو ئێستا هەیە، بەجۆرێکی وایە، هەر زیادکردنێکی چاندنی تووتن بەنایەکسانی کار دەکاتە سەر کەرتە جۆراوجۆرەکانی جڤاتەکە – ئەوانەی زەوییەکەیان بۆ چاندنی بەرهەمە نوێکە گۆڕیوە لەسەر حیسابی ئەوانیتر قازانج بەدەست دێنن. دەتوانین گیروگرفتی شێوازی ئابووری، بەهۆکارەکانی بەرهەمهێنانی بابەتی مەبەست، شی بکەینەوە.

زەوی:

ئەو زەوییەیە کەبەکەلک تووتن چاندن دێ، یان وردتر بلێین، ئەو هەموو زەوییە کشت وکاڵییە دەگرێتەوە کەدەکرێ بەباشی ئاو بدرێ. ئەویش مەوداکەی بەدوو شتەوە بەندە: شکلی زەوییەکەو ئەو ئاوەی هەیە. لێرەدا هەندێ ئاڵۆزکاریی راستەوخۆ هەن. سیستەمی ئاوەدێری وەکوو ئێستا رێك خراوە، رەنگە خزمەتی چەند مەبەستێك بکات:

١ــ ئاودێریی چاندنی برنج (قورە برنج). لەوە دەکا لەزۆربەی گوندەکان پارچە زەوییەکی تایبەت بێ تەنیا بەئاغا، نەك بەکرمانج بەشێوەیەکی گشتی.

٢ــ ئاودێریی جاروباری باخی سەوزە. هەر رێکخستنەوەیەکی لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێ دەبێ ئەمەیان هەر بمێنێ.

٣ـ ئاودێریی ناوبەناوی ئەو زەوی تووتنانەی ئێستا هەن.

٤ــ لەهەندێ گوندا (بۆنموونە لەدەرگەڵە) بۆ ئاشگێڕان، کەئاشەکە هی ئاغا خۆی، یان هی خزمێکی نزیکی خۆیەتی.

هەر رێکخستنەوەیەکی ئەم جۆرە سیستەمە کار لەژمارەیەك کەسی جیاجیا دەکا کەبۆی هەیە بەرژەوەندی راستەوخۆیان ناکۆك و دژ بەیەك بێ. بۆنموونە، زەحمەتە ئاغا واز لەزەویی برنجی خۆی بێنێ، کەموڵکی تایبەتی خۆیەتی. بۆئەوەی زیاتر ئاو بداتە کرمانجەکانی تا تووتنی پێ ئاوبدەن، بەلام

لەلایەکی‌ترەوە، ئەگەر ئاغا تووتنەکە هەمووی بۆ خۆی بچێنێ، ئـەو کرمانجانـەی زەوییـەکانیان دەڕوا، هەقیانـە تووشـی نیگەرانییـەکی زۆر بـبن. لەهـەمان کاتـدا، بـۆی هەیە لەهـەر گوندێکی تایبەتیدا، ڕێکخستنەوەی تاوتوێکردنی ئاو بۆ دابین کردنی زەویی زیاتر بۆ چاندنی تووتن، بەکردەوە پێویستی بە دابەشـکردنەوەیەکی تـەواو تـازەی زەوی هـەبێ بەسـەر هـەموو دانیشـتوانەکاندا. ئەمـەش چاکەسازییەکی وایـە زۆر زەحمەتـە جێبەجێ بکرێ.

شـایانی بایەخـە، ئـەم جـۆرە ڕێکخسـتنەوەیە لـەباتاس بەراسـتی جێبـەجێ کـراوە. کرمانجـە ئاشـوورییەکان تـازە هاتبوونە ناوچەکەو هیچ سیستەمێکی کۆن و چەسپاوی مافی دەناوهێنانی زەوی‌و زار نـەبوو ڕەوشـی پێشـینان پشـتگیری لێ بکا.

مەسـەلەیەکی‌تری جێـی بایـەخ بریتییـە لـەگیروگرفتی زەوی (پـەراوێز). ڕاسـتە شـکڵی زەوییەکـە تارادەیـەك وەکـوو شـکڵی گونـدە ئەلبییـەکانی (بێرنـز ئۆبەرلانـد) سـنوورێکی دیـار بـۆ ڕووبەری ئـەو پارچە زەوییانـە دادەنێن کەبەکەڵك چاندن دێن، بەڵام لەلایەکی‌ترەوە، پێدەچێ ژمارەیەك ڕووبەری پارچە زەوی پـەراوێزی بچـکۆڵە هـەبێ کەئێسـتا لـەژێر پـاك کردنـەوەدان و لەوانەیـە ئەگـەر ئـەو ئـاوەی هەیـە باشـتر دابـەش بکـرێ و پەیداکردنی پارەی هیشکە بایی کرێی ئیشی زیادەی پێویست

بکا، ئەو پارچە زەوییانەش دابچێنرێن. حاڵی حازر، (ماف)ی ئەم زەوییە پاك نەکراوانە بەتەواوی بۆ ئاغایە.

## کار:

ئـەو کـارەی دەکـرێ کرمانجـەکان و خاووخێزانـەکانیان دەیکەن. دیارە چاندنی تـووتن لـەباتی دانەوێڵـە، لەئەنـدازەی کارەکە زیاتر کار لەهاوسەنگیی کاری پێویست دەکا. بەپێی سیستەمی ئێستا، گەنم لەحوزێرانێکی درەنگ دروێنـەی دێو کوتانیشـی لەتـەمموزەوە تا تشـرینی یەکەم درێـژە دەکێشـێ. دروێنەی برنج، کەزۆر کەمترە، لەئاخرو ئۆخری ئەیلوول دەست پـێ دەکـا. گـەنم کـەمترو بـرنجیش هـەر هـیچ، کوتانەکـەی دەکەوێتە ناوەراستی ئـەیلوول و خەڵکەکە هەموو ئیش وکاری خۆیـان بـۆ رنینـی گـەڵای تـووتن تـەرخان دەکـەن. لەلایەکی تریشـەوە، تـووتن لەسـەرەتای شـین بـوونی، کەلەگـەڵ دروێنـەی گـەنم دەسـت پـێ دەکـا، پێویسـتی بەخزمـەت و ئاگادارییـەکی زۆر ورد هەیـە. کەواتـە بـۆی هەیـە هـەر زیادبوونێکی بنچینەیی چاندنی تـووتن بـەپێی بـەکارهێنانی رێبـازی پێشـکەوتووی کوتـان بگـۆرێ. گیروگرفتێکـی زۆر گـەورەتر لـەوەوە سـەرهەڵدەدا کـەگۆرانی پێویسـتییەکانی کارکردن بەیەکسانی بەسەر ماڵە جیاجیاکانەوە دابەش نابێ. ئێستا، کەهـەر ماڵەو نزیکـەی هـەمان بەرنامـەی کـاری خـۆی هەیە، ئەگەر بێت و کابرایەك لەمانە زەوییەکەی بکا بەتووتن و

دراوسێکەی تەنیا بیکا بەگەنم، هەلۆیستەکە زۆر ئالۆزو بلۆز دەبێ. ئەگەر هەموو چاندنی توونەکە (مولکی) ئاغابێ، گیروگرفتەکە نامێنێ- کرمانج لەسەریەتی کار بۆ ئاغاکەی بکا، نەك بۆ کرمانجێکی هاوڕێی. حکوومەت ئەم جۆرە گۆڕانە هان دەدا، چونکە سیستەمەکە وا لێك دەدرێتەوە کەسەرۆك خەڵکەکانی هۆزەکەی خۆی (دەچەوسێنێتەوە).(٢٢)

## سەرمایە:

ئەو سەرمایە زیادەیەی بۆ توتن پێویستە بەرامبەر بەچاندنی دانەوێڵە شتێکی زۆر گرنگ نییە. حکوومەت خەریکە تۆو ڕێنمایی پسپۆری دابین دەکا. ئەوەندەی من بزانم وشك کردنەوەی توتن پێویستی بەئامێری تەکنیکی تایبەتی نییە. بێگومان ڕێکخستنەوەی سیستەمی ئاودێری دەبێ بەخەرجییەکی (سەرمایە)ی سەرەتایی بەسەر جڤاتەکەوە.

## هونەرکاری: (تەکنیك)

لەلایەکی تریشەوە، هەر تەنیا ڕاگەیاندنی ئەوە کەحکوومەت خەریکە ڕێنمایی پسپۆری پێشکەش دەکا، ئەمە خۆی لەخۆیەوە لایەنی کۆمەڵایەتیی گیروگرفتی تەکنیکی زۆر ئاسان دەکا. من پێشتر باسم کرد ئەو توتنە کوردییە خۆماڵییەی بەشێوازی کۆن دەناو دەهێنرێ، مادەیەکی پووکاوی وای لێ بەرهەم دێ هیچ بەکەڵکی پێویستییەکانی کارگەی نوێ نایە. بۆ دەسکەوتنی بەرهەمێکی وا کەبازاڕی

هەبێ، پێویستە جوتیار بەتەواوی فێری ڕێبازی نوێ بکرێ. لێرەدا، ئەوەی خەریکی چاککردنی چاندنی تووتن بێ بەرەو ڕووی زۆر تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە. یەکەم جار بەرگرییەکی پارێزارانەی ساکار هەیە، کە ڕکوکینەیە بەرامبەر پەیڕەوی کردنی ڕێبازی نوێ، نەك لەبەرئەوەی ڕێبازەکە نوێیە، بەڵکو لەبەرئەوەش چونکە ئەوەی بەرگری لەڕێبازی کۆن دەکا لای وایە ئەو خۆی چاکتری لێ دەزانێ. گیروگرفتی تریش هەن زۆر لەمە ئاڵۆزترن. ئەمە نموونەیەکیانە:

حکوومەت خەریکە شارەزاو پسپۆری مەشق پێکراو بۆ هەندێ گوندی تایبەتی دابین دەکا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی چاندن و دەناوهێنانی تووتن بکەن.

کابرایەکی لەم بابەتەیان ناردبووە گوندی وەلاش. کابرا خۆی کورد بوو، بەڵام شارستان بوو، خەڵکی پێدەشت بوو و بەپێی پێوەرو بۆچوونی چیاییان کابرایەکی ڕەوشت نزم بوو. دەیانگوت گوایە بەئارەق و قومار گوندییەکانی تووشی بەدڕەوشتی کردووەو هەوڵی داوە کچەکانیان لەخشتە ببا، بەتایبەتی کچی مەلا، بەگشتی کابرایەکی خوێڕی بوو. دوای ماوەیەك کەلەشەکەیان لەسەر چەقی ڕێگایەکی گشتییدا دۆزییەوە، دوو گوللەی لێ درابوو. پۆلیس دەستی بەلێکۆڵینەوە دەکرد. دوو کۆچەریی شەڕانی هۆزێکی تریان ڕاکێشایە دادگاو بەگوێرەی شایەتی ئاڵۆزیی بارودۆخەکە



CamScanner

بەکوشتن تاوانبار کران، بەلام حوکمەکە هەرگیز جێبەجێ نەکرا، چونکە چەند رۆژێ دوای دادگایی کردنەکە (تاوانبارەکان) بەجۆرێکی نهێنی بزربوون. بەڕاستی مەسەلەکە هەرچی بووبێ، دەستگیرکردن و تاوانبارکردنی کۆچەرەکان هەمووی داو نانەوەی پۆلیس بوو کەهەستیان دەکرد نابێ راوە ماسی لەئاوی لێڵدا بکەن. کابرای کوژراو، لەراستیدا پێشتر خنکاندبوویان - لەدیوەخانەی شێخ محەمەد ئاغای وەلاش و سەرۆکی باڵەکایەتی هەڵیانواسی بوو.

حەمەدەمینی ناوپردان ئەم چیرۆکەی بۆ گێرامەوە کەهەمیشە بەپەرۆشەوە بوو تانەو تەشەر لەشێخ محەمەدی ئامۆزای بدا. دیاربوو چیرۆکەکە بەناو هەموو خەڵکدا بڵاوببووەوە، چونکە کاتێ کەلەگەڵ ئاغای رایات باسی بەدکاریی مامۆستای قوتابخانەی گوندەکەمان دەکرد، ئامارەی بۆ چیرۆکەکەی گوندی وەلاش کردو گوتی:

" ئەم فەرمانبەرە بچووکانەی حکوومەت! چییان لێ رەچاو دەکەی؟ هەموو خوێڕیو توێڕین"

چیرۆکەکە راست بێ یان راست نەبێ گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە چیرۆکەکە لەناوچەی باڵەکاتی وەکوو ئەوە بڵاوبۆتەوە کەراست بێ. هەرچەندە شێخ محەمەد وەکو پێشان هەیبەتی گەورە نییە، بەلام ئەو راستییە، یان ئەو دمگۆیەی دەڵێ گوایە یەکەم راوێژکاریی کشتوکاڵیی و تاکە راوێژکاری کشت و

کالێی هەڵواسیوە. ئەوە بەربەستێکی بەسە بۆ هەر ئاغایەکی بچووک کە بیەوێ لەچوارچێوەی جڤاتی خۆی دا بیر لە چاکسازیی کشتوکاڵیی بکاتەوە. ئەم نموونەیە زۆر چاک پیشانی دەدا چۆن ئەگەر گیروگرفتێک بەرووکەش ئابووریی سرف بێ، لەوانەیە بەکردەوە بکەوێتە ژێر کاریگەریی تۆڕی هۆکاری مەیلەو دووری بوارەکانی ڕەوشتناسی و دەستووری خێڵەکی و سیاسەت و ئایین.

## بەکورتی:

ئێمە دیمان چۆن پەرەپێدانی بازرگانی ناردنە دەرەوە، وا دەخوازێ ئەو زەوییەی تووتنی لێ دەچێنرێ لەسەر حیسابی ئەو زەوییەی دانەوێڵەی لێ دەچێنرێ، زیاد بکرێ. من هەوڵم داوە ئەو هێزە بەربەستانە شی بکەمەوە کە ڕێ لەهەر بەدەمەوەهاتنێکی ئەم چەشنە هاندانە دەگرن. ئاشکرایە هاندانەکە زۆر گرنگ و گەورەیە. بۆنموونە بۆیان باس کردم کە لەباتاس، لەکاتێکا کەزەمانی خۆی، نرخی دانەوێڵەی سەراپای گوندەکە بەئاستەم دەگەیشتە (٥٠) پاوەندی هیشکە. کەچی تەنیا ساڵی (١٩٣٧)، بایی (٢,٥٠٠) پاوەند تووتنیان فرۆشتوە. بۆیە من خۆم لەو بڕوایەدام کەلەئایندەیەکی نزیکا دەبێ لەناوچەی گردۆلکەکانیش گۆڕانێکی ڕیشەیی لەجۆری کشتوکاڵدا ئەنجام بدرێ. بەڵام دەبێ دانی پێدابنێین کەهەر

جۆره پێشکەوتنێکی لەم بابەتە دەبێ گۆڕانێکی بنچینەیی لەئایدیۆلۆجیاو ڕەوشی کۆمەلایەتی خەلکەکە بەدەمەوە بێ. بەو جۆرەی کەئێستا هەیە، جوتیاری ناوچە گردۆلکەکان پێش هەموو شتێ بایی خواردنی خۆی‌و خێزانەکەی شت دەچێنێ. کەئەمەی مسۆگەر کرد ئەوسا ئاوڕ لەچاندنی خۆشگوزەرانی (کمالیات)ی وەکوو توتن دەداتەوە. بەکورتی جوتیار دەیەوێ بەرووبوومەکە بایی خۆی بکات‌و تەنیا ئەوەی لەپێویستی خۆی زیاد بێ، بازرگانی پێ‌دەکا. بەپێی هەل‌و مەرجی تازە، بەرهەمی دانەوێڵەی خۆیی بایی خۆیان ناکا، ئیدی ناچارن توتن بەگەنم دەدەن بۆ ئەوەی پێویستی خۆیان پێ دەستەبەر بکەن. بەم جۆرە، بۆیەکەم جار، کرمانج ناچار دەبێ خواردنی بنچینەیی خۆی بەپارەی هیشکە بقرسێنێ- ئەمەش لەوانەیە ئەنجامی تۆقێنەری لێ بکەوێتەوە. بەگوێرەی هەل‌ومەرجی ئێستا، توتن نرخێکی ئەوەندە گەورەی هەیە (بەپارەی هیشکە) لەچاو هەر بەرهەمێکی‌تری کوردی کەلەوانەیە هەندێ گوندی زۆر بەپیت‌و بەرەکەت وایان لێ بێ پشت تەنیا بەم بەرهەمە ببەستن‌و هەموو ئەوانەی تر بنێنە لاوە. بەم جۆرە پشت بەگۆڕانی نرخی توتنی بازاڕی بەغدا دەبەستن بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی جڤاتەکەیان. ئەم گۆڕان‌و پێشکەوتنەش زەحمەتە شتێکی پەسەند بێ.

لەوانەیە ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی زیادبوونی چاندنی تووتنیش بەهەمان ئەندازە زێدەڕۆیی تێدابێ. بۆنموونە بیر لەمەسەلەی کرێ بکەوە. لەبەشێکی پێشەوەدا باسم کرد کەکرمانج بەشێوەی ئاسایی (٥٠٪) ی بەروبوومی زەوییەکەی بەئاغا دەدا. ئاشکرایە ئەمە ئەرکێکی زۆر گەورە نییە، چونکە خێزانی کرمانج بەقەناعەتەوە بە (٥٠٪) کەی تر دەژی. جگەلەمەش، بەپارەی هیشکە کرێیەکە ئەوەندە زۆر نییە - بەپێی نرخی ساڵی (١٩٣٨)، یەك تەن گەنم تەنیا نەختێ لە (٥٠) کیلۆ شەکر زیاتری پێدەهات.

لەسیستەمی تازەدا، کرمانج نەك ناتوانێ بەبێ کڕین، پێویستیی خۆراکی خۆی دابین بکا، بەڵکو ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیی باس بکەین (٥٠٪) ی کرێ بەقەد سەنگی خۆی زێڕ دەهێنێ، لەگەڵ ئەو بارە نارەوایە زیادەیەش کەئەو کرمانجەی تووتنەکەی دەفرۆشێ، بۆیەکەم جار خۆی دەبینێتەوە باجی ڕاستەوخۆ بەحکوومەت دەدا. گومانێکی کەم هەیە کە (کرێ) کە لەم جۆرە هەلومەرجەدا کەم بکرێتەوە. بەلای منەوە، بەرزبوونەوەی گشتیی ئاستی دارایی، وەکو ئەوەی نێوان کرمانج و ئاغا، کەلەم کارەدا بەئەنجام دەگا، دەبێ بەزەبرێکی کوشندە بۆ ئەو ڕەوش و ڕێکخستنە هۆزەکییەی ئێستا لەنارادایە.

وەکوو گونجانێك لەگەڵ ناوچە نزمەکان، هێلی هەرە بەرزی گەشەسەندن روون و ئاشکرا دیارە. ئاغا دەبینێ تا دێ بەزەحمەتتر دەکەوێ ئەرکی خزمایەتی و میوانداریی بەجێبێنێ. ئیدی دەکەوێتە بن بارەکی قەرزاران و لەکۆتاییشدا بەحیلە شەرعی، زەوی هۆزەکە دەخاتە بارمتە بۆ ئەوەی بتوانێ پارەکە بداتەوە [٢٣]. لەوە بەدواوەش، ئاغای تازە هەر تەنیا خاوەن زەوییەو هیچ پەیوەندی کەسێتی بەجڤاتەکەوە نییە — لەوانەیە کردەوەی توانەوەی خێڵەکی، بەهەموو نیازو مەبەستێك، کردەوەیەکی تەواو کامل بێ.

لەبۆچوونی حکوومەتەوە، ئەم جۆرە گەشەسەندنە بەتەواوەتی نا پەسەند نییە. جڤاتێك هۆزی تەواو تیا هەڵوەشابێتەوە، لەزۆر لاوە، بەڕێوەبردنەکەی لەبەڕێوەبردنی جڤاتی هۆزەکی زۆر ئاسانترەو، بەلایەنی کەمەوە لەمەدای کورتدا. هۆکاری لەمانەش بەربلاوتر هەن کار لەهەڵوێستەکە دەکەن. ئیشی بیرە نەوتەکانی کەرکووك بەزۆری ئەو کوردانەی ناوچەی سلێمانی دەیکەن کەپەیوەندی هۆزەکییان هەڵوەشاوەتەوە. گەشەسەندنی وا لەناوچەکانی هەورازتر بازاڕی کارکردن بۆ کوردی )(لیوا)ی هەولێر دابین دەکا. لەڕووی بەدناوییەوە، هەرزانترین کار ئەوەیانە کەکەمترین ڕێکخستنی تێدابێ. دیسان لێرەش لێکچوونێکی زۆر لەگەڵ گۆڕان و گەشەکردنی باشووری ئەفریقیادا هەیە.

## پەیوەندییەکانی ئابووری لەچوارچێوەی دێدا:

بەشی پێشەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی، بریتی بوو لەلێکۆڵینەوەی پەیوەندی ئابووری نێوان دەستەو تاقمی دێو دونیای دەرەوەو چۆن ئەو گۆڕانانەی لەشێوەی ئەم پەیوەندییە دەرەکییە رەچاو دەکرێن، کار لەرێکخستنی بنچینەیی ئابووری ژیانی دێ دەکەن. ئێستا پێویستە لە هەمان کۆمەڵە دیاردە بکۆڵینەوە بەلاّم زیاتر لەروانگەی تاکەکەسەوە، تا سەرجەم دەستەوتاقمی دێ.

بەگشتی، هۆی گۆڕانکاری لەچوارچێوەی دەستەوتاقمی دێدا، پێویستە لەروانگەی کۆمەڵایەتییەوە، نەك ئابوورییەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

سیستەمی بەرهەم چاندن لەلایەن دەستەوتاقمی خێزانەکانەوە، نەك لەلایەن تاکەکەسەکانەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە جیاوازییەکی گەورەی باری ئابووری لەنێوان کرمانجە جۆربەجۆرەکاندا نییەو کەم وادەبێ پەیوەندی بازرگانی نێوان دەستەو تاقمەکە خۆیان شتێکی پێویست بێ.

### پیشە:

ئەوەی لەمە بەدەربێ، حاڵی جۆلاّیە کەبەخێرایی پیشەکەیەوە پایەیەکی پسپۆڕیی هەیە. پێویستە ئەوە بزانین کە شەکردن و رستنی خوریی کاری پسپۆڕیی نین. بەزۆری ژنانی هەر ماڵێك بەشێوەی سەربەخۆ خوری ئامادە دەکەن و

دەپرژنسن. ئینجا جۆلا هەندێ پارەی هیشکە، یان کەل‌وپەل بەدەست هەق وەردەگرێ‌و ماشەرەکان دەکاتە کر [٢٤].

تاکە کەسێکی تر، کەهەندێ جار پایەیەکی پسپۆریی وەردەگرێ، شوانە. لەوەلاش‌و لەدەرگەلەش، یەك تاکە کەس دەچوە بەر سەرجەم بزنەگەل‌و مێگەلە مەرو هەمیشە بەم کارەیەوە لەچۆلەوانی دەژیا.

بۆیان باس کردم بزنەوانەکە خەڵکی گوندەکە نییە، غەوارەیە. ئەو ماڵانەی شوانەکە دەچووە بەر حەیوانەکانیان، بەهاوکاری شوانەکەیان دەژیاند. راستە حەیوانەکان هەموو بەیەکەوە بەخێو دەکرێن، بەلام هیچ نیشانەیەکی (خاوەنداریی هاوبەش) لەناودا نییە. هەرکەسە ماڵاتی خۆی دەناسێ. ئەمە بەزۆری لەکاتی بێرکردنی هەموو سبەینەو نێواران دەردەکەوێ کە بێری دەچنە دەرەوە بۆ ناو پاوانان‌و هەرکەسە ماڵاتی خۆی دەدۆشێ. بەلام لەگوندەکانی‌تر بارودۆخەکە تارادەیەك جیایە. بۆنموونە. شەقدینییەکانی رایات مێگەلی گەورەیان هەیەو هەروەکو پێشتر باسمان کرد، بەشێکی جڤاتەکەیان هاوین جیا دەبنەوەو دەچن هۆبەیەکی سەربەخۆ پێك دێنن‌و تەنیا مەرو ماڵات بەخێو دەکەن. هیچ زانیاریم بەدەستەوە نییە داخۆ چەند کەس لەگەل مەرو ماڵاتەکە دەچنە دەرەوە، یان پەیوەندییان بەوانەوە چییە کەلەناو دێدا دەمێننەوە بۆ ئەوەی خەریکی درووێنەو دەناوەهێنانی کشت‌وکاڵ بن.

چەند پیشەیەکی پسپۆریی تریش هەن. مافوورو چنین پیشەی پسپۆریی هەندێ لەژنەکانە بەڵام ئەو ئەندازەیەی بەرهەمی دێنن هیچ بایەخێکی ئابووری نییە. پیشەکانی تر بەشێوەی سەرەکی لەدەست پسپۆرو شارەزای گەڕۆکن کەکەرەستەی پیشەکەی خۆیان پێیەو گوند بەگوند دەگەڕێن و پێویستی خەڵکەکە جێبەجێ دەکەن. بۆنموونە وەکوو لبادکەرو دارتاش و تەنەکەچی و وەستای بینا. پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەین کەئەم جۆرە کەسانە مامڵەتچی نین، بەڵکو پیشەوەرن. لبادکەر لوا لەگوندییەکان وەردەگرێ و ئیشی لەسەر دەکا. گوندییەکان دەبێ خۆیان دار دابین بکەن ئەوسا دارتاش دەتوانێ شەنەیان بۆ دروست بکا. بۆیە لەوانەیە سەرمایەی ئەم جۆرە پیشەوەرانە هەر زۆر کەم بێ و دەست هەقی ئیشەکەیان نەختێ لەمەسرەفی خواردن و گەڕانیان زیاترە.

## مامڵەتچی:

مامڵەتچییە جیاجیاکان، کەتەواو لەمانە جیان، پەیوەندی نێوان گوندو دونیای دەرەوە دەستەبەر دەکەن. ئەمانە زۆرچاك پۆلین کراون و ناوی کووردیی خۆیان بۆ دانراوە: میوەفرۆش، عەتار، بازرگان.

میوە فرۆشەکان بەشێوەیەکی سەرەکی میوەفرۆشی گەڕیدەن، مامڵەتەکەیان سروشتێکی ناوچەیی هەیەو

بەتەواویش لەشێوەی ئاڵوگۆڕدایە، واتە میوە بەشتیتر دەدەن. ئەمانە پەیوەندی نێوان ناوچەیەك و ناوچەیەكیتری هۆزەكە دابین دەكەن.

کاتێ کەمن لەوەلاش بووم میوەفرۆشێکی خەڵکی روست هاتبوو میوەی بەگەنم و تووتن دەدا.

دەتوانین زۆر چاك عەتار بەدێوەرە دابنێین. عەتار شتی وەکوو ئەمانە دەفرۆشێ: شەمچە، دەرزی، پەڕاوی، بەهارات، نەوت، دەزوو، شەکر، چا، قاوە – لەراستیدا، عەتار ئەرکی فرۆشگای گشتی گوند دەبینێ. مامەڵەکەی هەندێکی بەئاڵوگۆڕو هەندێکی بەپارەی هیشکەیە. عەتار ئەو شتانەی مامەڵەیان پێ دەکا ئەندازەیان کەمە – ئاغایەکی وەکوو شێخ محەمەد هەمیشە دەینارد راستەوخۆ لەڕواندزەوە شەکری بۆ بێ، لەعەتاری نەدەکڕی. هەندێجار وادەبێ عەتار بەشێوەیەکی بەردەوام لەگوندێك دادەمەزرێ. دوکانێك دەکاتەوەو خاوەنی دوکانی ئاوا پێی دەگوترێ دوکاندار. لەو گوندانەی من سەردانم کردن، ئەم جۆرە دوکانە تەنیا لەبنکەی قاچاخچێتی خەلان هەبوو.

بازرگان دوکانی هەمیشەیی لەشارەکانی وەکوو ڕواندزو هەولێر هەیەو لەوێوە دێوەرەکان بەرەو گوندان دەنێرێ. ئەمانە مامەڵە تەنیا بە کەلوپەلی هەرە بەرزوبالا دەکەن – قوماش و چیت و قاوەو شەکر – بۆیە ئەمانە مەعمیلی

سەرەكییان ئاغاكانن. ئەمانە بەزۆری جوولەكە، یان ئەرمەنین. مامەڵە بەتاڵوگۆڕ ناكەن. مامەڵەكەیان بەقەرزەو بۆ مەودایەكی دیاری كراو بەقەرزی دەدەن. شایەنی تێبینیە، لەوە دەكا سووخۆریی هەر نەبێ. قەرزێكی (٥) پاوەندی ئەمڕۆ، ئەگەر دوای (٣) سێ ساڵی تریش بدرێتەوە قەرزەكە هەر (٥) پاوەندە. دیارە هەر لەبەر ئەوەشە شتەكان نرخیان تا بڵێی گرانە. من لەو بڕوایەدام، بڵاوبوونەوەی ئەم سیستەمی مامەڵەكردنە بەقەرز شتێكی زۆر تازەیە لەكوردستاندا. ئەمە بۆی هەیە دوای ماوەیەك ببێ بەهۆی مایەپووچ دەرچوونی ئاغاكان، یان بازرگانەكان. زەحمەتە بڕیار بدەین ئاخۆ كامەیان زیاتر روو لەشكستە. سەعیدی كوڕی شێخ محەمەدی وەلاش دڵنیای كردم كەخۆی تا (٣٠٠) پاوەند قەرزارەو داوای لێكردم ئیشێكی لەكۆمپانیای نەوتی كەركوك بۆ بدۆزمەوە بۆئەوەی بتوانێ قەرزەكانی بداتەوە. لەلایەكی تریشەوە، لەدەرگەڵە بازرگانێكی رواندزی بچووكی كلۆڵو داماوم بینی، سكاڵای دەكرد كە (١٥٠) پاوەندی قەرزی لەسەر خەڵك هەیە، هەندێكی سێ ساڵیش زیاترەو هەرچەندە بەسەر قەرزارەكانیدا گەڕابوو زۆر بەمكووری داوای قەرزەكانی لێكردبوونەوە، تەنیا (٣)پاوەندی پێ كۆكرابووەوە.

## فرۆشتنی تووتن:

لەیەکێ لەبەشەکانی پێشەوەدا جەختم لەسەر ئەوە کرد کەبایەخی تووتن بۆ ئەم بەشەی کوردستان تا دێ روو لەزیادبووندایە. ئێستاش پێویستە لەوە بکۆڵینەوە داخۆ ئەم بەرهەمی تووتنە چۆن دەخرێتە بازارو دەفرۆشێ. ئەو لێکۆڵینەوانەی من لەسەر ئەم مەسەلەیە کردوومن بەچەند ئەنجامێکی مەیلەو ناکۆکیان گەیاندووم‌و مەسەلەکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. بەگشتی، من بڕوام وایە کەجیاوازی هەڵوێستەکە بەشێوەیەکی سەرەکی سەبارەت بەگۆڕانی خێرای بارودۆخی بازرگانی تووتن بووە. من سێ رێبازی جیاوازی خشتنە بازاڕی تووتنم تێبینی کردووە:

رێبازی یەکەمیان ئەوەیە ئێستا کەبەگشتی لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان، لەدەوروبەری سلێمانی‌و ناوچە نزمەکانی لیوای هەولێر بەکاردێ. ئەم رێبازە حاڵی حازر لەناوچەی رواندز بەکار نایە، بەڵام ئەگەر بەرهەمی تووتن زیاد بکا، چاوەڕوان دەکرێ لەوێش بەکاربێ.

**کاروباری خستنە بازاڕ: (١)**

کارگە گەورەکانی تووتنی بەغدا نمایندەی خۆیان لەکوردستان هەیە کەسەرجەم تووتنی زیادەی گوند بەقۆنتەرات لەئاغا وەردەگرن. ئەگەر پێویست بکا، ئاغا دەتوانێ پێشەکی، لەکاتی چاندنی بەرهەمەکە، پارەیەکی هیشکەی زۆر وەربگرێ. نمایندەی بازرگانەکان، کەدەبێ بەهاوکاری لەگەڵ بەشە پەیوەستەکانی حکوومەت ئیش بکەن، بەزۆری تۆو ڕێنمایی تەکنیکی دابین دەکەن. (٥٠٪) ی بەرهەمەکە هی ئاغا خۆیەتی، چونکە زەوییەکە زەوی ئەمە. لە(٥٠٪) کەی تر هی ئەو کەسانەیە کە چاندوویانە. لەبەرئەوەی نمایندەی کڕیارەکان تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئاغا دەکات. ئاغا دەکەوێتە هەلوێستێکی واوە کەپارەیەکی باشیش لەسەر بەشی جووتیارەکان وەربگرێ. لەلایەکیتریشەوە، ئەو کەسەی تووتنەکەی چاندووە، ئەگەر نەزانێ نرخێکی باشی دەدەنێ، مەرج نییە لەرێی ئاغاوە بەرهەمەکەی خۆی بفرۆشێ: بەلام تەنیا ئەوەی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە کەمامەڵە لەگەڵ عەتار بکا. ئەویش وەکوو دەلالێك هەر ئەوەندە دەتوانێ نرخێکی زۆر لەوە نزمتری بداتێ کەنمایندەی کڕیارەکان بەئاغای دەدا. لەهەموو حالەتێکیشدا، تووتنەکە لەسەر حیسابی کڕیارەکان لەگوندەوە دەگوازرێتەوە شار.

**ڕێبازی دووەمیان:** بۆیان باس کردم ئەمەیان لەزەمانی کۆن، پێش هاتنی کارگەکانی جگەرەی بەغدا بەکار دەهات. لەم حاڵەتەدا زانیاریدەرەکەم پیاوێکی خەڵکی سلێمانی بوو، دڵنیا نیم ئاخۆ ئەم کاروبارە تا چ ڕادەیەك بۆ ناوچەی ڕواندز لەبارە.

**کاروباری خستنە بازاڕ:** (٢)

مامەڵەکە لەسەر بنچینەیەکی زۆر تاکەکەسی بوو. بازرگانەکانی تووتن، خۆیان، یان نمایندەکانیان، بەرەزامەندی ئاغا، قۆنتەراتی سەلەمیان لەگەڵ تووتنچێنەکان دەبەست. ئەم سەلەمە کاری دەکردە سەر کەمبوونەوەی داهاتی کۆتایی بەرهەمهێنەرەکان. بەم جۆرە ئەو جوتیارەی لەکاتی تۆو کردندا، پێشەکی بەرهەمەکەی خۆی بەپارەی هیشکە دەفرۆشت تەنیا لە(٦٠٪) ی نرخی بازاڕی بەرهەمەکەی وەردەگرت. بازرگانەکان دیارییەکی باشیان، یان بەپارەی هیشکە، یان بەشێوەی کەل‌وپەل، پێشکەش بەئاغا دەکرد وەکوو هەقی بازرگانیکردنیان و بەرامبەر بەمەش ئاغا دەبوو بەدەستەبەری قۆنتەراتەکە. بەم جۆرە ئەگەر تووتنچێنەکە نەیتوانیبا قۆنتەراتەکەی جێبەجێ بکا، ئاغا ناچاری دەکرد کەل‌وپەلە تایبەتییەکانی خۆی بفرۆشێ بۆ ئەوەی گرێبەندەکەی پێ جێبەجێ بکا. ئەگەرچی لەزۆر حاڵەتدا وادەبوو ئاغا، سەبارەت بەخزماتی، خۆی لێپرسینەوەکەی دەگرتە ئەستۆ.



CamScanner

## کاروباری خستنە بازاڕ (٣):

لێکۆڵینــەوەی تێــرو تەســەل، لــەوەڵاش دەری‌خســتووە کەتووتنی زیادەی گوندەکە زۆر زۆر کەمە، ئەویش، یان بەهۆی تاکە دەلالـەکانی تـووتن سـاغی دەکەنـەوە کەلەهـەولێر ئـیش دەکەن، یان بەهۆی عەتاری ئاساییەوە. مامەڵەکە تەنیا بەپارەی هیشـکەیەو هـیچ سیسـتەمی سـەلەم لـەئارادا نییـە. لەدەرگەڵە، کەچـاندنی تـووتن زۆر خەسـتترە، بەداخــەوە هــیچ زانیــاریم لەبارەی ڕێبازەکانی خستنە بازاڕی تووتن دەستگیر نەبوو.

دوای ئــەوەی لەپەیوەنــدی تاکــە تاکــە جیاکــانی نێــوان ئەندامانی گوندو ئەوانـەی دەرەوەمـان کۆڵییـەوە، ماوەتـە سەر لێکۆڵینــــەوەی شــــێوازەکانی ئــــاڵوگۆڕی نــــاو چوارچــــێوەی دەســـتەوتاقمەکە خـــۆی کـــەزیاتر بنچـــینەیەکی کۆمەڵایـــەتی ســـەرەکی هەیـــە تـــا ئـــابووری. لەبەرئـــەوەی کەرەســـتەی ئەزموونکاریم لەبەردەستدا نییە، تەنیا هەر ئەوەندەم پێ‌دەکرێ کەبۆنە سەرەکییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە دەست نیشان بکەم.

## زەماوەند:

زاوا نـەختی بووک بەباوکی کچەکە دەدا. بۆیان باس کردم کەئەگەر ژن رابکات، یان بەدرەوشتی لێ رووبدات و نـاوی خۆی بزڕێنـێ، زاوا دەتوانـێ داوای وەرگرتنـەوەی بەشـێکی نەختەکە بکات، بـەڵام ئـەم زانیارییـە زۆر ورد نییـە [٢٥]. لـەکاتی دەست

لێك بەردان (تەلاق)دا، مێرد دەبێ بەهەرجۆرێك بێ، ژنەکەی پێشووی لەماوەی دوو گیانیو زۆر جار زیاتریش بەخێو بکا. زەحمەتە ژمارەی باوەڕپێکراومان دەست بکەوێ لەبارەی ئەو پارەیەی دەدرێتە نەختی بووك. (های) ژمارەی (٥٠٠) پاوەندی داوە بۆ ئاغایەکی دەوڵەمەند. لێرەدا ئارەزوویەکی سروشتی هەیە بۆ زێدەڕۆیی لەژمارەکەدا چ وەکوو پیاهەڵدانێك بۆ کچەکەو چ وەکوو خۆڕانانێك بۆ زانیاریدەرەکە. کەمن باسم کرد، لەزەماوەندی ئامۆزای ڕاستەقینە، کەلەهەمان دێدا دراوسێ بن. نەختی بووك هەرچەندەی هەبێ کەمێ لەئاڵوگۆڕێکی بەناو زیاترە، ئەوان دانیان بەمەدا دەنا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گەنگەشە لەسەر ئەوە هەبوو کەڕێزلێنانی کچ وا دەخوازێ نەختەکەی زۆر بێ. زانیاری زۆر شەخسیمان پێویستە دەرهەق هەموو لایەنێکی بابەتەکەوە بۆ ئەوەی دەری بخەین ئاخۆ لەکاتی زەماوەندا چ ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە لەناو دێدا ڕوودەدا. کەزەماوەند لەگەڵ یەکێکی دەرەوەی گوند بێ، هەڵوێستەکە زۆر ڕوونترە. بەتایبەتی بەش بەحاڵی ئاغاکان، ئەگەرچی دیسان لێرەش ئارەزووی زێدەڕەوی کردن لەژمارەدا لەئارادایە.

خاڵێکی تری نەختێ گرنگ دووبارە بوونەوەی زەماوەندی ئاغاکان، یان کوڕەکانیانە لەگەڵ کچی شارنشینەکان.

بۆنموونـه، كـوڕێكی شێخ محەمـەدی وەلاش كچێكی مسـتەفا
قەندی هێنابوو كەخانەدانێكی هەرە گەورەی ڕواندز بوو، یەكێ
لەژنەكانی میر حەمەدەمینی دەرگەڵـەش خـەڵكی شار بـوو. ئـەم
جـۆرە زەماوەنـدە لـەبارەی كۆمەڵایەتییـەوە شـتێكی پەسـەندە
چونكە وای بۆ دەچن كەئافرەتی شارنشین سیمای شارستانیو
پێشـكەوتووانە لەگـەڵ خۆیـدا دێنـێ. زەماوەنـدی دانەشـووی
كچـی ئاغا بـەكوڕی شارنشـین زۆر نائاسـاییە، چـونكە مرۆڤـی
شارنشین كچی خێڵەكی بەكاڵو ناشارستان دادەنێ، بەم جـۆرە
سروشـتـی تـەك لایـی ئالوگۆڕەكـە ناوبـەناو زیـانێكی زۆرتـری
پـارەی هیشـكە لەدەسـتەوتاقمی هۆزەكـە دەدا بێئـەوەی هـیچ
بژاردنێكی لەهەمبـەردا هـەبێ (٢٦) نابـێ وای بـۆ بچین كەنـەخت
دان تـەنیا ئـاڵوگۆڕێكی ئابوورییـەو لەئـەنجامی زەماوەنـدەوە
پەیدا دەبێ.

خزمە نزیكەكانی هەردوولا دیاری پێشكەش بەزاوا دەكەن
كـە لەوانەیـە كەلوپـەل بـێو لەوانەشـە پـارەی هیشـكە بـێ.
لەزەماوەنـدی نێـوان خێزانـی ئاغا دەوڵەمەنـدەكان بـۆی هەیـە
دیارییەكە بگاتە گوژمە پارەیەكی زۆر.

## مردن:

ڕێوڕەسمی پرسەی کورد، لەچاو پەیڕەوی ئاسایی ئیسلامییەوە، هەر هیچ نەبێ بەلای ئاغانەوە، بۆماوەیەکی نائاسایی درێژە دەکێشێ. ئەو کاتەی کەمن لەوەلاش بووم، ژنەکەی مستەفا فەندی، کوڕی دووەمی شێخ محەمەد، کۆچی دوایی کرد. لەبەر ئەوەی مستەفا خۆی ئاغای گوندێکی دراوسێ بوو، من بەچاوی خۆم ڕێوڕەسمەکەم نەبینی. بۆیان باس کردم کەڕێوڕەسمەکە بەشێوەی سەرەکی ئەمەیە:

تازیەدارەکە لەماڵەوە، لەدیوەخانەی خۆی دادەنیشێ و خواردن و خواردنەوە پێشکەشی هەموو ئەو دۆست و خزمانە دەکا کەدێنە پرسەو بەشداری خەمی دەکەن. ئەمە ماوەی یەك مانگ دەخایەنێ. جگەلەمەش، لەبەرئەوەی مستەفا تەنیا دیوەخانەیەکی هەبوو، هەموو ئەوانەی کەخزمی دوور بوون، لەوەلاش دەیانحەواندنەوە. پێکەوتم کەئەوانەی دەچوونە تازیە بەدەستەودیاری دەچوون، کەبەلانی کەمەوە نزیکەی ئەو مەسرەفەی دەردەهێنا کەلێیان دەکرا. بەلام ئەو تەنگژە ئابوورییە ڕاستەوخۆیەی سەبارەت بەمردنێکی وەکوو ئەمە پەیدا دەبوو، تەنگژەیەکی گەورەبوو. هەر هێندە شێخ محەمەد خەبەرەکەی بیست، سوارەی ڕەوانەی پواندز کردن بۆ ئەوەی

چوار فەردە شەکر (هەریەکەی ٣٦ کیلۆ)و دوو فەردە برنج و دەستە قامیشێکی گەورەی جگەرە بێنن. میوانداریییەکە، بەشێوەیەکی سروشتی، تارادەیەکی زۆر بەپێی پایەی مردووەکە دەگۆڕێ. جگە لەمە، لەهەموو حاڵەتێکدا، مردنی نێرینە زۆر زۆر لەمردنی مێینە گرنگترە. ئەوەندەی من بزانم، ڕێورەسمی تازیەکردن لای خێزانە کرمانجەکانیش هەر بەم جۆرەیە، ئەوە نەبێ کەلای ئەوان بەڕادەیەکی کەمترە. [٢٧]

## مەلا:

مەلا دەوری خۆی لەداب و دەستووری هەردوو بۆنەی زەماوەندو مردندا دەگێڕێ و هەندێ پاداشتی شیاوی دەست دەکەوێ. بایەخی مەلا لەداب و دەستووری زەماوەندا تا دێ بەرەو کزی دەچێ. ئێستا بەپێی ڕێنمایی حکوومەت زەماوەند دەبێ لای پۆلیس تۆمار بکرێ و زەماوەندەکە بێ هیچ ڕێورەسمێکی ئایینیش هەر ڕەوایە. بۆیە، مەیل زیاتر بەلای ئەوەدایە کەدیاری پتر پێشکەش بەپۆلیس بکرێ تا مەلا.

# بەشی چوارەم

# لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری

## تەکنیکی کوردی

## پەیوەندی تەکنەلۆجیا بەلێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتییەوە

لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافی پێشوو، کەهەوڵی دەدا نەریت و ڕەوشتی گەلانی تایبەتی دونیا وەکوو ڕاستەقینەی مێژوویی باس بکا، لەوەسفی وردەکاری تەکنەلۆجیدا بەوپەڕی تەقەلاوە درێژەی پێ دراوە. بەپێچەوانەی ئەمەوەش، زۆرکاری ئەنترۆپۆلۆجی ئەم دواییە، بەجەختی کۆمەڵناسیی پڕ بەدڵەوە، هەموو وردەکارییەکی تەکنۆلۆجی پشت گوێ خستووە. لەزانستێکی وادا کەهەوڵ بدا یاسای گشتی بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤ دابڕێژێ، وا چاکە بەر لەهەموو شتێ لەتایبەتێتی کولتووریی جیاواز زیاتر جەخت لەسەر لایەنە لێکچووەکان بکرێ و لەم کۆششە نیگایەشەوە دەرخستنی بنەما گشتییەکانی

کۆمەڵناسـی و ئـابووری بایـەخی لـەوردەکاریی پارێزکارانـەی جیاوازە ناوچەییەکانی هەر جۆرە تەکنیکێکی تایبەتی زیاترە، لەگەڵ ئەمەشدا تەکنیکی هەر گەلێك وانەبێ هەر تەنیا بایەخی مێـژوویی هـەبێ‌و بـەس، بـەڵکو پشـت بەسـتنێکی نەرمیشـی بەئەرکی راستەوخۆی خۆیەوە هەیە.

مرۆڤناسە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانی پێـدا دەنـێن کـە جـۆرە پەیوەندییـەکی نـاوەکی لـەنێوان شـێوە کۆمەڵایەتییـەکانی کولتـووررو لایەنـە ماددییـە بەرچـاوەکانیدا هەیە، بەڵام بەدەگمـەن وابووە سروشـتیٚ ئەمجۆرە پەیوەندییە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر کرابێ. بایەخدانەکە لادەکا بەلای ئـەوەدا کـەزۆر تایبـەتی بـێ بەچـەمکی مەعنـەوی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتییـەوە، کـە هەنـدێجار پێکـەوەبوونی پێکهاتـەی ماددیی رەسمی هەر لەبیر دەکرێ. بەڵام شێوەی کۆمەڵایـەتی‌و شێوەی ماددی بێگومـان بەقەد یـەکتر لایـەنی گرنگـی گونجانی مرۆڤن لەگەڵ باری ئاوو هەواو دەوروبـەر ماددیـدا، لەسـەردەمی رابردوودا مەیل بەلای ئەوەدا بوو کەراستەقینەی ماددیی بکرێ بەزەمینەیەکی پتەوو یەکێتی تێك ترنجاوی کۆمەڵایەتی لەسەر پێشان بدرێ. من بەش بەحاڵی خـۆم، هـەموو باسێکی مادییم بـۆ پاشـان جێهێشـتووە، چـونکە وا زۆر ئاسـانترە پەیوەنـدی نێوان دابی کۆمەڵایەتی‌و مادی پێشـان بـدەین‌و ئەوەش پێشان

بدەین کەگۆڕانی هەر یەکێکیان گۆڕانی راستەوخۆو جەدەلی ئەوەی تری بەدەمەوەیە. زانینی ئەم پەیوەندییە بایەخێکی تایبەتی هەیە کەهەڵوێستەکە هەڵوێستی گۆڕانی کولتوور بێ.

ئەگەر ئامانجی زانای مرۆڤناسی پێشبینی کردنی گەشەسەندن و ڕێڕەوی گۆڕان بێ، پێویستە ئەو ڕێبازەی دەیگرێتە بەر، هێزی پارێزگاری و بەرگری لەزۆر لایەنی کولتووری، وەکوو خۆی دەیبینێ، ئاوا بدۆزێتەوەو هەڵیسەنگێنێ. لایەنێکی گەنگەشەی من لەسەر ئەوەیە هەر هەڵسەنگاندنێکی وا کەتەنیا پشت بەلایەنی کۆمەڵایەتی ببەستێ، بێگومان شل و شێواو دەردەچێ. راستە لەهەندێ حاڵەتدا دەبێ بەوپەڕی گرنگی مامەڵە لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، بەڵام لەهەندێ حاڵەتی تردا هۆکاری تەکنیکی دەبێ بەهۆکاری هەرە کاریگەر بۆ ئەوەی ئاخۆ گەشەکردنی نوێی کۆمەڵایەتی بە چ ئاراستەیەکدا بڕوا. وریایی لەشیکردنەوەی هەرە کۆتایی دا خۆی لەتێکەڵییەکی ئاڵۆزی پێویستیی کۆمەڵایەتی و بێزاریی دەروونناسی و بێ کەڵکی تەکنیکی واقیعی دا دەبینێتەوە لەکارکردنە سەر گۆڕانەکەدا. بۆیە دەبێ پەیوەندیی راستەوخۆی نێوان لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی ماددیی لەگوندی ناوچەی گردۆلکەی کوردیدا بایەخی تایبەتی خۆی هەبێ.

بەنیشانەکانەوە دیارە کەبەروبوومی زەوی، بەزۆری تا ئەو ڕادەیەی کەرەستەی تەکنیکی ئێستا ڕێی دەدا، بەتەواوی خراوەتە کار. ڕادەی ئەو پارچە زەوییە (پەراوێز)انەی دەشێ تەنیا بەزیادکردنی هاندانی ئابووری بکرێنە کرت و کێڵ و بن بەزەوی داچاندن، زۆر کەمە!

ناوچەی زەلکاوو شۆڕی هەوراز خەلانی لێ دەرچێ کەبارودۆخەکەی زۆر سەخت و ناخۆشە. لەهەر کوێ زەوی ئەوەندە تەخت و ڕاستان بێ جووتی لێ بکرێ گەنمی لێ دەچێنرێ و لەهەر کوێ شوێنەکەی لەباربێ، کشتوکاڵی سانەوی وەکوو مێو. بەڕووی گردی ڕکدا زۆر بەرەو هەوراز هەڵدەکشێ. بەڵگەی روون و ئاشکرا بەدەستەوەیە کەئەو خواردنە پێویستەی دەچێنرێ و بەرهەم دێ بەدەگمەن بەشی پێویستیی جڤاتەکە دەکا، دەتوانین وای دابنێین کەخەڵکەکە ئێستا خەریکە لەو ڕادە هەر بەرزە نزیك دەبێتەوە کەسیستەمی ئابووری ئێستا دەتوانێ ژیانی دەستەبەر بکا.

ڕەنگە شێوەی هەرە سەیری بیناسازی، کە لەم ناوچەیەدا پەیڕەو دەکرێ، پەسەندترین هۆی بۆ کەمیی زەوی بگەڕێتەوە. گوند هەمیشە لەقەد چیا دروست دەکرێ کەهیچ بەکەڵکی

کشتوکاڵ نایە. گوند لەسەر تۆقڵەی چیا دروست ناکرێ کەڕەنگە مەسەلەی بەرگری وا پێویست بکا، بەڵکو لەقەد چیا دروست دەکرێ یەکسەر لەهەوراز زەوی تەختی داچاندنی ناو دۆڵەکەوە. هەندێ جار وەکوو ئەوەی وەلاش و رایات، خانووەکان وەکوو هێشوو لەبلۆکێکی پتەودا چوونەتە باریەك. کەچی لەشوێنیتردا خانووەکان دابەشی سەر چەند هێشوویەکی جیاجیا بوونە. چوونە پاڵ یەکتری ئەم خانووانە دیارە لەچوارچێوەی گوندا پەیوەندی بە پلەی خزمایەتییەوە هەیە. لەوێنەی ژمارە (٣)دا دەبینین، هەر هێشووە خانوویەك، بەزۆری خانووەکانی بەزنجیرەی توناو تون یەك لەسەر یەك دروست کراون، بەجۆرێ کەبانی هەر خانوویەك دەبێتە بەر هەیوانی خانووی خوارەوەی (لەڕاستیدا خانووی سەرەوەی – و) ئەو بلۆکە خانووەی لەوێنەکەدا هاتووە، دوو ماڵی برا بوون بەخۆو بەخێزانەوە. ئەمانە لەدوو خانووەکەی سەرەوەدابوون و خانووی خوارێ، ئەگەرچی ئەویش لەبنەڕەتدا خانووی ماڵێك بووە. بەلام لەکاتی سەردانی من کرابوو بەمەخزەن بۆ هەردوو خێزانەکە. ئەمەش هەرگیز حاڵەتێکی ناجۆر نییە. بلۆکە خانووی لەم جۆرە بەزۆری کۆمەڵە خزمێکی نزیکی تێدایە کەبەزۆری وەکوو کۆمەڵەیەکی ئابووری هاوبەش، ئیش و کار بەیەکەوە دەکەن. جا لەبەر ئەم جۆرە نزیکییە، زەحمەتە مەسەلەکە بەجۆرێکی تر بایە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر گۆڕانی

ئابووریی ئایندە بەلای جەخت کردنی مافەکانی تاکەکەسدا بچێ بەرامبەر بەمافەکانی دەستەوتاقمی خزمایەتی، دەشێ چاوەڕوانی گۆڕانی تەواوی شێوازێکی زیاتر تاکەکەسی بکەین لەهونەری بیناسازیدا. لەلایەکیتریشەوە، ئەوجۆرە خانووە هاوبەشانەی ئێستا هەن هۆکارێکن هەموو هەوڵێکی ئاغا تێك دەدەن کەبیەوێ دووبارە سیستەمی زەویداریی و کشتوکاڵ کردن لەسەر خەتێکی چالاکتر رێك بخاتەوە.

پیاو دەشێ ئەوەش تێبینی بکا، لەپێدەشت دا، کەجەختی کشتو کاڵ تێکڕا دەکەوێتە سەر بەرهەمهێنانی گەنمو کەمیی ئاویش لەبنەڕەتەوە کار لەسەراپای ئابووری جڤاتەکە دەکا. نەك هەر تەنیا نەخشەڕشتنی گوند، بەڵکو پێکهاتەی تەکنۆلۆجیای خانووەکانیش بەتەواوی لەوانەی ناوچەی گردۆلکەکان جیایە. ئەمەی خوارەوە تەنیا لەگوندەکانی ناوچەی رواندزو هەروەها نەختێ لەناوچەی (B) ی نەخشەی (١)یشدا پەیڕەو دەکرێ، بەڵام بەهیچ جۆرێ لەناوچەی (C)دا پەیڕەو ناکرێ.

دەتوانین تایبەتییە تەکنۆلۆجییەکانی خانووەکان بەم جۆرەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

شێوەی خانوو لاکێشەییە، بەڵام هیچ هەماهەنگییەك لەقەبارەو نەخشەیدا نییە. وەکوو دەستوورێك خانوو دەرگای سەرەکی رووی لەلێژایی چیایەو دەچێتەوە سەربانی ئەو

خانووەی یەکەو ڕاست کەوتۆتە خوارەوەی، بەڵام دەشێ ئەم پەیڕەوە گۆڕانی بەسەردابێ. دیوارەکان بەزۆری لەبەردی ناڕێك دروست دەکرێن و قیمەی نێوان ڕیزەکان قوڕە. دیوارەکان ئەستوورییان دەوری دوو پێ دەبێ، بەڵام ئێستا خەڵکەکە بەزۆری ئارەزوویان لەوەیە کەلەباتی بەردو قیمەکە خشتی کاڵ بەکاربێنن. هەندێ خانوو دوو نهۆمن، بەڵام ئەمە تارادەیەك شتێکی نائاساییە . لەم حاڵەتەدا، بەپلیکانەیەکی دەرەکی بەسەر نهۆمی دووەم دەکەون. هەموو ژوورەکان پەنجەرەیان لەدیواری دەرەوە هەیە، بەڵام خانووەکانی ئاغای لێ دەرچێ، زۆر بەدەگمەن وادەبێ پەنجەرەکان لاشیپانەیان هەبێ. ئاگر لەئاگردانێکی بچووکی سەر عەردی ناو ژووری دکرێتەوە. هەندێ جار کلاوڕۆژنەیەك بۆ دووکەڵ لەبان دەکەنەوە. بەڵام دووکەڵ زیاتر هەر بەپەنجەرەدا دەچێتە دەرەوە. بانی خانووەکان تەختە، نەختێ بەرەوپێشەوە لێژایی هەیە. کاریتەکان، بەتەریبی لەگەڵ هێلی چیاکەدا دەخرێنەبان. لەسەر کاریتەکانیش چینە هەراشێکی چیلکەی بەقەد ئەستوورایی تانۆری فاسۆلیا دەخرێتە بان. ئینجا لەسەر ئەمەوە، بەئەستوورایی چەند گرێیەك چینێکی تێکەڵەی گەچ و خۆڵەمێش و تیشەبەرد لەسەریان ڕۆدەکەن. ئەمە لەکەش و سەقای گەرمدا ڕەق دەبێ و بانێکی زۆر ڕەق و توندو پۆلی لێ

دروست دەبێ، بەلام هەر چۆن بێ ئەمە وەکوو چیمەنتۆی ڕاستەقینە نییە. بانەکە لەبەر باران زوو دەتلیسێتەوەو دەبێ بەبەردەوامی باگوردانی لەسەر بگەڕێ و بپەستێرێتەوە بۆ ئەوەی دلۆپە نەکا.

خانووی کوردی کەلوپەلی ناومالی تابلێی کەمە. کەرەستەی سەرەکی بریتییە لەقاپ وقاچاخ. بەدەگمەن کورسی، یان مێزی تێدایە. پێخەف بریتییە لەلبادو رەنگە یەك دوو رایەخ و بەتانی. بەرۆژ ئەم نوێنانە لوول دەدەن و لەقوژبنێکا هەڵیاندەپەسێرن بۆ ئەوەی رێیان لێ نەگرن. دەتوانین بلێین کاریتە لەهەموو بەشێکی خانووەکە بەنرختره. کاریتەی راست و درێژ بەزەحمەت دەست دەکەوێ. تەنیا ئاغاکان دەتوانن کاریتەی چاك بەکاربێنن. ئەگەر جوتیارێك، سەبارەت بەهەر هۆیەك، بیەوێ خانوویەکی نوێ دروست بکا، بانی خانووە کۆنەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە و کەرەستەکانی بۆ خانووە نوێکە بەکاردێنێ. بەم جۆرە شوێنی گوندێ کەچۆل کرابێ یەکسەر دەبێ بەخرابەو کەلاوە کۆن. کەمیی ئەم جۆرە بیناسازییە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆنەبوونی کەرەستە دەگەڕێتەوە. ئەمە لەخانووی شێخ و ئاغا دەولەمەندەکاندا خۆی دەنوێنێ کەبەهۆی نۆژەن کردنەوەو زیادکردنی شتی وەکوو : ناوژووری تەختەو پەنجەرەی مینا بەندو دەرگای

بەڕیزەکـە، دەتـوانن لەنەخشـەیەکی دەق وەکـوو نەخشـەی خـانووی جوتیارەکـان، خـانووی زۆر خـۆش دروسـت بکـەن. لەگەڵ هەر بەرزبوونەوەیەکی پلەی ئابووری گشتیی جڤاتەکە، چاوەڕێ دەکرێ گۆڕانی ئاوا لەبیناسازی جوتیارەکانیش بێتە کایەوە. ئەمڕۆ دروستکردنی خانوو بۆتە پیشەیەکی پسپۆڕیو بەزۆری وەستایەکی کارامە لەشارەوە دێننو ئەوەی خانوو دەکا کەرەستەکان ئامادە دەکا. لەوانەیە هێنانی وەستای شارەزای شار بۆ دروستکردنی خانوو پەیوەندی دوو سەرەی بەبەکارهێنانی خشتی کاڵەوە هەبێ لەباتی بەردو قیمەی قوڕ کەلەپێشەوە باسمان کرد.

## زەوی کێڵان:

ئەو ئامێرە تەکنیکییەی بۆ زەوی کێلان بەکاردێ تا بڵێی سەرەتاییە. کەرەستەی سەرەکی کەهەوجارە (بڕوانە وێنەکان) جۆرێکی هەرە سادەو ساکارە. هەرچەندە هەندێ وردەکاریی ئامێرەکە لەگوندێکە بۆ گوندێکی تر دەگۆڕێ. ئەو نموونەیەی بۆ ڕوون کردنەوە دراوە هی ناوچەی ڕایاتە. چاکەی هەرە گەورەی هەوجار، بەلای جوتیارەوە، ئەوەیە کە زۆر سووکەو بەچەند دەقیقەیەك بەئاسانی لێك دەکرێتەوەو یەك کەس دەتوانێ هەڵیبگرێ: ئەمەش شتێکی زۆر گرنگە لەو شوێنانەی، کەبۆ ئەوەی بگەیتە سەر ئەو پارچە زەوییەی



CamScanner

دەتەوێ بیکێڵی، لەوانەیە ناچاربی لەجۆگایەک بپەڕیتەوە، یان تا نیوە بەقەد چیایەک هەڵبگەڕێی. بەم جۆرە هەرچەندە هەوجاڕ پێکهاتەکەی کاڵو سەرەتاییشە، جێی گومانە هیچ ئامێرێکی نوێتر بتوانێ پێویستییە تایبەتییەکانی دەوروبەرەکە ئاوا بەچاکی جێبەجێ بکا. لەپێدەشت شتەکان جیان. لەوێ لەناوچەی کاکی بەکاکی چاندنی گەنم دا، شتێکی زۆر بەجێیە کەسەرمایە لەکەرەستەی میکانیکی پێشکەوتوو خەرج بکەن[٢٨]. بەڵام لەناوچەی گردۆلکەکان، پارچە زەوییەکانی کرت و کێل ئەوەندە بچووکن و تەلانەکانیش ئەوەندە رکن ئامێرێکی وا کە بەئاسانی هەڵبگیرێ و بگوازرێتەوە شتێکی زۆر پێویستە.

لایەنی خراپی هەوجاڕی ئێستای ناوچە گردۆلکەکان ئەوەیە کەتارادەیەکی ترسناک هێواشە. هۆی سەرەکی ئەم هێواشییەش ئەوەیە، هەوجاڕەکە دێرێکی راست لێ دەداو گاسنەکەش چەماوە نییە بۆئەوەی وەکوو هەوجاڕی ئەورووپی خۆڵەکە هەڵگێڕێتەوە. بۆیە بەرینایی دێرەکەی لەنیو هێندەی بەرینانی دێری ئەو هەوجاڕەی زدوی هەڵدەگێڕێتەوە کەمترە. بەڵام لێردش، دیسان هەر هەموارکردنێکی راستەوخۆی هەوجاڕەکە بەردو رووی کێشەو زەحمەتی دەبێتەوە. بۆئەوەی هەوجاڕی ئەورووپی بەچوست و چالاکی بەکاربهێنرێ پێویستە

زەوییەکە دابەشی لاتی لاکێشەیی درێژ بکرێ بۆئەوەی جوتیار بەلایەکدا بچێ و بەلاکەی تردا بێتەوە. کەچی بەهەوجاری سادەو سەرەتایی وەکوو هەوجاری کوردی، جوتیار بەسەر هەمان دێری خۆیدا دەگەڕێتەوە. بۆیە ئەوەندە گرنگ نییە داخۆ دێرەکانی چەند کورتە. ئەو پارچە زەوییە نموونەییانەی لەئەنجامی بەکاربردنی ئەم جۆرە هەوجارە پەیدا دەبن، شکلیان جیا دەبێ کەچی بەهەوجاری ئەورووپی، پارچە زەوی داچاندنی هەوجاری نموونەیی، دەبێ بەلاتێکی تەسک. وەکوو ئەوانەی فرانساو ئەڵمانیا.

بەم هەوجارە سادەو سەرەتاییە، پارچە زەوی نموونەیی، مەیلەو لەشێوەی چوار گۆشە دایە.

تەنانەت ئەو هەوجارە کوردییەی کەنیستا هەیە، ئەگەر پەرەی پێ بدرێ و گاسنێکی چەماوەشی تێ بخرێ، بەلام زەوییەکان هەروەکوو خۆیان بمێننەوەو سەرلەنوێ دابەش نەکرێنەوە، لەوانەیە بەکارهێنانی سوودی نەبێ. هەرچەندە کوردە خوێندەوارەکان، کە خەم بۆ دواکەوتنی گەلەکەیان دەخۆن، لەهەمووی زیاتر خەم لەوە دەخۆن کەهەوجارەکەیان ئاوا سەرەتایی و بێبرشتە. من بەدووری دەزانم کەهیچ جۆرە هەموارکردنێکی بنچینەیی لەم هەوجارە بکرێ، هەر هیچ نەبێ لەناوچەی گردۆلکەکان.

## دەغڵ كوتان:

خەڵكی ناوچەی گردۆلكەكان هیچ جۆرە ئامێرێك بۆ دەغل كوتان بەكارناهێنن، هەر ئەوەندەیە چەند وڵاغێك جەلە دەكەن و لەسەر قرشەی جۆخین گێڕەیان پێدەكەن تا هەموو قرشەكە دەبێ بەكایەكی وردو ئەوسا لەبەر بایەكی كز بەشەنە شەنەبای دەكەن (سەیری وێنەكان بكە). دەغڵ كوتان ماوەیەكی زۆری دەوێ. بەزۆری لەحوزەیرانەوە تا ئاخروئۆخری تشرینی یەكەم دەخایەنێ. هەر گۆڕانێكی بنەڕەتی لەبەرنامەی ئابووری گوند – وەكوو تووتن چاندن لەباتی برنج – پێویستە. هەروەكوو پێشانم داوە، بەگوێرەی رادەی زیادكردنی خێرای ئەم دەغل كوتانەبێ.

ئەوەی كەبەلامەوە زۆر جێی سەرسامییە ئەوەیە، كەلەسەرانسەری ناوچەی پێدەشت، كەبەرهەمی گەنمی گەلێ زۆرە، مەكینەیەكی دەغڵ كوتانی تارادەیەك پێشكەوتوو بەكاردێنن. ئەم مەكینەیە (مەبستی جەنجەڕە – و) وەكوو گالیسكەیەكی گرووقەری وڵاغ كێش وایە (سەیری وێنەكە بكە) . لەژێرەوە دەستەیەك (دوو – و) تۆپی خولاوەی تێخراوە باڵتەی دەم تیژیان پێوەیە بۆ وردكردنی قرشەكە. مەكینەكە زۆر سادەیەو پیاو وای بۆ دەچێ كەئەوەندە گرنگ و بەهادار

نەبێ، بەڵام ئەو ڕاستییە هەر دەمێنێ کەئەم مەکینەیە لەناوچەی گردۆلکەکان ناکەوێتە بەرچاو ئەگەرچی ڕەنگە هەموو کەس باش بزانێ کەسوودەکانی چین.

هەرئەوەندە لێکدانەوەم بۆ ئەم دیاردەیە دەست کەوت کەلەناوچەی گردۆلکەکان گەنم ئەوەندە زۆر نییە کەبایەخ بەرێبازێکی چالاکی وابدەن. لەوە دەچوو گەنگەشەکە لەوەدابێ مادام دەغڵ کوتان پێش باران بارین لەتشرینی دووەم تەواو دەبێ. ئیدی ئەوەندە بەسە. هۆی ڕاستەقینە هەرچی هەبێ، لەوانەیە ئەگەر هیچ فراوان بوونێکی ڕیشەیی لەچاندنی تووتندا هەبێ هەندێ هەموارکردن لەم ڕێبازەی دەغڵ کوتانە بکرێ.

## سوود وەرگرتن لەزەوی:

نەخشەی واقیعی زەوی کێلان بەشێوەیەکی سەرەکی بەپێی تۆپۆگرافی هەر گوندێکەوە دەگۆڕێ. ئەو زەوییەی دەکرێتە برنج و تووتن و میوەو سەوزە چەسپاودو شوێنەکەش بەگوێرەی سیستەمی ئاودێری دەس نیشان دەکرێ. لەلایەکی تریشەوە، هەروەکوو تێبینیمان کرد، گەنم ساڵ نا ساڵ دەکرێ، نەخشە هێلکارییەکە زۆر بەزەقی نەخشەی زەوی چاندنی وەلاش پێشان دەدا لەکاتی سەردانی من. دەبێ ئەوە تێبینی بکەین کەهەموو زەوییەکە (شۆ – وەرد) دەکەوێتە یەک

لای رووبارو هەموو گەنمەکە (١٩٣٨) دەکەوێتە لاکەی تر. لەگوندەکانی‌تر کەسەردانم کردن هیچ دابەش کردنێکی ئاوا رێکم بەرچاو نەکەوت. ئەمە جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکا کەمەرج نییە پارچە زەوی تاکە تاکی جوتیارەکان هەمووی لەیەك شوێن بێ. ئاشکرایە لەوەلاش هەر کۆمەڵە ئیشکەرێك دەبێ پارچە زەوییەکی نزیکەی یەکسانیان، لەهەر بەرێکی رووبارەکە، هەبێ. من یەکەم جار وام دەزانی کەساڵ بەساڵ دەبێ زەوی بەسەر تاکەتاکی جوتیارەکان دابەش بکرێتەوە. بەڵام زانیاریدەرەکانم نکوڵییان لەمە کرد. لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری من لەبارەی رێکخستنەوەی تۆپۆگرافی ئێستای پارچە زەوی تاکەتاکی جوتیارەکان، بێگومان جێی قەناعەت پێهێنان نییە. نیشانەی وا هەن دەری دەخەن کە هەر کۆمەڵە کرمانجێك دەبێ پارچە زەوی جیایایان، بەلانی کەمەوە، بۆ ئەم شتانە هەبێ: پارچەیەك بۆ شینایی سەوزە، پارچەیەك بۆ چاندنی تووتن، پارچەیەك بۆ گەنمو پارچەیەکیش بە ئەستەویری دەهێشترێتەوە. بەڵام زانیاریدەرەکانم هەرگیز هەڵوێستەکەیان بەم جۆرە بۆ باس نەکردم. گیروگرفتەکە بەمەسەلەی میرات بەستراوەتەوە کەمن بەڵگەو زانیاری راستەوخۆم لەم بارەیەوە زۆر کەمە. هەرودکو پێشانم داوە، دیارە بەش بەحاڵی زەوییەوە، رێنماییەکانی قورئان زۆر

بەدەگمەن پەیوەندی بەمەوە هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، مسۆگەرە کە ئاغا وەکوو خاوەن موڵك، بەناو مافی هەیە بڕیاری تەواو لەمیراتی دەناوهێنانی زەوی بدا لەناو کرمانجەکانی. بەڵام تەواو روون نییە داخۆ ئەمە بەکردەوە جێبەجێ دەکرێ، یان نا؟

**برنج:**

وادیارە چاندنی برنج تایبەتە بەئاغا خۆیەوە - ئەمە بەلانی کەمەوە لەوەلاش و رایاتو دەرگەڵە وایە. بۆم دەرنەکەوت داخۆ لەچاندنی برنج ئیش بەچ جۆرە کەسانێك دەکرێ. یان چۆن پاداشتیان دەدرێتەوە. بەراستی زەحمەتە تێبگەین بۆچی لەگوندێکی وەکوو وەلاش ئەم زەوییانە ناکرێن بەتووتن. شێخ محەمەد بەکولەوە لای من گازاندەی دەکرد کەیەکێ لەهۆیەکانی ئەو دەستکورتیەی ئەم لەچاو میری دەرگەڵەی ناحەزی. ئەوەیە کەمیری دەرگەڵە لەبەرئەوەی ئاوی باشتری هەیە. دەتوانێ زۆرتر تووتن بچێنێ. لەبەشێکی پێشەوەدا ئەم پارێزکارییەمان بۆهۆی سیاسی لەبار بردەوە. هۆیەکی سایکۆلۆجیش هەیە – بەبۆچوونی کورد ماقوول نییە خۆت خواردنت ببڕیو پشت بەداهاتی دانەوێڵەی فرۆتەنی ببەستی بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکان. لەوانەیە ئاغاکان لەم بارەیەوە پێشبینییەکی سەلیقەیی بەرچاویان هەبێ.

## ئاش:

ئەو دەزگایەی تا ئێستا من خۆم لەقەرە نەداوەو وانییە هەر تەنیا بایەخێکی تەکنۆلۆجی هەبێو بەس ئاشە. نزیکەی هەر گوندێکی گەورە ئاشێکی لێیە. ئاش لەدەرگەلەو رایاتو مەرگە هەیە. وەلاش ئاشی لێ نییە. بەلام ئاشێك لەناوپردان هەیە. هەموو ئاشەکان لەسەر یەك بنەما کاردەکەن کەلەبارەی تەکنۆلۆجییەوە زۆر پێشکەوتووە. هەروەکوو لەهێلکاریو وێنەکانەوە دیارە مەکینەکە وەکوو تۆربینیەکی ئاسۆیی کار دەکاتو (خێرایی) سەرایی ئاو بەکاردێنێ نەك قورسایی کەلەجۆرە باوەکانی چەرخەی ئاودا بەکاردێ. ئەمە چەند سوودێکی تەکنیکی جۆراوجۆری هەیە – بۆنموونە ئەمە پێویستی بەهیچ گێرێك نییەو ئەگەرنامێردەکە (بەوردی دروست بکرایە) بێگومان زۆر بەبرشتو چالاك دەبوو. ئێستا. کەبەنارێکی دروست دەکرێ ئەستەمە زۆر بەخێرایی ئیش بکاو بەرهەمەکەی لەسنووری (٤/١)ی تەنێك ئاردایە. لەماوەی بیستو چوار سەعاتدا ئەگەر بێ وەستان ئیش بکا. کارکردنی مەکینەکە بەتەواوی ئۆتۆماتیکییەو هەر هێندە دەستی بەکار کرد تەنیا ئاگاداریو چاودێرییەکی کەمی دەوێ.

لەهەر کوێ بکرێ ئاژگێرە ئاوێك لەرووبارێکی سەردکییەوە هەڵدەبەسرێ. شتی وا لەناوپردانو رایاتو دەرگەلە کراوە

ئیدی ئیش کردنی ئاشەکە هیچ کار ناکاتە سەر سیستەمی ئاودێری گوند. لەدەرگەڵە ئاوەکە لەڕادەی پێویست کەمترە. ئەگەر رووبارەکە بەر بدرێتەوە سەر جۆگاکانی ئاودێری ئاوەکە بایی گێڕانی ئاشەکە ناکا. جا ئەوان بۆخۆیان گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك. ئاو رۆژێ شەش سەعات بەردەدرێتەوە سەر زەوییە داچێنراوەکان و هەژدە سەعاتەکەی تریش بەردەدرێتەوە سەر ئاشەکە. هەندێ جار ناکۆکی لەم بارەیەوە سەر هەڵدەدا. کاتێ کەمن لەدەرگەڵە بووم، ئاغا لێدانێکی باشی بۆ گەنجێك کرد چونکە شەو ئاوی جۆگای بڕی بوو بۆ ئەوەی ئاوی زیادە بەر بداتەوە سەر شەتڵە توتنەکانی خۆی. کەواتە دیسان لێرەش بەربەستێك هەیە کەلەوانەیە هەر پلانێکی نەخشە بۆداڕژاوی چاکسازی کشت و کاڵی بشێوێنێ.

لەوانەیە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا. خاوەن ئاش خزمێکی نزیکی ئاغابێ. لەناو پردان ئاشەکە هی ئاغا خۆیەتی و لەدەرگەڵەش هی خەزووری ئاغایە. مەرجەکە ئەوەیە باراشهێر هەر فەردە گەنمێکی بەکرێیەکی دیاریکراو لەئاشەکە دەکا.. خاوەنی گەنمەکە خۆی ئیش بەئاشەکە دەکات. هیچ نیشانەیەك نییە دەغڵ بەئاشەوان بفرۆشرێ. خاوەنی ئاشەکە بەرامبەر بەوەی باراش لەئاشەکەی ئەم لێدەکرێ کرێیەك وەردەگرێ. ئەویش لەمەدا لەگەڵ ئاشی هەرە نوێی شارەکان

لەپێشبڕکێ دایە. بێگومان ئاشی شارەکان زۆر خێراترن و ئاردێکی وردترو خاوێنتر لێ دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، گیروگرفتی بردنی باراش بۆ ڕواندزو هێنانەوەی ئاردەکە، وا دەکا ئیشە کە هەر لەئاستی ناوچەییدا بمێنێتەوە بەو مەرجەی ئەو نرخەی وەردەگیرێ زۆر بەرز نەبێ. کەواتە، لەوە دەکا لەناوچە دوورەکان، ئاش هەر بە(دام و دەزگا)یەکی بەردەوام بمێنێتەوە.

جۆلایی:

تاکە ئامێرێکی[٢٩] تری تەکنیکی کەدەمەوێ لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی بکەم، دەزگای جۆلایی(٢٩) چنینی کرە. نەخشەی ئامێرەکە لەهێلکارییەکەدا پێشان دراوە. ئەمە مەیلەو وەکوو ئەو تەونە وایە کەلەشوێنەکانی تری عیراق بەکاردێ. جیاوازییەکە ئەوەیە کەئەمەی دواییان (رایەڵ)ەکەی لەباتی ئەوەی وەکوو نموونەکەی کوردی بەرەهایی بەبنمیچەوە هەڵبواسرێ، لەناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیی توندوتۆڵدا هەڵدەواسرێ. ئەم گۆڕانە بواری بەرین کردنی رایەڵەکان دەدا. بەم جۆرە، لەکاتێکا کەجۆلایی کوردی رایەڵەکەی ئەوپەڕی دەگاتە (١٠,٥) گرێ، ئەو ئامێرەی من لەبەغدا دیم رایەڵی سێ ئەوەندە بەرین بەخۆیەوە دەگرێ. لەوە دەکا جۆلای کورد هیچ هەولی هێنانەدی نموونەیەکی پێشکەوتووتر نەدەن

ئەوان هەمیشە دەزگای جۆلایی سادە بەکاردێنن. هەندێجار بەداوی ڕەنگاوڕەنگی ڕایەڵ خەت لەکرەکە دروست دەکەن. ئەو کرەی دروستی دەکەن، بەزۆری لەئەستووریو چڕی موەکەوە جیاوازیان هەیە. لەو نموونانەی من هەمن، کرەکە قاوەییەکی زوورە، بۆ رانكو چۆغەی کرمانجەکان بەکاردێ. رایەڵی (١٩) داوو تێوەرێخی (٢٢) داوە لەهەر گرێیەکدا. کەچی کری ڕەنگاورەنگ وەکوو ئەوەی ئاغاکان لەبەری دەکەن، رایەڵی (٤٤) داوو تێوەرێخی (٢٨) داوە لەهەر گرێیەکدا.

هەروەکوو باسمان کرد، جۆلای دێ، ئەگەر شوێنێ جۆلای لێبێ، ئێستا بەرەورووی پێشبڕکێیەکی توند دەبێتەوە، نەك هەر بەرامبەر بازرگانانی قووماشی شار، بەڵکو بەرامبەر بایەخی هەندێ جۆلایی پێشکەوتووش لەرواندزو هەولێر. ئەمانەی دواوە ئێستاش هەر جۆلایی ئاسایی کوردی بەکاردێنن، بەڵام بەرهەمیان لەهی پیشەوەرەکانی دێ باشترە. لەوانەیە هۆی جیاوازییەکە ئەوەبێ کەپیشەوەری شار داوی بەمەکینە رساو بەکاردێنێ کەچی جۆلای دێ بەشێوەی سەرەکی نیش لەسەر ماشەری بەدەست رساو دەکا. بەڵام هیچ تەقلیدێکی دیارو تایبەتی نییە کەقوماشی لەشار دروستکراو بالاترین. کاتێ کەمن لەدەرگەڵە بووم، ئەو بەرگەی میر لەبەری بوو لەقوماشی ناوچەیی دروست کرابوو. لەولاشەوە جەلالی

کوڕی. قوماشی بۆ رانکە شینەکەی لەڕواندز کڕی بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆچوونی من ئەوەیە: لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی ئاسانکاری بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ بازرگانانی شار، ئەرکی جۆلای دێ هەر خێرا دەبێ بە شتێکی زیادەکیو ناپێویستو جڤاتەکە دیسان لەبوارێکی تردا. بەتەواوی پشت بەسەرچاوەی دەرەکی دەبەستێ.

# بەشی پێنجەم

## هۆکارەکانی بایەخی ئابووری بچووک

### جەنگ:

لەبارودۆخی ئێستادا، چالاکی شەڕوشۆڕی بەربڵاوی هۆزەکان هەر بەتەواوی بۆتە شتێکی ئەستەم، بەڵام ئەمەش پاساو نییە بۆ ئەوەی سەر لەبەری بابەتی جەنگ بەلاوە بنێین بەو ناوەی کە هیچ پەیوەندی بەباری کۆمەڵایەتی ئێستاوە نییە. لەڕووی مێژووییەوە، شێوە تەقلیدیی ڕەوشی کۆمەڵایەتی کورد بەئایدیۆلۆژیای پەلامارو دژە پەلامارو شەڕو تالآنو دوژمنداری بەسراوەتەوە. بێگومان نووسەرانی پێشوو زۆر زێدەڕەوییان لەوە کردووە کە کوردی ئاسایی لەسەردەمی کۆن بەڕاستی خۆی بۆ کوشتنو توندوتیژیو تالآنو بڕۆ تەرخان کردبوو. لەباسی ئەم جۆرە خۆ تەرخان کردنەدا، ئەوان تەنیا بەهەڵسەنگاندنی خۆیان

تەماشـای کوردیـان کـردووە. بـەهای نموونـەیی گـەلێ هەڵس وکـەوتی کـورد، زۆر لەنزیکـەوە لەگـەڵ چـەمکی ئینگلیـزی دا بەرامبـەر (رێگـر) یـەک دەگرێتـەوە. هەقایەتـە میللییەکانی کورد تا ئەوپەڕی خوێناوین و گفتوگۆکانیشیان لـەوە کـەمتر نییـە. ئەمـەش پەیوەنـدی بەڕەوشـی ئێسـتاوە هەیە. ئاغا پێی خۆشە خۆی بەسەرکردەی سەربازیی بزانێ زیاتر لەوەی کەخاوەن موڵك بێ. ئاغا هەر بەسووك و ئاسانی هەموو دەوروداوسێکانی بە(دۆست) و (دوژمن) پۆلین دەکا. ئـەنجامی ئـەم بۆچـوونە زۆر ئاسـکەو نـاتوانین لێـرە لێـی بکۆڵینەوە، بەڵام دەتوانین بەلانی کەمەوە دوو بۆچوونی جیاواز تێبینی بکەین. لەلایەکەوە دوژمنداریی توندوتیژی نێوان تاقمە دراوسێکان، بگرە تا ئەمرۆش. هێزێکی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی تێدایـە. ئەنـدامانی سـەر بەهـەر تیرەیـەك یـان هۆزێك بەگشتی لەسـۆنگەی دوژمنـداری هاوبەشـەوە بەرامبـەر بـەتاقمێکیی‌تر، هەسـت بەیـەکێتی خۆیـان دەکـەن. لەلایـەکی تریشـەوە، پەرەسـەندنی پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتیی و هەماهـەنگی بـەردەوامی تەقەڵای پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی. تا ئـەو رادەیـەی لـەدڕدۆنگی نـاو تاقمەکـە سـەرکەوتووبن. دەوری کـەم کردنـەوەی یـەکێتی لەدەستەو تاقمە مەبەستەکان دەگێڕێ.

لەکاتێکا کەئێستا پەلاماری ڕێکخراوو کاروباری شەڕو شۆڕ شتێکی نەستەمە. دوژمنداریی تایبەتی هەر بەردەوامەو دەشێ زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.

## دوژمنداری:

دەشێ هۆکاری دوژمنداریی خوێناوی لەم دەستەواژەیە پوختە بکرێتەوە کە دەڵێ: (( هەڵەکانی مرۆڤ دەبێ لەلایەن خزمو نەوەکانی تۆڵەیان بکرێتەوە)) و دەشێ یەکسەر تێبینی بکەین کەسیستەمی تاقمی باوکسالاری بچووک و خاوەن زەماوەندی ناوخۆ، بەشێوەیەکی سەیر بۆ جاویدان کردنی ئەم جۆرە دوژمندارییە دەگونجێ.

خزمی نزیکی هەر تاکە کەسێك، دراوسێی خۆشیەتی، جا لەبەرئەوەی دەشێ خزمەکانی ژنەکەی هەر خزمی خۆیشی بن، کابرا بەهیچ پەیوەندییەکی دڵسۆزیو گوێرایەڵی، بەهیچ تاقمێکی دەرەوەی گوندی خۆی نەبەستراوەتەوە. هەموویان لەناو چوارچێوەی دێدا بەیەکەوە بەستراونو پێکەوە بەر هەڵستی لەهەر دەستدرێژیکەرێك دەکەن، هەرکەسێ لەودیو ئەم سنوورە بێ هەموو کەسێ بەچاوی دوژمن سەیر دەکرێ.
بەرژەوەندی نێوان خێزانو گوند لەوپەڕی تەواویدایە.

بۆی هەیە شەڕ سەبارەت بەهۆی جیاجیاوە. بەتایبەتیش ئابووری، لەبەینی گوندان دا هەڵبگیرسێ. مافی ئاوو لەوەڕ قەت بەچاکی دیار نەکراوە، بۆیە لەوانەیە لەکاتی قاتو قڕیدا ببێ بەمایەی ناکۆکییەکی توندوتیژ. دوور نییە ئەمەش ببێ بەهۆی ئەوە کەلایەنێك دەغڵو دانی لایەنەکەی تر بسووتێنێ. یان مەڕوماڵاتی بدزێ. تا نەگاتە خوێن ڕشتن مەسەلەکە ئەوەندە خەتەر نییەو ئاغای جوامێری تیرەکە دەکەوێتە بەینیان و پێش ئەوەی ئیش بگاتە کارەسات و مەترسی. لایەنەکان ئاشت دەبنەوە. مەسەلەی هەرە ترسناك ئەوەیە کەپەیوەندی بەژنانەوە هەیە. پەڵەی شەرەف شکاندن تەنیا بەکوشتن دەسڕێتەوەو ئاشکرابوونی هەر زینایەك سزای خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەم جۆرە حاڵەتە دوژمنداری لێ بکەوێتەوە. ئەگەر ئاشقی کەتنکەر لەهەمان گوندی مێردی بریندار بێ، مەسەلەکە بەیەك کوشتن دەبڕێتەوە. خۆ ئەگەر لایەنەکان لەکۆمەڵەی جیاواز بن. مەسەلەکە ئەوسا زۆر ترسناکترە و تا ئاشت دەبنەوە لەوانەیە زۆر کەس لەو بەینەدا بکوژرێ. لەکۆتاییدا، ئەگەر کرمانج شەرەفی لەکەدار کرابێ نەك ئاغا، ئاغای شوێنەکە لەڕێی سەرۆك هۆزەکانەوە. (فەسل)یان لەنێواندا دەکا. بەگوێرەی قسەی (های): (( بەشێوەی ئاسایی

دوژمنداریی خویناوی بەخوینباویی دان یەک لا دەکرێتەوە.
هەر پایەیەکی کۆمەلآیەتی ژن یان پیاو. نرخی خۆی هەیە.
تەنانەت ئەندامەکانی لەشیش پۆلین کراون. کوردی کرمانج.
یان جوتیاری چینی ناوەنجی بە(٩٠٪) پاوەند قرسێنراوە.
هەریەکی لەژنەکانی بە (٤٥) پاوەند ، هەریەکە لەلاقی یان
قۆلیشی. بابلێین. بە(٢٠) پاوەند. ئەم جۆرە خوینبایی دانە
بەزۆری بەشتی ماددی دەبێ وەکوو: هەندێ ئاژەڵ و ئەسپ،
یان هەندێ گەنم بەلایەنە زەرەرمەندەکە دەدرێ. ئەوەش هەر
زۆر باوە کە کچ لەبەدڵ خوێن بەمێرد دەدن. بەم جۆرە ئەگەر
خوینباییەکە (٩٠) پاوەند بێ. کەنرخی خوێنی یەک پیاوە،
دەشێ نرخەکە بەکچێک و سێ مانگاو کەرێک بدرێ. ( من خۆم
هیچ زانیارییەکم بەدەستەوە نییە لەگەڵ ئەمەدا بەراوردی
بکەم. بەلآم لەو بڕوایەدام بنەمای گشتی مەسەلەکە بەوردی
دیاریکراوە. لەسەردەمی (های) دا بەدەگمەن وا رێک دەکەوت
حکوومەت کابرای بکوژ دەستگیر بکا. (های) دەڵێ: (( زۆر
ئاساییە کە خزمەکانی کابرای کوژراو تۆڵەی خۆیان بکەنەوە،
بەلآم لەقەنارەدان بەدەستی ئەم جانەوەرەی پێی دەڵێن
حکوومەت، شتێکی تەواو جیایە)). ئیدی کەتنکەرەکە زۆر
چاک خۆی دەشارێتەوە تا بۆی هەڵدەکەوێ بۆ چیا رابکات.

هەڵوێستەکە ئەمڕۆ نەختێ جیایە، من وای بۆ دەچم کەبکوژەکە بەئاسایی دەگیرێ. لەگەڵ ئەمەشدا دوژمنداریییەکە بەمە نابڕێتەوە. پیاوکوژی خوێنڕێژ تەنیا بەدووساڵ گیران سزا دەدرێ و کە تاوانبارەکە بەر بوو، دووبارە شەڕ دەست پێ دەکاتەوە.[٢٠]

هەروەکوو روونمان کردەوە، دوژمنداریی کرمانج و ئاغا بچووکەکان، ئاخیری بەهۆی ناوبژیی خێڵەکییەوە یەك لا دەکرێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم زەمانە، حکوومەت بایەخی زۆر بەڕووداوی وا دەدات و دەتوانێ بەهەڕەشەی سزای سەخت و قورس، هەر لەسەرەتاوە مەسەلەکە بڕێنێتەوە. دوژمنداریی سەرۆك هۆزە گەورەکان زۆر لەمە خەتەر ترە. پێك هاتنیان هەر زۆر زەحمەتەو لەوانەیە کوشت و کوشتار چەند نەوەیەك درێژە بکێشێ. ئێستا دوژمنداریییەکی گەورەی لەم جۆرە ناوچەی ڕواندزی شەق کردووەو ئەوەندە تەشەنەی کردووە کەدوژمنەکان کەوتوونەتە بەرەی پارتە سیاسییەکانەوە[٢١]. بەکردەوە، تووشی هەر کەسێ دەهاتم دیار بوو سەر بەیەکێ لەم لایە، یا لەو لایە بوو. هەندێکیان وەکوو زەلامکوژو خوێنڕێژی چالاك و هەندێکیش، کەزۆرینەن، تەنیا وەکوو ئاژاوەچی. ئاشکرایە زاراوەی (دوژمنەکەم)،

کەزۆر لاستیکی بوو، ئەوەندەی من بتوانم حوکمی لەسەر بدەم، هیچ جیاکردنەوەیەکی تایبەتی لەنێوان ئەوانەی تەنیا ناحەزی سیاسی بوونو ئەوانەی ئامادەبوون بیانکوژن، نەدەکرد. بێگومان مەسەلەی ناحەزە دوورەکان، تارادەیەك بۆ کاروباری خزمایەتی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە هەمیشە ڕوونو ئاشکرا نییە. برازایەکی حەمەدەمینی دەرگەڵە کەپێش ساڵێ، لەدواوە درابووە بەر گوللە، لەهەردوو بنەماڵە دوژمندارە سەرکییەکە زۆر نزیك بوو. وێ نەدەچوو هیچ هۆی روونو ئاشکرا هەبێ بۆئەوەی کەئەم زیاتر بەلای یەکێکیان دابشکێنێتەوە لەوەی تر.

ئەم دوژمندارییە تایبەتییە کەی دەستی پێکردووە؟ روون نییە. بەڵام ساڵی ۱۹۱۸ دوژمندارییەکە تەواو چەسپابوو و (هـای) چەند جارێك باسی دەکا. دوا پیاوکوشتنی ئەم دوژمندارییە رۆژی دوای رۆیشتنی من لەڕواندز قەوماوە. پیاوکوژەکە بەر لەسێ رۆژ لەبەندیخانە هاتبووە دەرێ. دوو ساڵ بوو لەسەر مەسەلەی کوشتنێکی پێشتر گیرابوو. بێگومان تۆماری من لەبارەی مەسەلەکەوە زۆر ناتەواوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆمارەکە کارەساتێکی گەورە پێشان دەدا:

ئەوەو خزمەکانی باویل ئاغا - (٥) مردوو، (٢) بریندار،
(٢) گیراو. ئەوەو خزمەکانی عەبدوللا پاشا - (٤) مردوو.

ئەمڕۆ، مەسەلەکە سەبارەت بەمەسەلەی فراوانترەوە تووشی ئالۆسکان بووە، بەتایبەتی سەبارەت بەبیری نەتەوایەتی کوردییەوە. هەرکەسێ بەلایەنگری بریتانی، یان لایەنگری عەرەبی، یان دژە کوردی تاوانبار بکرێ، یەکسەر بێ چاوپۆشی، پاکتاو دەکرێ. لەو ماوە کەمەی کەمن هەمبوو، دەرفەتم نەبوو لەهەموو لایەنە ئالۆزەکانی دوژمنداریی کەسێتی و بەرژەوەندی ناحەزایەتی پەیوەست بکۆڵمەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئێستا کوردستانی عیراق بەشێکە لەعیراق و زۆر گرنگە تێبینی بکەین کەلەم ڕەوشە سیاسییە تازەیەدا، دوژمنداریی کۆن چاوی پێدا دەخشێنرێتەوە بۆئەوەی لەبەرەیەکی ناکەسێتی تردا بەمەسەلەی فراوانترەوە گرێ بدرێ.

**ڕەوشی ئایینی:**

ئایین بابەتێکی وا نییە کەتوێژەرەوە لەیەکەم کێوماڵی سەرەتایی زانیارییەکی زۆری لێ وەدەست بێنێ. لێکۆڵینەوەکانی منیش لەم مەیدانەدا تا بڵێی کزبوون. جا من هەر ئەوەندەم لەدەست دێ کەبەزاراوەی رووکەش باسی پایەی کۆمەڵایەتی مەلا بکەم. بەپێی ئەو ئەرکەی کەخۆی وەکوو پیاوی ئایینی دێ، بەجێی دێنێ‌و هەندێ باسی مزگەوتیش بکەم وەکوو بەڵگەیەکی بەرچاوی ژیانی ئایینی جڤاتەکە. من ناتوانم هیچ کۆششێ بکەم بۆ ئەوەی بەدووروودرێژی لەبیروباوەڕو بەجێهێنانی ویردودابی ئایینی بکۆڵمەوە.

**مەلا:** زۆربەی گوندە گەورەکان مەلایەکی بنەجێیان هەیە. دیارکردنی ئەرکەکان‌و پایەی کۆمەڵایەتی ئەم تاکە کەسە بەهیچ جۆرێ کارێکی ئاسان نییە. مەلا دەبێ خوێندەواری بەزمانی عەرەبی هەبێ‌و ئاگاداری وردەکاریی ناو قورئانیش بێ. ئەم ئاگادارییە زەینییەی لەماوەی دوورو درێژی مەشقی فەقێتیدا دەست دەکەوێ. لەو ماوەیەشدا، لەچ گوندێك بژی، لەسەر حیسابی ئەو گوندە بەڕێوەدەچێ. خواردنی ڕۆژانەی بەراتبە دێنێتەوەو خۆی لەهیچ کارێکی دەستی قورس نادا.

زۆربەی مەلاکان فەقێیەکیان هەیەو هەندێ مەلا دە دوازدە فەقێو زیاتریشیان هەیە. ئەم فەقێیانە خەڵکی ناوچەکە نین. بەڵکو جۆرە تاکە کەسانێکن بەهۆی نەگونجانی کۆمەڵایەتییەوە جڤاتەکەی خۆیان جێهێشتووەو بەبێ هۆی ئاسایی گوزەران کردن ماونەتەوە. من وام بۆ دەرکەوت کەفەقێ دەبێ بگاتە ئاستێکی دیاریکراو، ئەوسا بەمەلا دەردەچێ. بەڵام ئەم ئاستە چۆن دیاریکراوە؟ ئەمە روون نییە. بێگومان لەوەناکا ئاستەکە زۆر بەرز بێ. خوێندنی مەلاکان تارادەیەکی زۆر جیایە: هەندێکیان بەتەواوی عەرەبیو فارسی دەزانن و لەئەدەبی نووسراوی زمانی خۆیشیان دەگەن. هەندێکیتر تەنیا قورئان لەبەر دەکەنو لەبۆنەی شیاوی خۆیدا چەند ئایەتێکی لێ دەخوێننەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێ بەروونی لەماناکەی ناگەن. زانینی قورئان مەرج نییە بەندبێ بەخوێندەواییەوە – فەقێی مەلاکەی رایات کوێرێکی تەواوبوو، کەچی خەریک بوو وردە وردە هەموو قورئانی لەبەر دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بەگشتی بۆی هەیە مەلا رۆشنبیرترین کەسێکی ناو جڤاتەکە بێ. کرمانجی ساکار هیچیان خوێندەوار نین، زۆربەی ئاغاکان لەم بارەیەوە خۆیان بەجیاواز دادەنێن لەوان، بەڵام گومانم هەیە کەئەوان هەر بەراستی ئەو جۆرە توانایەیان هەبێ. بۆنموونە

عەلیاغای رایات بانگی مەلاکەی دەکات بۆئەوەی بێ نامەکانی بـۆ بخوێنێتـەوەو وەڵامـەکانیان بنووسـێتەوە. حەمـەدەمینی دەرگەڵـەش، هەرچـەندە خوێندەواریشـی هـەبوو، بـەڵام خوێندەوارییەکەی زۆر رەوان نەبوو.

کـاتی خـۆی، لـەزەمانی زوو، یـەکێ لەئەرکـەکانی مـەلا ئەوەبوو ببـێ بـەمیرزاو سـکرتێری گشـتی ئاغا. لـەم بارەیـەوە بارودۆخەکە زۆر خێرا دەگۆڕێ، ئێستا زۆربـەی کورە ئاغاکان خوێنـدەواری زۆر باشـن. مـەلا جگـە لـەم خزمەتـەی پێشـکەش بەکەسێتی ئاغای دەکا، خزمـەتی جڤاتەکـەش دەکاو خزمـەتی بۆ جڤاتەکە هەر ئەو جۆرە حزمەتەیە کەقەشەی دێ پێشکەشی دەکا. لەمزگـەوت پێشـنوێژ بـۆ خـەڵك دەکاتو رۆژی هـەینیش بەر لە نوێژەکە، خوتبەیـەکی کورت دەخوێنێتـەوە، کەخەڵکەکە عەشتەبای لـێ تێناگـەن. سەرپەرشـتیاری زەماوەنـدو پرسـە دەکاتو جاروبار چەند ئایـەتێکی گونجـاو دەخوێنێتـەوە. جگـە لـەوەش دەیـانگوت کـەزۆرجار مـەلا بـانگ دەکـەن بۆئـەوەی چارەسـەری نەخۆشـی بکـات - بەشـێوەیەکی سـەرەکی هـەر بەدوعاو نووشتەو کشتەك..

مـن هـیچ زانیـاریم بەدەسـتەوە نییـە داخـۆ ئـەو دەسوونکەرییەی تیایـەتی چـۆن چـۆنییە، بـەڵام بـەربڵاوی

نووشتەو دوعای قورئان، بەتایبەتی لەناو ژن و منداڵی بچووک، وادەگەیەنێ کەئەمانە مەیدانێکی لەبارن بۆ لێکۆڵینەوە.

بەرامبەر بەم خزمەتانەی مەلا، ئاغا شکارتەیەکی بۆ دەکات و خانوویەکی بەخۆڕا بۆ دابین دەکا. کرمانجەکانیش بەپێی خزمەتی تایبەتی، دیاریی پێشکەش دەکەن. بەزۆری مارەیی ژن و مێردی جڤاتەکە مەلا دەیبڕێ. میراتگرەکانیشی دەبن بەکرمانجی ساکاریی گوند.

بەزەحمەت بتوانین، بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەوە تەخمین بکەن داخۆ پایەی کۆمەڵایەتی مەلا بەرامبەر بەهی سەرۆک (ئاغا –و) چییە. مەلا یەکێکە لەوانەی هاتوچۆی دیوەخانەی ئاغا دەکەن و ئەمەش مافێکی تایبەتە بەبیانی و (خزم)ەکانی ئاغا. مەلا هەمیشە زۆر بەڕێزەوە بەخێر هاتنی دەکرێ. لەمە بترازێ، زەحمەتە بتوانین مەسەلەکە بکەین بەشتێکی گشتیی. وەکوو دەستوور، گومانی تێدا نییە مەلا دەبێ دەسەڵاتی ئایینی خۆی بۆ پشتگیریکردنی هەیبەت و دەسەڵاتی ئاغای سەرۆکی بخاتە کار، بەڵام مەسەلەکە بەجیاوازی دەکەوێتە بەرچاو. ئاشکرایە مەلای رایات باوەڕپێکراوێکی نزیك و پیاوی دەستەراستی ئاغابوو. هەموو ئێواران شیوی لەدیوەخانە دەخواردو لەهەموو گفتوگۆیەکان ئامادە دەبوو. لەلایەکی



CamScanner

تریشەوە، لەوەڵاش، مەلاکە هەرچەندە بەزۆری لەدیوەخانەبوو، بەڵام وەکوو مرۆیەکی بێ نرخ و بێ بایەخ تەماشایان دەکردو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد. من هەرگیز نەمبینی گفتوگۆ لەگەڵ ئاغا بکا. هەروەها لەدەرگەڵەش، مەلا هەرچەندە وەکوو پیاوێکی گەورە حیسابی بۆ دەکرا بەڵام هەرگیز نەدەهاتە دیوەخانە. لەماوەی ئەو حەفتەی کەمن لەوێ بووم، لەوە دەچوو پێشتر تەقییەکی زۆر کرابێ بۆئەوەی من بەتەنیا لەگەڵی دانەنیشم. لێرەدا، جۆرە ناکۆکییەکی تایبەتی لەنێوان ئاغاو مەلادا هەبوو، بەڵام من نازانم سروشتی ناکۆکییەکە چی بوو!

کەواتە، بەکورتی، ئاشکرایە هەرچەندە مەلا وەکوو ئیقتاعەیەکی راستەوخۆ لەلایەن ئاغاوە، زەوی و پایەی خۆی هەیە، ئەرکەکانی بەجۆرێکی وایە کەلەوانەیە سامان و دەسەڵاتێکی سەربەخۆی بەرچاو بەدەست بێنێ. لە زەمانی کۆن، لەوانەیە کاروباری چالاکی گوند وای پێویست کردبێ کەمەلاو ئاغا تەبابن و بەهەماهەنگییەکی پتەوەوە کاربکەن. کەچی لەبارودۆخی ئێستادا، لەوەدەکا هەڵوێستی مەلا بۆ تێکرای جڤاتەکە ئەوەندە گرنگ نەبێ.

لەلایەکی تریشەوە، لەوانەیە لەپێدەشت، کەبەزۆری ئاغای خاوەن موڵك خۆی لەوێ نییە، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی مەلا زۆر لەوە زیاتر بێ، کەئێستا لەناوچەی گردۆلکەکان هەیە. بۆنموونە (های) قورساییەکی زۆر گەورەتر دەخاتە سەر دەسەڵاتی مەلا کە لەوەدایە بەپێی شایەتی من خۆم، جێگای پاساو بێ.

**مزگەوت:**

لەعەرەبیدا، وشەی (مسجد) مانای شوێنی نوێژ دەگەیەنێ. پێکهاتە بنچینەییەکانی بریتین لەحەوشەیەکی کراوە کەموسڵمانەکان تیا کۆدەبنەوەو شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتنیشە. لەڕووی مێژووییەوە، پاشان هۆڵی سەرگیراوو گومبەتو منارە بۆ نەخشە سادەکە زیاد کراون. لەئاوو هەوای فێنکی گردۆلکەکان، حەوشە کراوەکە هەر ماوە. لەزۆربەی گوندەکان، مزگەوت حەوشەیەکی تاتەڕێژی ساکارە، دەوراندەوری سەکۆی بەردەو کانییەك یان فیچقەیەکی لەناوەڕاستە. حەوشەی تاتەبەردیش وەکوو ژوورەوەی مزگەوتی ئاسایی هەمان پیرۆزیی خۆی هەیەو میوان پێش



CamScanner

ئەوەی پێی باوێتە سەر بەردەکان دەبێ پێڵاوەکانی لەپێ بکاتەوە.

لێرەدا، مەلا رۆژێ پێنج جار پێش نوێژ دەکاو هەرکەسێ حەز بکا نوێژی لەدوو دەکا. کرمانجی ئاسایی نوێژەکانی زۆر بەپچرپچری دەکا. زۆریان هەر نوێژ ناکەن. ئەوانەی نوێژیش دەکەن بەزۆری نوێژی شێوان دەکەن. لەلایەکی تریشەوە ئاغاکان بەزۆری تارادەیەکی زۆر ریاکارن. لەناسیاوەکانی من، بەتایبەتی حەمەدەمینی دەرگەڵە، لەکاتی نوێژو دەست نوێژ هەڵگرتندا هەراوهۆریایەکی زۆری دەکرد. خۆشی لەوەدابوو، زۆرجار دەمانبینی لەنیوەی، نوێژی دەبڕیو فەرمانی بەنۆکەرەکانی دەردەکرد، ئینجا لەکوێ نوێژەکەی بڕی بوو، دەگەڕایەوە، لەوێ دەستی پێدەکردەوە. راستە پیاو لەهەستی راستەقینەی ئایینی کابرا نەدەگەیشت، بەڵام من هەستم بەوە دەکرد کەئەمەی بەزۆری هەر بۆ ریا دەکرد. ئەوەی محەمەدی (موسڵمان –و) بێ بەهایەکی باڵای دیاریکراوی بەباڵا دەبڕێ – موسڵمانەتی خەسیەتی پیاوی جوامێرە. بەهەمان شێوە، ئاغاکان بەسووربوونەوە واپێشان دەدەن کەزۆر توندوتیژن دەرهەق بەگۆشەگیریی و عەباپۆشی ژنەکانیان لەبەردەم



CamScanner

بێگانـان، کەچـی کرمانجـەکان، ئەگـەر بێـت و لـەم بارەیـەوە خۆشیان سەخڵەت بکەن، خاووخلیچکن.

بێگومـان مـەرج نییـە مـرۆڤ بـۆ نوێـژ بچـێتە مزگـەوت. لەڕاسـتیدا حەسـیری نوێـژی هەرکەسـێك مزگـەوتی خۆیـەتی. نوێژکردنی واقیعی بەپێی گوند دەگۆڕێ. من لام وایە ئەمەش بەهۆی ئەو نموونەیەیە کەئاغا پێشانی دەدا. هەرچۆنێبێ، من تێبینیم کرد کاتێ ئاغا خۆی لەوێ بایە هەمیشە ژمارەیەکی زۆرتری خەڵك دەچوونە نوێژ، پێدەچێ ڕێوڕەسمەکە وەکوو ڕێوڕەسـمـی چـوونە کەنیسـەی ئینگلیـزی وابـێ، کـەڕۆژی شـەموان خـەڵکێکی زۆر زیـاتر ئامـادە دەبـن. بۆنموونـە حەمـەدەمینی دەرگەڵـەی دینـدار، بەدرێـژایی حەفتـە لەماڵـەوە نوێـژی دەکـرد، بـەڵام ڕۆژی هـەینی دەچـووە مزگەوت و ئەوسا زۆربەی گوندیش دەچوون.

هەنـدێ گونـد هـۆڵێکی سـەرگیراوی زیادەکییـان تێدایـە بۆ زسـتان دەیکـەن بەمزگـەوت، بـەڵام ئەمـەش چەسـپاو نییـە. لەناوچـەی گردۆلکـەکان و لەپێدەشـتیش دا مزگـەوت هـۆڵێکی سەر گیراوەو منارەیەکی بەسەرەوەیە. لەو حاڵەتەدا نوێژ یان لەناو هۆڵە سەرگیراوەکە دەکەن، یان لەسەربان.



CamScanner

# بەشی شەشەم

## سنووربەندەکانی بابەتی پێشەوە

لەوانەیە خوێنەر تێبینی کەم‌وکورتییەکی گەورەی کردبێ لەو نموونە بەڵگەییانەی بۆ پشت گیری کردنی گشتاندنەکانم پێشکەشم کردوون. نزیکەی لەهەر هەموو بارێکدا، ئەو دەسەڵاتەی باس کراوە یان ئاغایە، یان خزمێکی نزیکی ئاغایە. لەوانەیە جێی پرسیاربێ ئاخۆ ئەگەر هەموو زانیاریدەرەکانم گەنج بوونایە، هەر هەمان ئەو وێنە گشتییەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی دەهاتە دەست؟

هۆیەکانی سنووربەندکردنی لێکۆڵینەوەم بەڕێورەچەڵەکی ئاغا، بەوردی هۆکاری کردەنی بوون. چەند ساڵێك بوو، ئەوە من یەکەم ئینگلیزبووم کەبەبێ هیچ جۆرە پاسەوانییەکی سەربازیی لەناوچەکە نزیك ببمەوە. لەبەرئەوەی وایان دادەنا کەمن دەبێ نوێنەری نهێنی دەسەڵاتی ئینتیدابی پێشووبم، بۆیە زۆربەئاسایی ببووم بەجێی گومان و بابەتی فزوولیەکی زۆر. مرۆڤی هۆزەکی کورد لەو سیاسەتە بەرزە ناگا کەوای

لەبریتانیا کرد عیراق بکا بەدەولەتێکی سەربەخۆ. ئەوان وادادەنێن کەکوردستان هۆیەکی گەورەی ناکۆکی نێوان ئینگلیزو عەرەبە. هەربۆیەش، ئەگەرچی من لەگەشتەکەما پسوولەی رەسمی وەزارەتی ناوەخۆم پێبوو، وایان دادەنا کەمن بەشێوەیەکی نهێنی پلان دژی حکوومەت دەگێرم. کەمن بەپەرۆشەوە بووم ئاگاداری وردەکاری تایبەتی ژیانی کورد بم، ئەوان وایان دادەنا ئەو پەرۆشییەی من پەردەیەکەو نەخشەفێڵاوییەکانی خۆمی لەژێر دەشارمەوە. ئەمە ئاغا خانەخوێکانی منی تووشی هەڵوێستێکی ناخۆش کردبوو. ئەوان ناچار بوون، لەبەر دەستووری میوانداریی. وەکوو میوانێکی بەرێز مامەڵەم لەگەڵدا بکەن و ئەگەر وەکوو قاوداکەوتبوو، هاتنی من نیشانەی ئەوەبێ کەئینگلیز دەگەرێتەوە، بێگومان ئامۆژگاریی خەڵکیان دەکرد بۆ ئەوەی بەباشی مامەڵەم لەگەڵدا بکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر من دوژمنی راستەقینەی عەرەب بم، بێگومان ئەگەر لەگەڵم ساردبن، یەکسەر کەرۆیشتم پۆلیس لێپرسینەوەیەکی توندیان لەگەڵدا دەکات.

گرفت و ئاڵۆزیی لەوەش زیاتر لەگۆرێ بوو - حەمەدەمینی دەرگەلە بەدڵنیاییەوە بەدیلماجەکەی منی گوتبوو گوایە بەدرێژایی ئەو ماوەی من لەوێ بووم یەك تۆزقاڵ چاوی نەچۆتە خەو. ئەو واتێدەگەیشت کەمن لەمەترسییەکی کوشندە

دابوویم، چونکە بوونی من لەوێ دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ دوژمنەکانی – ئەگەر ئەوان منیان بکوشتایە، ئەو زۆر شەرمەزار دەبوو بەرامبەر بەحکوومەت! هەربۆیەش هەموو شەوێ چوار پاسەوانی چەکداریان لەدەوری چارپاکەم دادەنا.

لەم تۆرە ئاڵۆزەی فرت و فێڵ و بێ متمانەییەدا، پیاو تێدەگا کەئاغاکان، هەرچەندە زۆر حەزیان دەکرد من خۆم لەبارەی کاروباری گوندەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەم. بەلام لەهەمان کاتدا، تا ئەوپەڕی گومانیان لەهەر شتێ دەکرد کە لەوانەبوو من هەوڵ بدەم بێئاگاداری ئەوان، شتێ لەسەر بزانم.

هەربۆیە لەبەرئەوەی ئەوسا بڕوام وابوو دواتر بۆ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر دەگەڕێمەوە ناوچەکە، کەم هەوڵم دەدا گفتوگۆ لەگەڵ کرمانجەکان بکەم بۆئەوەی ساغی بکەمەوە داخۆ ئاغا بەراست و دروستی باسی کاروبارەکانی کردووە یان نا؟ هەرکەسێ ئەم لێکۆڵینەوەیە بکا بەبنچینەی توێژینەوەی فراوانتر، دەبێ ئەم ڕاستییەی لەبەرچاوبێ. تەنانەت هەرکاتێ ئەو ڕاستیانەی من باسم کردوون ئەگەر بەهۆی توێژینەوەی زیاترەوە بچەسپێن، واپێویست دەکا کەباسەکە بەشیکردنەوەی ڕەوشەکە، وەکوو لەگۆشەنیگای کرمانجەوە دەردەکەوێ، کۆتایی بێ.



CamScanner

لەلایەکی تریشەوە، هەولم داوە خۆم لەگشتاندنی وشکی شێوازی (کورد زەماوەن لەگەڵ دۆتمام دەکەن) دوور بخەمەوە. بێگومان من مەبەستم ئەوەنەبووە کە (ڕەوشتو نەریت) کوردی تۆمار بکەم، بەڵکو زیاتر هەولم داوە تیشك بخەمە سەر هۆیە دژەکانی ناکۆکیو یەکێتی کەکار لەو جڤاتە بچووکە نیشتەجێیەی ناوچەی ڕواندز دەکات. ئەگەر باسەکەی من هیچ پەندی تێدا نەبێ، ئەوەی تێدایە کەجارێکیتر جەخت دەکاتەوە کەشتێکی بێهوودەیە خەسیەتی سایکۆلۆجی بەکۆمەڵەی کولتووری بدرێ: کورد وەکوو کۆمەڵەیەك، هەمیشە بەخاینو خوێنرێژو تەوەزەلو بەوەجو گەمژەو .. شتێ تریش ناوبراون. ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەلانی کەمەوە ئەوە پێشان دەدا کەپێکهاتەی کۆمەڵ هەندێ هەڵسوکەوتی باو بەسەر تاکە کەساندا دەسەپێنێ، بەلام ئەم نموونەی پێکهاتەیە، بەشێوەیەکی زۆر جیاواز، کار لەبەرژەوەندی تاکەکەسە جیاجیاکان دەکاو ئەوانیش بەو پێیە کاردانەوەی جیاوازیان دەبێ. هەرگیز گونجانی تەواو لەگەڵ نەریتی کولتووری یەك ناگرێتەوە، لەڕاستییدا نەریت خۆیشی هەر تەنیا وەکوو

جەختێکی یەکگرتنی بەرژەوەندییەکان و جیاوازی بۆچوونەکان وایە. هەموو دەستەوتاقمە کولتوورییەکان، هەرچەندە لەبەر رۆشنایی مێژوودا بەچەسپاو بکەونە بەرچاو، بەڵام لەهەر سەردەمێکا، لەناو خۆیانەوە لەحاڵەتێکی بەردەوامی هەڵقوڵان و گۆڕانی شاراوەدان و تەرازووەکە هەمیشە لەگۆڕاندایە.

بەم جۆرە ئەو گۆڕانە توندو هەڵوەشاوانەی لەژێر زەبری بارودۆخی پەیوەندی کولتووریدا سەرهەڵدەدەن، تەنیا بەپلە، نەک بەجۆر، لەگۆڕانی بچووکی سەرەتایی جیا دەبنەوە کەلەهەموو سەردەمێکا روودەدا ئەوکاتەی کەدەستەوتاقمە کولتوورییەکە لەژێر بارودۆخی (سروشتی)دا، ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکا، بەڵام دەشێ ئەمانەش دەست نیشان بکرێن. میکانیزمی گۆڕانی کولتوور لەکاردانەوەی تاکە کەسان بەرامبەر بەبەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییە جیاجیاکانیانەوە هەستی پێ دەکرێ. ئەگەر لەبەر ئەم رۆشناییەدا سەیری بکەین، دەبینین تەنانەت گیروگرفتی هۆزە کوردییە بچووک و نەناسراوەکانیش پەیوەندییەکی فراوان و گشتیان هەیە، کەتەنانەت بەرەو بارودۆخی کۆمەڵی ئێمەمانیش دەکشێن.

لێکۆڵینەوەی کردەوەی گۆڕان و پەرەسەندن، گیروگرفتێکی سەرەکی بۆ کۆمەڵناسەکان دروست دەکا. من خۆم وەکوو ئەنترۆپۆلۆجیستێك وای بۆدەچم کەواچاکە ئەم جۆرە کارە بەشێوەیەکی باشتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ لەبارودۆخی وردی کۆمەڵەیەکی بچووك و مەیلەو چەپەك کەسنووری بەرژەوەندی تاکە کەسەکانی بەروونی دیاربێ، بەلاّم گیروگرفتەکە گیروگرفتی پیادەکردنی گشتییە.

لەئەنجامدا، لەبارەی کوردەوە، من تاکە هیوام ئەوەیە کەشیکردنەوەی من هەرزوو بەلێکۆڵینەوەی قووڵتر ببێ بەکارێکی سەردەم تێپەڕیو.

* * * * * * * *

## پەراوێز

1 ( A. Jaussen – Les cutumes des Arabs au pays de Moab.)

A. Musil – Manners and customs of the Rwala Beduins.

E. W. Lane – Manners and costoms of the Modern Egyptions.

E. S. Drower – the Mandaeans of Iraq and Iran.

G. W Murray – sons of Ishmael.

(2) B. Z – Seligman – studies in Smitic Kinship ( Bulletin of school of Orintal studies Vol. iii)

H.N Granqvist – Marriage Conditions in a Palestine Village

(3) C. J Edmonds – A bibliography of Southern Kurdish (Juornal of the Royal central Asian society. Vol. xxxiv. 487)

بۆ وێنە فۆتۆگرافییەکان بڕوانە:

(4) Hay. pp. 200 . 222

(٥) (هاملتن) باسی دروست کردنی ئەم ڕێگایەی کردووە لەکتێبی:

(٦) دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عیراق دەتوانن لەرێکای یەک تاکە ئاغای هەرە کەورەوە کفتوکۆ لەکەڵ هەرکیبیان بکەن. ئەکەرچی هۆزەکە. خۆی بەسەر چەند کۆمەڵە ماڵباتێکی بچووکدا بڵاوبۆتەوە کەلەناوچەیەکی بەربڵاودا دەژین. بەڵام وادیارە پلەیەکی بەرزی یەککرتنیان لەنێواندا هەیە.

هاوینی (١٩٣٨)، کێشەیەکی یاسایی لەنێوان ئاغای هەرە کەورەی هەرکیبیان و جەمیلئاغای بەحرکە (عەشیرەتی کەردی) هەبوو. کێشەکە لەسەر ئەوە بوو ئاخۆ پێویستە ئاغای هەرکیبیان، بەرامبەر بەمافی لەوەڕاندنی پەزەکانیان لەزەوی کەردییان، کرێ بەجەمیلئاغا بدات. جەمیلئاغا لای من کلەیی دەکرد کەزۆر لەکوینە لەم کێشەیەدا هەرکی ببەنەوە چونکە ئەوان پارەیان زیاترو ئابووریان بەهێزترەو دەتوانن بەرتیل بدەن. کێشەکە، خۆی لەخۆیەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کەبۆی هەیە هەرکی داوای مافی پەز لەوەڕاندن بکەن لەو زەوییانەی کەوتوونەتە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆمەڵە جیاوازەکانەوە.

(٧) (هال) ئەم دوو کەسەی بەئامۆزا داناوە. بەڵام لەڕاستیدا، ئەمانە مامو برازان ئەکەرچی مەیلەو هاوزێی یەکن. عەلاوەدین، کەبرازاکەیە، دەسەڵاتو ناوبانکی زیاترە.

(٨) لەکاتی سەردانەکەی مندا، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ موتەسەڕیفی هەولێر بوو. ئەم پیاوە کوردێکی خەڵکی ناوچەی

ئەختێ پێشکەوتووی سلێمانی بوو. خۆی کابرایەکی زۆر زیرەکەو کەسایەتییەکی زۆر تەواوی هەیە. من زۆر مەمنوون و منەباری ئەو پیاوەم بۆ ئەو ئاسانکاری و هاوکارییەی لەگەڵی کردم و بەمەوە توانیم کارە مەیدانییەکەی خۆم ئەنجام بدەم. بەتایبەتی لەبەرئەوەی کابرا، ئەوکاتە هەڵوێستی سیاسیی ئەختێ ناسک بوو. چونکە بەژن و ژنخوازی خزمایەتی لەگەڵ ئاغاکانی هۆزی پشدەر هەبوو ئەوانیش ئەوسا یاخی ببوون. بۆیە هەندێ عەرەب لەحکوومەتی بەغدا بەگومان و دڕدۆنگییەوە سەیریان دەکرد. ئەمەش پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناوبانگە ناسکەی هەبوو کەگوایە لایەنگری بریتانیایە، ئەمەش بەهیچ جۆرێ لەعێراقی تازەدا شتێکی باش نییە. ئەمە ئاستەنگێکی گەورەبوو لەبەردەم داواکاریی من بۆ ئەوەی لەگەشتەکەمدا ئاسانکاریم بۆ بکەن. لەو بارودۆخەدا، هاوکاریی ئەو پیاوە جێگای ڕێزو پێزانینێکی زۆرە.

(٩) عیراق هەر لەسەردەمی تورکەوە عەسکەریی ئیجباری لێ دەگیرا. عەسکەری کردن بەناو هەموو کورد دەگرێتەوە. یەکێ لەنیشەکانی موختار ئەوەیە منداڵی تازە لەدایکبوو ناونووس دەکاو ئەوانەی ناوی عەسکەرییان دێ، ناویان دەداتە مودیر. لەگەڵ ئەمەشدا، تا بەم دواییە هیچ جۆرە تۆمارێکی ڕاستەقینە نەبوو. جا بۆ ئەوەی خۆیان لەعەسکەریی بدزنەوە،

ئەوەندە بەس بوو کە لەکاتی خۆیدا بەرتیلی چەور بەپیاوی خۆی بدەن.

بەپێچەوانەی ئەمەوەش، خزمەتی سەربازیی دەرفەتێکی باش بۆ ئاغا دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی هەرکەسێکی حەزی لێ نەکا لەخۆی دوور بخاتەوە. ئەمەیە پوختەی ڕەوشەکە وەکوو دیلماجەکەم بۆی باس کردم، بەڵام من خۆم هیچ ژمارەیەکم لەبارەی ئەوانەوە دەست نەکەوت کەبەڕاستی چووبوونە عەسکەری.

(١٠) ناوەکە بەتەواوی بۆ سۆرانەکانی ناوچەی دەرگەڵە دروست نییە. لەئاخیرو ئۆخری سەدەی هەژدەدا، وشەی سۆران بەو ناوچەیە دەگوترا کەنزیکەی لەگەڵ ناوچەی (٨) و (B)ی نەخشەی (١) دا یەک دەگرێتەوەو میرەکانی سۆران بەناوی خۆیانەوە دەسەڵاتێکیان تێدا دامەزراندبوو. حەمەدەمین بەگی ئاغای دەرگەڵە وای بۆ دەچێ کەخۆی ڕاستەوخۆ لەو میرانەی پێشوو بەپاش کەوتووە. کەخۆی و خزمەکانی بەخۆیان دەڵێن بەگزادەی سۆران – ( واتە : ئەوەی بەگەکانی ڕواندز). ئەمڕۆ، زاراوەی سۆران هیچ چەمکێکی ڕاستەوخۆی زەوی تێدا نییە، بەڵام ئەو ناوچەیەی لەخشتەی (٢)دا دیاریکراوە، ئەوە لەژێر دەسەڵاتی حەمەدەمین بەگی دەرگەلە دایە.

(١١) بۆ بەراورد، پیاو تێبینی ئەوە دەکا کەشێخ محەمەداغای وەڵاشی ئاغای هەرە گەورەی باڵەکایەتی و تایفەی مەلا شەرەفی

دەیتوانی ڕەچەڵەکی خۆی تا هەژدە پشت بباتەوە، بەڵام نەدەگەیشتە ئەو مەلا شەریفەی کەمەبەستە.

(12) C. Daryll Forde – Fission and Accretion in patrilineal Clans of a Semi – Bantu community in southern Nigeria. ( J. R . A. I. Vol 68 – 314

- R. Firth we the Tipokia. 370. 371

تێبینی ئەوەش بکە کەسەبارەت بەدەستووری زەماوەندی ئامۆزا، تایفەو تیرەی کوردی زیاتر ئارەزووی زەماوەندی ناوەخۆ دەکەن، تا زەماوەندی دەرەکی.

(١٣) من هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە پێشانی بدا داخۆ کرێکە چ جۆرێکە. لەزۆربەی بۆنەی جیاجیاو لەزۆر باری جۆراوجۆر، لەناوپێردان و وەڵاش و دەرگەلە بۆیان دووپات کردەوە کە ڕێکەوتنی باو ئەوەیە: ئەگەر ئەوەی زەوییەکە دەکا، وڵاخ و کەرەستەو تۆو .. هتد هی خۆی بێ، ئاغا نیوەی سەرجەمی بەرهەمی زەوییەکە دەبا، بەڵام ئەگەر وڵاغ و کەرەستەو تۆوەکەش هەر ئاغا خۆی دابینی بکا، ئەو حەلە دوو سێیەکی سەرجەمی بەرهەمەکە دەبا. بەگوێرەی قسەی (های) (ل ٦٨) ژمارەکە تەنیا لە(٪١٠)ی بەرووبوومەکەیە، بەڵام وەکوو من ڕوونی دەکەمەوە کرێی (٪٥٠) ڕەنگە بەو زۆرییە نەبێ وەکوو دەکەوێتە بەرچاو.

(١٤) (هاى) لە(ل٦٨) دا باس دەكا كەڕەوشت وایە لەسەرەتاى سالْ. لەهەر مێگەلێكى گەورە مەڕێكى ناوس بەناغاى هەرە گەورە دەدەن. (هاى) هیچ جیاوازى لەنێوان هۆزو بەرەباب ناكا. لەوانەیە ئەم ئەركە بەرامبەر بەناغاى بەرەباب ئەنجام بدرێ زیاتر لەهى هۆز.

(١٥) دیارە قەوارەى ئەم گوندە مام ناوەندییە. كەچى بنكەى وەكوو دەركەلەو مەرگە زۆر لەمە گەورەترن. هەروەها وەلاش لەهەندێ لاوە كۆشكو سەراى شێخ محەمەدەو لەوە دەكا ڕەوشى خزمایەتى خەلْكى ئەم گوندە شتێكى نموونەیى بێ.

(١٦) لەناوچەى باڵەكایەتى بەدەگمەن وادەبێ ژوورێك بۆ دیوەخان تەرخان بكەن. بەزستان ڕێبوار كەمەو ئەگەر پێویست بكا لەشوێنێكى مالْى ئاغا جێگایان بۆ دابین دەكرێ. لەلایەكى تریشەوە، بەهاوین ساباتێك لەجێگایەكى نزیك مالْى ئاغا دروست دەكەن و ڕایەخو كورسى و سەرینى لێ دادەنێن. ڕێبوار لەوێ خواردن دەخۆن و هەر لەوێش دەخەون.

(١٧) وا دیارە شێخ محەمەد بەدرێژایى ژیانى ئەم ناتۆرەیەى لەدووبووە.

(١٨) لەگوندەكانى پێدەشت، گەرماى زۆرى هاوین و زۆربوونى ڕێبوار لەزستان وادەكەن كەژوورێكى هەمیشەیى بۆ دیوەخانە بێتە تەرخان كردن. بۆ باسى ئەم بابەتە بڕوانە (هاى) (ل ٤٧ - ٤٩).



CamScanner

(١٩) ئاغا هەرە گەورەکان زۆرجار برنجی زیادە لە دەرەوە دەکڕن بۆ ئەوەی ناچار نەبن لەباتی برنج ساوەر پێشکەش میوانەکانیان بکەن کەلەبرنج بێ نرخترە (بڕوانە دواتر).

(٢٠) زەحمەتە بتوانین لەسەرچاوەی کوردییەوە زانیاری باوەڕپێکراو لەبارەی گومرەی پارەکە بەدەست بێنین. کوڕەکەی شێخ محەمەد دڵنیای کردم کەباوکی (٣٠٠٠) پاوەندی بەزێڕو پارە هەبووە، کەچی ئێستا قەرزاری بازرگان و سووخۆرەکانە.

(٢١) لەکوندەکانی دەوروبەری دەرگەلە، پارچە زەوی جیاجیا هەیە بۆ چاندنی ماش تەرخان کراوە. ماش وەکوو جۆرێ نیسک وایە. لێرە زەویی کەنم چاندن کەمترە. زۆربەی بەرهەمی ماشەکە بۆ بازرگانییە.

(٢٢) لەباتاس، کەمەتران دەوری ئاغا دەبینێ، بەرهەمی تووتن مولکی کەنیسەیە. ئیدی هیچ کێروگرفتێک لەبارەی پێویستییەکان نیشی تاکە کەسەکانەوە نامێنێ. بەڵام ئەوەندەش هەیە مەترانی مەسیحی دەق وەکوو ئاغای خێڵ وانییە.

(٢٣) ئەمە لەڕووی تیۆرییەوە شتێکی ئەستەمە، چونکە بەپێی پێناسەی عیراقی، زەویی خێڵەکی زەویی میرییە. لەگەڵ ئەمەشدا دیارە کەکاتی خۆی گۆڕینی خاوەنداریی زەوی لەپێدەشت و گردۆلکەکان ڕووی داوە.



CS CamScanner

(٢٤) ئەمە، ئەم بارودۆخەی ئێستا دەکا بەشتێکی نموونەیی. ئەمە دەرهەق دەرکەلە ڕاستە. بەڵام هەندێ کوندی تر ئێستا جۆڵای تایبەتی خۆیان هەیە. تائێستا زۆربەی هەرە زۆری پیاوەکان کری کوردی لەبەر دەکەن. بەڵام کاری ڕستن و چنین بەزۆری لەڕواندزو هەولێر چڕ بۆتەوە.

(٢٥) (های) (ل٤٤) دەڵێ: مێرد تەنیا بۆ ماوەی سێ مانگ دوای تەڵاق. یان بەدرێژایی ماوەی دووکیانیی ژنەکە - هەرکامەیان درێژتر بێ - لێپرسراوە. ئەمە یاسایەکی محەممەدی (ئیسلامی - و) چاکە. بەکوێرەی قسەی دیلماجەکەم، ئەو ئاغا کەورانەی دەیانەوێ ئەندامانی خێزانەکەیان زیاد ببێ، هەندێ جار یەکێ لەژنەکانی خۆیان تەڵاق دەدەن هەر بۆ ئەوەی بتوانن ژنی پێنجەم بێنن. لەم حاڵەتەدا، ژنە تەڵاقدراوەکە، بەپەنامەکی وەکوو ئەندامێکی ماڵی ئاغا دەمێنێتەوە - هەرچەندە دیار نییە داخۆ ژنە تەڵاقدراوەکە وەکوو دۆستێک دەمێنێتەوە، یان نا؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕەوشەی باسی دەکەم هەر بەکریمانەیی دەمێنێتەوە چونکە من خۆم هیچ نموونەی بەرجەستەم لەم بارەیەوە دەست نەکەوت.

(٢٦) دیارە، جاران زۆر ئاسایی بوو کەکرمانجەکان کچۆڵەی منداڵی ناپەسەندی خۆیان بەشارستانەکان بفرۆشن. بەکچەکانیان دەکوت (کردیە). کچەکە لەکاتی هەرزەکاریدا، کارەکەرێکی کۆیلەی کریارە کە بوو، بەڵام کەکەورە

دەبوو، زۆر بەڕێزەوە بەشوویان دەدا. لەوە دەکا ئەو سیستمە زۆر شتی هاوبەشی تێدابێ لەگەڵ سیستەمی (موی چای) ی باشووری چین.

تێبینی وەرگێر:

لێرەدا نووسەر بەهەڵە تێگەیشتووە، هیچ کرمانجێک کچۆڵەی خۆی لەبەر ناپەسەندی نافرۆشێ. ئەوەندە هەیە زۆر جار لەبەر نەبوونی کچەکەی دەکەوێتە ماڵە عەیانێک، یان وادەبێ کەکچۆڵەیەکی وا دایبابی بمرێ و ماڵی خانەدانێک بەخۆیانەوە بیگرن و بەخێوی بکەن و نیشی ماڵەوەشی پێ بکەن..

(٢٧) ئەم سەرنجانەی سەرەوە هەرگیز هۆزە کۆچەرەکان ناگرێتەوە. دەیانگوت لەناو هەرکییان هەموو بۆنەکە بەیەک ڕۆژ دەبڕێتەوە. هەروەها دەیانگوت نیشەکە زۆر دابی نائیسلامی تێدایە.

(٢٨) لێرەدا جێی بایەخ و تێبینییە ئەوانەی مەکینەی دروێنە (دراسە) دروست دەکەن ئاگایان لەبارودۆخی عیراق نییە. من لەم بارەیەوە قسەم لەگەڵ ئاغای زەویبداریی گوندی سەعداوە کرد کە بیست میلێک لەڕۆژاوای هەولێرە. ئاغاکە کابرایەکی دەوڵەمەند و خاوەنی بیرێکی پێشکەوتوو بوو. گوتی ئامادەم چەند هەزار پاوەند لەمەکینەی جووت (تراکتەر) و مەکینەی دروێنە (دراسە) سەرف بکەم بەڵام گوتی ئەوەندەی من بزانم یەک کۆمپانیای دروست کردنی مەکینەی دروێنە نمایندەی

لەبەغدا هەیەو مەکینەکەش کەرەستەی یەدەکی لەگەڵدا

نییە.

(٢٩) ئەون ئامێرێکی تەواو جیایە. لێرەدا باس نەکراوە

چونکە دیارە بایەخی کۆمەڵایەتی ئەوەندە گرنگ نییە.

(٣٠) بەڕێوەبەرایەتی دوو جۆرە کوشتن لەیەک جیا دەکاتەوە:

کوشتنی بەدوژمنداریی کەپاساوی خێڵەکی خۆی هەیەو

کوشتنی ئاسایی کە شتی وای نییە. یەکەمیان یاسایەکی

تایبەتی دەیگرێتەوە کەسزای هەرە زۆری دوو ساڵ بەندییە،

کەچی دووەمیان دەکەوێتە بەر یاسای سزادانی عیراقی

کەسزاکەی زۆر توندترە (مردنە؟) . ئەمە کاردانەوەیەکی

تایبەتی هەیە. زەمانی خۆی. بەپێی دەستووری خێڵەکی مەسەلەی

شەرەف تەنیا بەکوشتنی کابرا. بەشێوەیەکی شیاو یەک لا

دەکرایەوە. لەو حاڵەتەدا. هەر ئەوەندە ژنەکە لەجڤاتەکەی خۆی

دەردەکراو دەبوایە خۆی پارێزکاری لەخۆی بکا. ئەمڕۆ، مێردی

تۆڵەسێن دەبێ بۆ دەسەڵاتدارانی بسەلمێنێ کەمەسەلەکە

بەراستی مەسەلەی شەرەفە، نەک کوشتنێکی هێمنانە. کەواتە

، ئێستا دەستوورەکە وایە کەهەردوو تاوانبارەکە بکوژن.

(٣١) بگەڕێوە بۆ دوژمنداریی نێوان حوسێنیی و نەهاشیبی

لەفەلەستینی ئەمڕۆدا.



CamScanner

# پاشکۆی یەکەم

## خشتەی زاراوەی خزمایەتی

### خشتەی (١): خزمەکانی باوک



خشتەی (٢): خزمەکانی دایک



## خشتەی (١٣أ): خزمەکانی ژن



## خشتەی (٣ب): خزمەکانی مێرد



## تێبینی لەبارەی خشتەی زاراوەی خزمایەتی

گشتی: ئەو زمانە کوردییەی لەناوچەی ڕواندز قسەی پێ دەکەن، زۆر شتی هاوبەشی لەگەڵ فارسی کۆن تێدایە، بەلاَم شتی وەرگیراوی عەرەبی زۆر لەهی فارسی نوێ کەمتر تێدایە. لەهەردوو زمانەکەدا، زاراوەی خزمایەتی لێکدراوی رەگی هیندو ئەورووپی و سامی هەن، بەلاَم هەماهەنگییەکی نزیکیان نییە. بەم جۆرە:

| کوردی | فارسی | عەرەبی |
| --- | --- | --- |
| باپیر | جد | جد |
| باب | پدر | ابو |
| دایك | مادر | ام |
| مامۆ | عم | عم |
| خاڵۆ | خال | خال |
| برا | برادر | اخ |
| خوشك | خواهر | اخت |
| کوڕ | پسر | ابن |
| کچ | دختر | بنت |

بۆی هەیە ئەمەش گرنگی خۆی هەبێ کە لەکوردیو فارسیدا وشەی سامی (مامۆ، خاڵۆ، عم، خال) بۆ هەردوو جۆرە (uncle) بەکاردێن.



CamScanner

### خشتەی (١):

هەروەکوو لەشوێنێکی تری نووسینەکە ڕوونمان کردەوە ، دیارە زاراوەی ئامۆزا (منداڵی برای باوك) بەمانای پۆلینکاری بەکاردێ‌و هەموو ئەندامەکانی تیرەی (خۆ – Ego) دەگرێتەوە. ئەمە زۆر لەبەکارهێنانی عامیانەی وشەی (cousin) دەکات. ڕوون نییە داخۆ زاراوەی وەکوو (مێردی خوشك) هەر ڕاڤەکردنە بەمانای (مێردی خوشکم)، یان زاراوەی ڕاستەقینەی ئامارژەی عامیانەیە وەکوو:

Brother – in - law

بووك (daughter – in- law)

زاوا – (son – in - low)

نەوە (grand child) لەوە دەچێ مانایەکی فراوانتری تێدابێ، بەمانای (ڕەچەڵەك – desendnts) بێ.

### خشتەی (٢):

تێبینی بکە کەلەسیستەمی زەماوەندی ئامۆزا، لەوانەیە زۆر جار (برای دایك) ، (خوشکی باوك) بێنێ. بەجۆرێ کە (خاڵۆزا) ببێ بەیەکێ لەئەندامانی تیرەی (خۆ – Ego)

### خشتەی (٣):

ژن (wife) و مێرد (hasbnd) مانای وشەییان یەك لەدوای یەك بەم جۆرەیە: ئافرەت (woman) و پیاو (man).

روون نییە داخۆ هیچ کام لەم خشتانە ڕەوشی فرەژنییان تێدا هاتووە؟ جەلال بەگی هەشتەم کوڕی میری دەرگەڵە پێی گوتم کەتەنیا یەك برای (لەدایکی خۆی) هەیە. باسیشی کرد گوایە هەر بەزڕ دایکی دەڵێ (دایك)، بەڵام ئەگەر وردتر بێ ناوەکەشی لەگەڵ دا دێنێ. بەم جۆرە: (دایك فاتم). من نازانم داخۆ هیچ جیاوازی لەنێوان برای هەقی باوکی (خۆ) و زڕ براکانی دەکرێن.



CamScanner

# پاشکۆی دووەم

## هێلکاری تەکنیکی



## ١. دەزگای جۆلآیی کوردی:

دەزگای جۆلآیی کوردی کەلەلاپەرەی بەرامبەر بەوێنەکە پیشان دراوە، ئەوەندەی من ئاگادار بم تا ئێستا بەدوورو درێژی باسی نەکراوە. (لینگ رۆس) ناوی جۆلآیی (پێچاڵی هیندی) دێنێ وەکوو جۆرە جۆلآییەکی بەرتەسک. بەلآم وەسفی ناکا. جۆلآیی پێچاڵی کوردی، کەلێرەدا پێشان دراوە، وەکوو ئەوەیە وایە کەلەمیزۆپۆتامیای ناوەڕاست هەیە، ئەوەندە نەبێ کەئەمەی دواوە (قامیشەکەی) شۆڕ دەبێتەوە، بەمەوەش ماوەی (رایەڵەکەی) بەرینتر دەبێ.

لەگەڵ وێنەکەدا (کەبەداخەوە لەبەر زۆر بەکارهاتن کاڵ بۆتەوە)، هێلکارییەکانی بەرامبەر کەم و زۆر دەوری روونکردنەوەی خۆیان هەیە.

جۆلآ خۆی لەناو چالآیی دەزگای جۆلآیی دادەنیشێ. بەهۆی شەپکەکانەوە، بەپێ ئیش بەمیکانیزمی (heddle) دەکا. کەچی بەدەس ئیش بەمەکووک و (sley) دەکا.

وێنەی (١) کەرتێکە لەجۆلآیی و وێنەی (٢) نەخشەی ماشینۆیەتی.

بەشەکانی ئامێرەکە کە کەبە (A.B.C.D.E) و بەتیپی بچووک نیشانەکراون، لەلای ڕاستەی هێلکارییەکە بەوێنەی

سانەوی و بەرێـژەی گـەورە پێشـان دراون. ڕێـژەی وێنـەکانی (A.B.C.D) ئەوەیــە کەنیشــان دراوە، وێنــەی (E) تــەنیا هێلکارییەو بەس.

وێنەی (A)، قامیش و دەفە پێشان دەدا. هەروەکوو دیارە ئەمە زۆر بەئاسانی هەڵدەوەشێنرێتەوە. شەی قامیش زۆر توند بەچوارچێوە دارینەکەوە نەلکاوە، بەڵکو زۆر بەرەهایی بەدرزی قووڵـەوەدا دەڕوا کەبـەهێڵی خاڵـدار پێشـان دراوە. ئەمـە لـێ ناگەڕێ رایەڵەکە بـۆ یـەك لا (ڕابکێشـێ) ئەگـەر جـۆلا نـەتوانێ شەیەکە زۆر ڕاست ڕابکێشێ.

تێوەرێخی سەرکری تەواو کراوی پشت سەرگرەکە. بەهۆی ئامێرێکـەوە توند شـەتەك دەدرێ کەلەوێنـەی (B) دا پێشـان دراوە. من نازانم زاراوەی ئینگلیزی بەرامبەر بەم ئامێرە چییە. ئامێرەکە، لەیەکێ لەوێنەکاندا، لەشوێنی خۆیدا دەرکەوتووە. لـەدوو پارچـە دار پێـك دێ، هەریەکـە دەرزییـەکی ئاسـتی لەسـەرێکە، لەگـەڵ داوێکـی پارچـەکەی‌تر لێـك بەسـراون. بەڕێکخستنی درێژایی داوەکە، دوو پارچە دارەکە لەشریتێکی توندی بەدرێژایی جیاجیا، ڕێك دەخرێ. هێلکارییەکە پارچە دارەکان لەشوێنی خۆیان و لەسەر کرەکە پێشان دەدا. پێش ئەوەی یەکێکیان بخرێتە ناو ئەوەی ترەوە.

وێنەی (C) یەکێ لەخڕلەکان پیشان کە ( heddle
rocker) ڕادەگرێ

وێنەی (D) یەکێ لەو شریتانە پێشان دەدا کە داوو شەپکەیان پێدا شۆڕ بۆتەوە. لەخانی (D)دا، وێنەی (١) بەکەرتێکی برگەیی دەرکەوتووە.

وێنەی (E) (بەهێلکاری) پێشانی دەدا چۆن داوەکانی رایەڵ بەناو (leash)ی (heddle) دا وەدەکرێن. تێبینی بکە لەوێنەی (١)دا (heddle) (heddle  counter) جووتانەن. داوە تاکەکان بەناو هەردوو تاقمی (leash) دا دەڕۆن لەلایەکی (rocker) داوە جووتەکانیش بەناو ئەوەی تردا دەڕۆن. من بەوردی پێنەکەوتم داخۆ داوەکانی (leash) چۆن گرێ دەدرێن و قولفە دەکرێن.

ئەو کرەی تەواو دەبێ لەدارێکی چوارگۆشەیەکی دەپێچرێ (J). ئەمەش بەهۆی دارێکەوە (H) لەشوێنی خۆی دەوەستێ کەدەخرێتە ناو یەکێ لەچوار کونی لایەنەکانی (J) و لەچەنگاڵێکی چەسپیوی سەر زەوی (F) دەپێچرێ. بۆ ڕێکخستنی رایەڵ. پەتەکە لە(F) دوە شل دەکرێتەوەو ئەوسا (H)و (J) دەشێ چۆنمان بوێ وایان ڕێک بخەین. پێویستە ئەوە تێبینی بکەین کە بۆگونجاندن (F. G. H) لەوێنەی (١)و هەروەها لەوێنەی (٢) دا پێشان دراون. هەرچەندە لەلای

دەستە راستەی جۆلا چەسپاون هەروەکو لەنەخشەکەدا دیاری کراوە.

سێ بلاوکەرە (سێ داری سست) هەن، ئەوەی پێشەوەیان لەپێش داری لوولدراودایە (K). ئەمەی دواوەیان بەو سەنگە دادەگیرێ کەلەوێنەی (١)دا پیشان دراوە. ئەمە لێ ناگەرێ بلاوکەرەوەکە بەرەوپێش بخزێ بۆ ناو ئامێری (heddle)و هەروەها نایەلێ رایەل لەسەر (K) دا (هەلبەزێ). بەبێ ئەم ئامێرە بلاوکەرەوەکانی دواوە پێویستیان بەرێکخستنەوەی بەردەوام هەیە.

داری لوولدراوی (K) رووی سەرەوەی نەختێ هەلکۆلدراوە بۆئەوەی داوەکان لەشوێنی خۆیان گیر بن. ئەمە هەمان ئەرکی بلاوکەرەوەکان دەبینێ کەبریتین لەراگرتنی داوەکانی رایەل بەتوندیو بەلێك بلاوی.

ئەمە دووبارە بوونەوەی لەنەخشەی دەزگای جۆلایی سەرەتایی شتێکی نائاساییە.

FIG 1
SECTION




FIG 2
FRONT VIEW




FIG 3
PLAN
WITH PART OF
MILLSTONES
REMOVED TO
SHOW ROTOR




— DIAGRAMS TO SHOW WORKING —

— PRINCIPLE OF A KURDISH MILL —

— APPROX. SCALE: MILLSTONE DIA 3FT —



CamScanner

**تۆربینە:**

پێویستە هێلکارییەکانی بەرامبەر لەگەڵ وێنەکانی کۆتایی بەیەکەوە بخوێنرێنەوە. ئەو جۆرە ئاشەی بەهێلکاریی پێشاندراوە، لەسەراپای ناوچەی رواندزدا هەیە (نەخشەی ١، ناوچەی A) و لەوانەیە لەو سنوورەش زیاتر بڵاوبووبێتەوە، بەڵام لەناوچەی پێدەشتا نییە. لەوێ چەرخەیەکی ئاوی (ناعوور) تەواو جیاواز بەکار دێ. من تائێستا نەمتوانیوە وەسفی هیچ جۆرە ئاشێکی وا لە هیچ شوێنێکا بەدەست دێنم.

ئیش پێکردنی ئاشەکە هەر زۆر ئاسانە، هەرچەندە من نەمزانیوە هیچ نموونەی تری میکانیزمی سەرەتایی، ئەم بنەما تۆربینەی بەکاربێ.

ئاو لەڕووبارێکەوە (H) هەڵدەبەسترێ و بەهۆی قەنتەرەیەکەوە (K) دادەڕژێتە خوارێ. ئەمەیان هەندێ جار سەری تەواو قەپات دەکرێ، بەڵام لەشێوەی جۆگەلەیەکی باریکدا یە. سەرجەمی بەرزایی ئەو ناوەی بەم جۆرە دەست دەکەوێ دەوری (٢٠) پێیە. لەبنەوەی قەنتەرەکە، ئاوەکە بەناو ئاوەڕۆکییەکی ئاسۆیی (L) دا تێدەپەڕێ کەکونەکەی بەهۆی میکانیزمی (M.N) ڕێک دەخرێ. ئەویش لەسەر عەرزی ژووری ئاشەکە ئیش دەکا. لەئاوەڕۆکەوە، ئاو دەچێتە ناو تۆربێنە خولێنێک کەپەرەکانی دارن (G) و لەسەر قۆقزێکی

پتەو (F) دادەمەزرێ. ئەم پەڕانە نەختێ بەلاری لێ دراون و پارچەی رووی سەرەوەیان بڕاوە بۆ ئەوەی وەکوو دەفرێکی لێ بێ. ڕادەی لارییەکە لەوێنەی ژمارە (١٥) دا دیارە. تاقمە خولێنکەییەکی یەدەگ لەدەستە چەپی وێنەکە دیارە. هیچ بنکەی لەژێردا نییەو هەموو میکانیزمی خولێنکەکە بەرەهایی لەسەرەوە هەڵواسراوە، تەنیا شەفتێکی ئاسن (E) ڕایگرتووە، ئەمەیان دەچێتە ناو کونی بەرداشی ژێرەوە (D) (کەتوند لەدیواری دەوروبەری قایم کراوە)و درزێکی بۆناو بەرداشی خولاوەی سەرەوە (C) تێدایە. من ئەم ئامێرەم بە لێک هەڵوەشاوەیی نەدیوە، بۆیە لەڕێبازی وردی ڕێکخستنی شەفتە لەناو بەردە خولاوەکانی (F)و (C)، یان لەڕێبازی چۆنیەتی ڕاوەستانی، دڵنیانیم کەکۆتایی سەرەوەو پستەکە لەسەر بەردی چەسپاوی (D) دان. میکانیزمی دەغڵ تێ کردن زۆر چاك لەوێنەکەدا روونکراوەتەوە. دەغڵەکە لەدۆڵەدانەکەوە (A) دەڕوا بۆ ئەو شوێنەی دنك دنك بەردەبێتەوە (B). شوێنی دند دنك کردنەکە بەئامێری (Q) بەسراوەتەوە کەلەگەڵ هەژانەوەی ئاشەکە دەلەرێتەوەو بەمەوە ئەو شوێنەی دانەکەی تێدایە دەهەژێتەوەو دانەکە دند دنك بەردەداتەوە بۆ کونی ناوەڕاستی بەرداشەکە. بەگۆڕانی ڕادەی لاری ئەو شوێنەی دانەکەی تێدا گیرساوەتەوە (B)، ڕێژەی هاتنە خوارەوەی دانەکە ڕێك دەخرێ. تەختەی (P) لەپشت و لەتەنیشتی بەرداشەکە دەچەقێنرێ بۆ ئەوەی لێ نەگەڕێ ئاردەکە لەهەموو لایەکەوە بۆ دەرەوە پەرت و بڵاو بێتەوە.



CamScanner

ئەم لێکدانەوە زیادەی خوارەوە تەنیا ئاماژەیە بۆ هێلکارییەکان.

لەوێنەی (١)دا، ئەو پێکهاتەی دۆڵەدانی دەغڵەکە رادەگرێ و تەختەی (P)و میکانیزمی رێکخستن و هەژانی ئەو شوێنەی دانەکەی تێدایە، لابراون. پێویستە ئەمە بزانین کەبەردی ژێرەوە (B) زۆر بەتوندی لەزەوی چەسپاوە، کەچی میکانیزمی خولاوەکە (F.G) بەرەهایی لەبۆشاییەکی هەڵکۆڵرای ژێر زەوی هەڵواسراوە.

لەوێنەی (٣)دا، خولێنکەکەو دامەزراندنی فیچقەی ناو تا بلێی سادەن و لاریی پەڕەکانی خولێنکەکە پشت گوێ خراوە. فیچقەی (L) لەراستیدا نەختێ لەسەرەوەی پەڕە خولاوەکانەو ئاراستەی داڕژانی ئاوەکە نەختێ لەخوارترە. بەم جۆرە، ئاو بەلاریی (٣٠) لەچەقی پەڕەکان دەدا، نەك بەئاسۆیی لەکۆتاییەکانی بدا وەکوو لەوانەیە هێلکارییەکە وای بگەیەنێ.

لەئیش پێکردنی ئاساییدا، مەکینەکە زۆر بەنەرم و شێنەیی ئیش دەکا، بەلام هەروەکوو رەچاو دەکرێ، لەگەڵ هەر ئیش پێ کردنێکی توندی ئامێرەکە، هەژانەوەی توندی زیاتر دەبێ.


PERSIA
AREA "A"
AREA "B"
SHAQLAWA
RANIA
MOSUL
GREAT ZAB
ERBIL
AREA "C"
ALTUN KOPRI
MAKHMUR
MAP 1
KIRKUK
TIGRIS R.
LITTLE ZAB
SCALE MILES
ALTITUDE FEET



CamScanner




SCALE MILES
ALTITUDE FEET

— MAP 2. —




LAND UTILISATION

WALASH VILLAGE SUMMER 1938

# لیستی وێنە فۆتۆگرافیەکان

١ـ خەڵك. ئاغایەکی گەنجی کورد، برازای عەلیاغای ڕایات.

٢ـ خەڵك. حەمەدەمیناغای ناوپردان و برا گەورەکەی و مەلایەکی میوان.

٣ـ ئەنوا. بیناسازی خانوویەکی نموونەیی، دەرگەلە.

٤ـ ئەنوا. (ڕەشماڵ)ی عەلیاغا لەڕایات. بەشە کراوەکەی لای نزیك (دیوەخانە)یە.

٥. خۆراك. کچێ مەشکە دەژەنێ. ئەم کردەوەیە، بەشێوەی ئاسایی سبەینان زوو ئەنجام دەدرێ.

٦ـ خۆراك. میوانێکە نانی خۆی دەخوا. خواردنەکە بریتییە لە: (نان) و شۆربای برنج و پلاوساوارو ڕۆن و خواردنەوەشی ماستاوە. تێبینی بکە کەکابرا پێش ئەوەی لەسەر خواردن دابنیشێ پێلاوی لەپێکردۆتەوە. هەروەها لەپاشخانەکە تێبینی شەکردانی کلۆ شەکر بکە لەتەنیشت پیاڵەکان.

٧ـ جووت و هەوجاڕ گوندی ڕایات.

٨ـ جووت و هەوجاڕ. وردەکاری. تێبینی بکە ئامێرەکە چۆن بەئاسانی لێك دەکرێتەوە.



CamScanner

٩- دەغڵ کوتان (گێرە) - شێوازی ناوچەی گردۆلکەکان، گوندی وەڵاش.

١٠- دەغڵ کوتان (جەنجەڕ) - شێوازی پێدەشت (سەیری لێدوانی ناو دەقەکە بکە).

١١- شنەبا. گوندی رایات

١٢- دارتاشی گەڕیدە، شنەی شەنەباکردن دروست دەکا.

١٣- جۆلایی. (بۆ بەراورد لەگەڵ هێلکارییەکان).

١٤- جۆلایی. (بۆ بەراورد لەگەڵ هێلکارییەکان)

١٥- ئاشی ئاو. (بۆ بەراورد لەگەڵ هێلکارییەکان بەتایبەتی وێنەی – ٢)

١٦- ئاشی ئاو. پەرە خولاوەکان.



CamScanner



(١)



( ٢ )



(٣)



( ٤ )



( ٥ )

CamScanner



CamScanner



( ٧ )



CamScanner



( ٨ )



(٩)



(١٠)



CamScanner



CamScanner



(١٣)



( ١٤ )



(١٥)



(١٦)